




دکتۆر حەسەن حەنەفی

وەرگێڕانی: محەمەد چیا


# ڕاست و چەپ
# لە فیکری ئایینیدا

## بەشی یەكەم
## ڕاست و چەپ لە فیكری ئایینیدا

ڕاست و چەپ دوو گوتە نین تەنها لە سیاسەتدا، بەڵكو بە شێوەیەكی گشتی دوو هەڵوێستن لە مەعریفەی مرۆیی و زانستە كۆمەڵایەتییەكاندا، هەروەها لە هەڵوێستی زانستی و ژیانی ڕۆژانەشدا بە شێوەیەكی تایبەتی. ئەركی ئێمەش لێرەدا خستنەڕووی ڕاست و چەپە لە فیكری ئایینیدا، هەم لە كولتووری كۆندا و هەم لە ویژدانی هاوچەرخماندا، وەك ئەوەی لە زانستی ئوسوڵی ئایین، لە زانستی یەكتاپەرستی، لە زانستی كەلام یان بە ویستی خۆت هەر ناوێكی تری لێ بنێ، كە لە كولتووردا بۆمان ماوەتەوە.

لەم لێكۆڵینەوەیەدا پشت نابەستین بە شیكاركردنە ئامارییەكان، ئەمە بوارێكە بۆ لێكۆڵینەوە كۆمەڵایەتییە پسپۆڕییەكان و نامە زانكۆییەكان، بەڵكو ئێمە پشت بە شیكاركردنی ئەزموونە زیندووەكان دەبەستین، هەروەها وەسفكردنی شارەزاییە هەستییە هاوبەشەكان كە هەمووان هەستی پێدەكەن، كە تەنها پێویستی بە جۆرێك لە ناخ پشكنین و بەرچاوڕوونی هەیە.

ئێمە لێرەدا ناچینە ناو جەنگی سەرخان و ژێرخانەوە، كامیان هۆكارە و كامیان دەرئەنجامە، چونكە ئەمە جەنگێكی ئەكادیمیی تەواوە، بەڵكو ئێمە هەوڵ دەدەین وەسفی دیاردە فیكرییەكان بكەین وەك ئەوەی هەیە و پەیوەندییەكی دیالەكتیكی لەخۆدەگرێت، هێندەی ئەوەش كە بیرۆكەكان گوزارشت لە واقیع دەكەن، واقیعیش ئاڕاستەكاری بیرۆكەكان دەبێت.

بەڵام ئەزمونی زیندوو بریتییە لە شیكاركردن، بە شێوەیەك كە سەرخان و ژێرخان بە تەنها خۆیان لە پەیوەندییەكی میكانیكی هەڵشكاو و داكشاودا نابن، بەڵكو بونیادێكی شعوریی هەیە كە تێیدا ئەم پەیوەندییە دیالەكتیكییە بەرپادەبێت، لەوێدا هەردوو جوڵەی هەڵكشان و داكشان لەنێوان هەردوو بونیادی سەرخانی و ژێرخانییدا، لە پنتی شعوردا یەكدەگرن كە لەوێدا بونیادی دیاردەی مرۆیی دیاریدەكرێت. لە كاتێكیشدا كە بونیادە شعوریەكان بە دەستەواژەی تەقلیدی بونیادی سەرخانن ئەوا ئێمە نزیكترین لەو تێڕوانینە ئایدیالیستییەوە كە دیاردە مرۆییەكان بە سەرخان ڕاڤە دەكات، لەم حاڵەتەشماندا كە بریتییە لە فیكری ئایینی، بە بێ كەوتنە ناو وابەستەبوونێكی هۆكاریی حەتمیی میكانیكییەوە، بەڵكو لە ڕێگەی وەسفكردنی ئەزموونە زیندوەكانەوە، كە تێیدا شێوازی تەقلیدی دەسڕێتەوە لە نێوان هۆكار و دەرئەنجامدا، هەروەها تێیدا جیاوازیی بڵاوی نێوان خود و بابەت دەسڕێتەوە. شیكاركردنی وەسفیی ئەوەیە كە پێی هەڵدەستێت نەك شیكاركردنی هۆكاریی، هەردووكیشیان وەكو یەك زانستن.

لەم وەسفەشماندا ئاماژە ناكەین بۆ واقیعێكی جیاواز لە واقیعی خۆمان وەك واقیعی ئەورووپی، كە لێیەوە زۆر جار بابەتی شیكاركردنەكان وەردەگرین، بەڵكو لە واقیعی ڕاستەوخۆی خۆمانەوە، و لە كولتووری زیندوومانەوە، و لە ئەزموونە شعورییە هاوبەشەكانمان و لە سیستەمە كۆمەڵایەتییە بەرپاكانمانەوە دەست پێدەكەم.

هەمووشیان كۆمەڵە هەوڵێكن ڕەنگە بیپێكن یان

نەپێکـن، بەڵکـو نەپێکانەکـە زیاتـرە لـە پێکانەکـەی، بـەڵام وەك مەسـەلەیەك بـۆ مشـتومڕکردن دەیخەینـەڕوو، بـۆ ئـەوەی بـوار بـۆ بیرمەنـدەکان و ڕۆشـنبیرەکانمان والا بکەیـن بـۆ پرسـیارکردن لـە بـارەی پەیوەسـتبوونی فیکـری ئایینـی بـە واقیعـی کۆمەڵایەتـی کاریگەرییـە هاوبەرامبـەرەکان لـە نێوانیاندا، هەتاوەکو وەها گومان نەبەیـن کـە فیکـری ئایینـی شـتێکی پیـرۆزە، بەڵکـو بریتییـە لـە بەرهەمـی مرۆیی وەك ئـەو ئایدۆلۆژیانـەی کـە لـە واقیعـی کۆمەڵایەتییـەوە سـەرچاوە دەگرن، پاشان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی سـەرلەنوێ کاری تێبکاتـەوە.

ڕاسـت و چەپیش دوو هەڵوێسـتی فیکریـی جیاواز نیـن، بەڵکـو لەگـەڵ ئەوەشـدا دوو ئاڕاسـتەن لـە ڕاڤەکردنـدا، ڕەنگە لـە فیکـردا ڕاسـت بـۆ بەرژەوەندیـی خـۆی سـوود لـە چـەپ وەربگرێـت، چەپیش لـە فیکـردا ڕەنگـە سـەرلەنوێ بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی ڕاسـت ڕاڤە بکاتـەوە.

ڕاسـت و چـەپ دوو هەڵوێسـتی فیکریـی لـە بنچینـەوە جیـاوازن، هـاوکات دوو میتـۆدن لـە ڕاڤەکردنیشـدا.

دواجـار چـەپ و ڕاسـت لـە فیکـری ئایینیـدا لـە بنچینـەدا دوو ڕەوشـی کۆمەڵایەتییـن و ئاماژە بـە بوونی دوو چینـی کۆمەڵایەتـی دەکـەن، هـەر چینێـك دەیەوێـت بەرگـری لـە مافەکانـی بـکات بـە بونیـادە تیۆرییـە فەراهەمبووەکانـی لـە کۆمەڵگـە تەقلیدییـەکان و لـە بیروبـاوەڕە ئایینییەکاندا. واتە بریتییـە لە مەسـەلەیەکی زانسـتی نـەك مەسـەلەیەکی تیـۆری، بونیادێکـی کۆمەڵایەتییـە زیاتـر لـەوەی حەقیقەتێکـی فیکـری بێـت.

یەکێـك لـە چینـەکان، کـە کەمینەیەکـی باڵادەسـتە و خـاوەن ئامرازەکانـی بەرهەمهێنانـە و دەسـتی بەسـەر حوکمـدا گرتـووە، هـەوڵ دەدات بـە شـێوەیەکی نـاڕەوا سـوود لـە چینەکانـی تـر وەربگرێـت بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی، کـە زۆرینـەن، بەشـێک لـەم هەوڵدانـە لـە ڕێگـەی فیکـری ئایینیـەوەیـە، واتـە ڕاڤەکردنـی بـۆ ئاییـن و بـۆ بەرژەوەندیـی خـۆی. هـەروەك چۆن چینەکـەی تـر کـە زۆرینـەی سـتەملێکراوە، هـەوڵ دەدات بـە هەمان چـەك سـەرلەنوێ ڕاڤـەی ئاییـن بکاتـەوە بـۆ بەرژەوەندیـی خـۆی و بـۆ زاڵبـوون بـە سـەر ئـەو کەمینەیـەدا. بـەم شـێوەیە ئایین چەکێکـی دوو سـەرە بەپێـی بەکارهێنانی، ئەمـەش مانـای ئـەو دەسـتەواژە بەناوبانگەیـە کـە دەڵێت «ئاییـن ئەفیونـی گـەل و هـاواری چەوسـاوەکانە».

زانسـتی ئوسـوڵی ئاییـن، کـە نموونەیـەك لـە فیکـری

**ئەو تاکەی کە دەست بە باوەڕداری دەکات وەك تیۆرێك بۆ مەعریفە، نزیکتر دەبێت لە گوێڕایەڵیی فەرمانڕەواکان و وابەستەبوون پێیانەوە. ئەو گەلەی خۆی ڕادەستی ڕاستییەکان دەکات بەبێ مشتومڕکردنیان، لە ڕاستیدا نزیکتر دەبێت لە ملکەچی**

ئایینیی هەڵگرتووە، لە بارەی دوو پێشەکی و بابەتێك، یان دوو بابەتی بۆ زیاددەکرێت وەك کۆتایی، پاشان دوانزە بابەتەکەی تر هەردوو ڕاست و چەپ بەم شێوەیەی خوارەوە کەمەندکێشی دەکەن:

1. پێشەکیی یەکەم بە خستنەڕووی تیۆری زانست دەست پێدەکات، یان وەك دەگوترێت تیۆری مەعریفە، ئەمەش وەك وەڵامدانەوەیەك لە بارەی ئەو پرسیارەوە: «چی دەزانم؟». پاشان دوو هەڵوێست ڕوون دەبنەوە: یەکەمیان «باوەڕ» دەکاتە ئامرازێك بۆ مەعریفە، باوەڕیش کردارێکی یەکەمینە و هیچ کردارێکی تر پێشی ناکەوێت؛ پەسەند دەکرێت و ڕەت ناکرێتەوە؛ پێی قایل دەبێت و نەیاریی ناکرێت؛ وەردەگیرێت و نادرێت. پاشان ڕۆڵی ڕوانین دێت لە پاساودانی باوەڕ و لێ تێگەیشتنی، بەبێ ڕەخنەگرتن لێی یان پوختەکردنی.

ئەمەش هەڵوێستی ڕاسترەوە؛ خۆسپاردن دەبێتە هۆی گوێڕایەڵی و ڕەزامەندیی بەوەی دەدرێتە گەڵ لە ڕاستەیەکان و پێویستە لەسەری قەبوڵیان بکات. ئەو تاکەی کە دەست بە باوەڕداری دەکات وەك تیۆرێك بۆ مەعریفە، نزیکتر دەبێت لە گوێڕایەڵیی فەرمانڕەواکان و وابەستەبوون پێیانەوە. ئەو گەلەی خۆی ڕادەستی ڕاستییەکان دەکات بەبێ مشتومڕکردنیان، لە ڕاستیدا نزیکتر دەبێت لە ملکەچی. پاشانیش، سیستمە ڕاسترەوەکان کار لەسەر بڵاوکردنەوەی باوەڕ دەکەن بەم ئامانجە، چونکە دەبێتە هۆی مانەوە و ڕاوەستان لەسەر ئەو دۆخ و بارەی کە هەیە و خۆ پێ سپاردن و ملکەچبوون لە ژێریدا. بۆیە ئەم سیستمانە بایەخ نادەن بە نەهێشتنی نەخوێندەواری یان بڵاوکردنەوەی فێرکردن، بەڵکو خەمی سەرەکییان بریتییە لە: بونیادنانی مزگەوت، زیادکردنی ڕێژەی لەدایکبوون، پشتیوانیکردنی تەریقەتە سۆفیگەرییەکان، زۆرکردنی نزا و پاڕانەوەکان و وتنەوەی وێردەکان، بڵاوکردنەوەی ستایش و پیاهەڵدان و گشتاندنی بەرنامە ئایینییەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، ئەمەش نەك لە باوەڕبوونەوە بێت بە ئایین، بەڵکو لە دووڕوویی و ماسکپۆشی و خۆحەشاردانە لەژێر پەردەی باوەڕداری لەناو کۆمەڵگەدا.

ناکرێت توندوتیژی و زۆرلێکردن و جەنگ، باوەڕ دروست بکەن، ئەو باوەڕەی کە دەبێت لە دڵەوە بڕاستێنرێت، و لە یەقینەوە سەرچاوە بگرێت، و ویژدان پێی بحەسێتەوە.

ئیسلام دانبەخۆداگرتنی کردۆتە «جیهاد»، بەڵکو کردویەتییە «جیهادی هەرە گەورە!»، بە هەمان شێوەی «حەج» و چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك و هەموو ئەو کارە «دروستانە»ی دەچنە ناو چوارچێوەی پەرستشەکانەوە. بەڵام جەنگان «القتال»ی کورتکردۆتەوە لەوانەدا کە «لەگەڵماندا دەجەنگن» لەبەر ئایینەکەمان، جەنگیان لەگەڵدا دەکەین هەتا واز دەهێنن لە دوژمنکارییەکەیان و ئازادیی بیروباوەڕمان بۆ دەگەڕێتەوە، ئەمەش ئەو ستەم و زۆرلێکردنە لادەبات کە بەسەرماندا سەپێنراوە، ئیدی ئایین هەمووی بۆ خودا دەبێت (وقاتلوا فی سبیل اللە الذین یقاتلونکم، ولا تعتدوا إن اللە لا یحب المعتدین. واقتلوهم حیث ثقفتموهم واخرجوهم من حیث اخرجوکم والفتنە اشد من القتل، ولا تقاتلوهم

عند المسجد الحرام حتى يقاتلوكم فيه فإن قاتلوكم فاقتلوهم، كذلك جزاء الكافرين. فإن انتهوا فإن الله غفور رحيم. وقاتلوهم حتى لا تكون فتنة ويكون الدين لله فإن انتهوا فلا عدوان إلا على الظالمين) (البقرە: 190-193).

ئەوەی لە گرنگیی ئەم مەسەلەیە زیاد دەکات، سروشتی جەنگان (القتال) و جەنگ (الحرب)ــە لە ئیسلامدا. ئەوانەی ڕەوایەتیی بە «جەنگی ئایینی» دەدەن و دەیکەنە تاکە جەنگێکی ڕەوا و جەنگە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکان و ...هتد ڕەت دەکەنەوە، یان لانی کەم چاو لەئاستیدا دادەخەن و لە پێگەکەی کەم دەکەنەوە. لە کاتێکدا چەپ وەها لە ڕوانین دەکات مەسەلەیەکی گشتی یان هەمەگیر بێت، تایبەت نەبێت بە تاکێکەوە بەبێ تاکێکی تر، یان چینێك بەبێ چینێکی تر، یان گەلێك بێ گەلێکی تر؛ زانایەك بوونی نییە و ئەوانی تر نەزان بن، گەلێك نییە پێشکەوتوو بێت و باقی گەلانی تر کێویی و نەزان بن.

دەکرێت چەپ سەرلەنوێ ڕاڤە بۆ دیماگۆگیەتی ڕاست (الیمین) بکاتەوە لە بەرژەوەندیی خۆیدا، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیدا کە هێشتا بە بیروباوەڕ و دۆکترینەکانی خۆی بیردەکاتەوە، ئەوەش بە ئاڕاستەکردنی بیروباوەڕ و دۆکترینی خۆی بۆ بەرژەوەندیی هەژاران و فەرامۆشکراوان و تەیارکردنی زەحمەتکێشان و ڕێکخستنیان لە چوارچێوەیەکی حزبییدا، بۆ ئەوەی ئەگەر گوڕا بۆ هێزێکی سیاسیی فشار دروستکەر و وزەیەکی شۆڕشگێڕیی پڕ لە گۆڕانکاری، بتوانێت لە دیماگۆگیەتەوە بگۆڕێت بۆ ڕۆشنبوونەوە، گواستنەوە و وەرچەرخانی لە باوەڕەوە بۆ بیرکردنەوە و ڕوانین.

2. پێشەکیی دووەم لە تیۆری بوون، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەخۆدەگرێت: «چی دەزانم؟». لێرەدا دوو هەڵوێست ڕۆشن دەبنەوە: یەکەم دەیەوێت بابەتی مەعریفە بکاتە بابەتێکی نوێی گۆڕاوی مومکین، کە مەبەست لێی ئەم جیهانە بێت کە تێیدا دەژین، هەتا بکرێت دوای ئەوە لە نوێوە بگوازرێتەوە بۆ کۆن، لە گۆڕاوەوە بۆ جێگیر، لە مومکینەوە بۆ واجب. جیهان لێرەدا مەحکومە بە لەناوچوون لەپێناو سەلماندنی بوونێك لە دوای ئەم جیهانەوە، کە بەقا و مانەوە بۆ ئەو دەبێت. حوکمدان بەسەر جیهاندا بەوەی بڕاوە و فانییە، حوکمێکی سەختە و هەستی مرۆڤ لەبەرامبەر جیهاندا تێکدەدات، چۆن مرۆڤ لە جیهانێکی فانی و بڕاوەدا کاربکات چۆن؟ چی تۆزێك لە قوڕی ئەو واقیعە هەڵدەستێنن کە نە جێگیرە و نە خاوەن قەوارەیە؟ جیهان لێرەدا شتێك نییە جگە لە سەلماندنی شتێکی تر، ئەویش خودایە. خودا باقییە و جیهان فانییە، خودا دەوڵەمەندە و جیهان هەژار و نەدارە. دەوڵەمەندیش دەتوانێت چی بوێت بە هەژاری بکات، هیچ یاسایەك نییە مافەکانی هەژار بپارێزێت تەنها ڕەحمەت و بەزەیی دەوڵەمەند نەبێت، هیچ ویستێکیش نییە لە ڕووبەڕووی دەوڵەمەنددا بوەستێتەوە، تەنها فەزڵ و ئیرادەی ئەو نەبێت. پاشانیش هیچ یاسایەکی جێگیر نییە بۆ سروشت، بەڵکو دەکرێت بەرد ببێتە ئاڵتون، و گۆچان ببێتە مار، و مرۆڤ لە جیهانێکدا بژی کە جادوو حوکمی دەکات و بە ئەفسانە و پڕوپوچی

دەرك دەكرێت، نە بڕوای پێدەهێنێت و نە ژیان دەكات تێیدا، بەڵكو خۆی لە سەریدا دەبینێتەوە بە شێوەیەكی لاوەكی و بە ڕێكەوت، هیچ ئامانجێكی نییە تەنها گەڕان نەبێت بە دوای ئەوەی لە دوای ئەم جیهانەوە هەیە.

ئەمەش بریتییە لە «ڕاست لە بیری ئایینیدا»، كە سیستمە ڕاستڕەوە كۆنەخوازەكان مژدەی پێ دەدەن و ئەوەی بە لایانەوە گرنگە داماڵینی جیهانی جەماوەری فریودراوە، و ئیحاپێدانیەتی بەوەی جیهانێكی فانی و بێ بەهایە، بەڵكو ئەوەی بەهای هەیە ئەو جیهانە نەبڕاوەیە كە لە دوای ئەم جیهانەوە دێت، پاشانیش جەماوەر دەستبەرداری مافەكانی دەبێت و لا ناكاتەوە بە لای ئەوەدا كە فانی و بڕاوە و لەكۆتاهاتووە، تەنها خوو بەوەوە دەگرێت كە باقی و هەمیشەییە لە سایەی سیستمە كۆنەخوازەكاندا، كە دەستی بەسەر زانستدا گرتووە و جگە لە ساختە و گومڕایی شتێك نابەخشێتە جەماوەر.

لە بەرامبەر ئەمەشدا، ئاڕاستەیەكی تر هەیە وەها لەم جیهانە دەڕوانێت، یاخود وەها لەم جیهانە دەكات باقی و سەقامگیر بێت، وەها دەكات كۆششی مرۆڤ بەرهەمهێن و كارتێكەر بێت. زانست مومكین نییە بەڵكو ئەركە، نوێ نییە بەڵكو كۆنە، ملكەچ دەبێت بۆ یاساگەلێكی سروشتی وردەكار و ڕێكوپێك، مرۆڤ دەتوانێت بیناسێت و لێی تێبگات و لە ڕێگەیەوە بەسەر سروشتدا زاڵ بێت و بۆ بەرژەوەندیی خۆی سوودی لێ ببینێت، هاوكات لە هەر هەوڵێك یاخی دەبێت كە بیهەوێت بە سەریدا زاڵ بێت یان دەست لە ڕەوتەكەی وەربدات، بەم پێیەش هەموو ویستە خۆسەپێن و هێزە زاڵەكان لەناودەبات، هیچ دەنگێكیش نییە بەرزتر بێت لە دەنگی سروشت، هیچ یاسایەكیش نییە زاڵ بێت بەسەر یاساكەیدا. جیهان ئامرازێك نییە بۆ شتێكی تر، بەڵكو خۆی لە خۆیدا ئامانجە، ئەم جیهانە فانی و بڕاوە نییە، بەڵكو باقی و بەرپایە، بوونی مرۆڤیش تێیدا لاوەكی نییە، بەڵكو جەوهەرییە.

ئەمەش بریتی بوو لە چەپ لە فكری ئایینیدا. لەبەرئەوەی لە سیستمە سیاسییە دامەزراوەكان لەسەر ئەم تێڕوانینە، كار بەرهەمهێن دەبێت لە جیهاندا و لای جەماوەر ئاگایی هەیە سەبارەت بە جیهان، هەروەها متمانە بە یاسا ڕێكوپێك و وردەكانی هەیە، پارێزگاری لە مافەكانی دەكات و بەرگری لە بەرژەوەندییەكانی دەكات لە دژی هەموو هەوڵەكانی زاڵبوون و دەسەبەسەرداگرتن لە دەرەوە، و لە دژی هەموو وێنەكانی ستەم و زۆرلێكردنی كۆمەڵایەتی و سیاسی لە ناوەوەدا. جەماوەر خاوەن قسەی باڵایە، جەماوەر متمانەی هەیە لە كاردا و لەو كاریگەرییانەی بەجێی دەهێڵێت، حوكمڕانییش هەر بۆ ئەو دەبێت. پاشانیش سیستمی دیموكراسی سەرپشك دەكات كە لە بەرژەوەندیی ئەم كاردەكات، لە دژی هەر هەوڵێكیش ڕادەپەڕێت كە بیهەوێت ئەو دەسەڵاتە بۆ خۆی قۆرخ بكات و لە بەرژەوەندیی خۆی بەكاریبهێنێت.

ڕەنگە باڵی ڕاسترەو ئەم هەڵوێستەی چەپ بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەكاربهێنێت، كاتێك حەتمیەتی یاساكانی سروشت و ڕێكوپێكییان بە شێوەیەك شرۆڤە

دەکات کە لە بەرژەوەندیی سیستەمە خۆسەپێن و سەرمایەدارییەکاندا بێت، وەها دەکات یاسای خواست و خستنەڕوو، یان پەیوەندیی نێوان خاوەن سەرمایە و کرێکاران دەکاتە پەیوەندیی فەرماندەر یان سەرۆك لەگەڵ ژێرفەرمانەکانی، یاخود یاساکانی قازانج و قۆرخکاری دەکاتە یاساگەلێکی سروشتی و ژیانی ئابووری لەسەری دەوەستێت. پاشانیش ئەم سیستمانە دەبنە ئەو سیستەمە سروشتییانەی کە سروشتی کاروبارەکان دەیسەپێنن، هەروەك چۆن ڕەنگە سوود لە مانەوەی جیهان و بەردەوامی و پتەوی و تایبەتمەندییەکەی وەربگرێت وەك بوارێك بۆ چالاکیی خاوەنکارەکان بەتەنها و بەبێ کرێکارەکان، هەروەها بۆ بەرژەوەندیی چینی زاڵ و باڵادەست بەبێ چینە زەحمەتکێشەکان، کە جیهان سەبارەت بەمەی دواییان تەنها وەك پەراوێزێك دەمێنێتەوە کە ڕاستی و دادپەروەریی تێدا نییە، هەتاوەکو خاوەنکار چالاك بکات و کرێکارەکانیش ملکەچ و ژێربار، هەتاوەکو خاوەن زەوییەکان چالاك بکات و جوتیارەکان و کرێگرتە کشتیارەکان بخەوێنێت. بەڵام کۆتاییهێنان بە تایبەتمەندێتی یان پسپۆڕیەتی لێکۆڵینەوە و تێڕوانین، و جەختکردنەوە لە جێگیریی جیهان بۆ هەمووان، ڕەنگە ببێتە هۆی کۆتایی پێهێنانی بەکارهێنان و قۆستنەوە و سوودگیریی «ڕاست» لە هەڵویستی «چەپ».

هەروەك چۆن دەکرێت چەپ سەرلەنوێ ڕاڤەی هەڵویستی ڕاست بکاتەوە لە بەرژەوەندیدا، ئەوەش بە پشتبەستن بە ناحەتمیەتیی یاساکانی سروشت بۆ بەرژەوەندیی هۆشیارکردنەوەی جەماوەریی، سیستمی سەرمایەداریش سیستمێکی هەتاهەتایی نییە، بەڵکو دەکرێت بگۆڕدرێت، هەروەها سیستمی کرێ کە سەرمایەدار دەیسەپێنێت، سیستمێکی جێگیر نییە و دەکرێت هەموار و ڕێککاریی تێدا بکرێت. ئەم سیستەمەش، کە تێیدا کەمینەی باڵادەست پێی وایە نایابترین داهێنراو و بەرهەمی عەقڵی مرۆیی، قابیلی ئەوەیە شۆڕشی بە سەردا بکرێت و سەرەونخون بکرێتەوە. پاشان جەماوەریش بە هەمان ئەو چەکە دەجوڵێتەوە کە کەمینەی باڵادەست بەسەر دارایی و فەرمانڕەواییدا، دەیویست بەکاریبهێنێت بۆ بێدەنگکردنی جەماوەر و سەپاندنی ویستەکانی بەسەریدا بەو جۆرەی کە دەیەوێت.

3. دوای ئەو دوو پێشەکییەی سەرەوە، بابەتی یەکەم وەک بابەتی زاتی ئیلاهی دەردەکەوێت، کە ئەوەش بەردی بناغەیە لە زانستی بیروباوەڕ و عەقیدەدا و بنچینەی یەکەمیەتی. دوو ئاڕاستەش بەدیاردەکەوێت، یەکەم: ئەم زاتە شەش سیفەت یان شەش وەسفی هەیە: بوون، کۆن، مانەوە، پێچەوانەی نوێکان، نەبوونی لە شوێنێکدا، یەکتایی؛ واتە زاتی ئیلاهی لە ڕاستیدا هەیە و بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە، کۆنە و سەرەتای نییە، باقی و کۆتانەهاتووە، دژ بە نوێکانە و هیچ شتێك لەو ناچێت و لەهیچ شتێکیش ناچێت، لە شوێن و جێگەیەکی تایبەتدا نییە و لە هەموو شوێنێکیشدا هەیە، تاك و تەنهایە و هاوەڵ و فرەیی قەبوڵ ناکات، پاشانیش خود بە خوداوەند دەکرێت و هەموو ئەو وەسفانە دەدرێتە پاڵی کە مرۆڤ دەتوانێت بیداتە بوونی ڕەها لە دەرەوەی بوونی مرۆییەوە و سەربەخۆ لێی.

ئەمــەش هەڵوێســتی بــەرەی ڕاســتە (الیمیــن): ئێمــە ئەگــەر گواســتمانەوە بــۆ سیســتمە سیاســییەکان، کــە بەرهەمهێنــەری ئــەم وێناکردنــەن، ئــەوا دەبینیــن پشــت بــەم چەســپاندنە دەبەســتێت بــۆ زاتــی ڕەهــا لەپێنــاو چەســپاندنی ئــەو سیســتمە کۆمەڵایەتییانــەدا کــە دەیانەوێــت هەمــوو دەســەڵاتەکان لــە یــەك دەســەڵاتی بــاڵادا کۆبکەنــەوە، کــە هەمــوو ســیفەتەکانی بوونــی ڕەهــای تێدایــە، ئیــدی ئــەوە لــە دەســەڵاتی سیاســی ڕەهــای ســەرۆکدا بەرجەســتە بێــت یــان لــە دەســەڵاتی ئابووریــی ڕەهــای ســەرمایەدا بێــت، و پاشــانیش سیســتمگەلێکی خۆســەپێنەرمان دەبێــت کــە لەســەر زۆرلێکــردن و گومڕایــی ڕادەوەســتن و لەســەر مافــی ڕەهــای تــاك لەســەر حســابی گــەل، یــان سیســتمگەلێکی ســەرمایەداری کــە دامــەزراوە لەســەر پێدانــی ئازادیــی ڕەهــا بــۆ ســەرمایە لەســەر حســابی بەکاربــەران یــان حســابی ســەرمایەگوزارییە بچوکــەکان یــان لەســەر حســابی کرێــکاران. ئەویــش ئــەو سیســتمانەن کــە وەهــا دەکــەن «لوتکــە» لــە سیاســەت یــان ئابووریــدا، ســەرچاوەی چالاکی و جوڵە و بەها بێت لەسەر حسابی خــوارەوە و بنکــەی وەرگــر و نێگەتیڤــی فەرمانبــەردار. وێــڕای ئــەوەی ئــەم جــۆرە لــە بــاوەڕ بــە بوونــی ڕەهــا و گشــتگیر، جۆرێــك لــە ملکەچبــوون دەداتــە جەمــاوەر بــۆ ئــەوەی پشــت بــە دەســەڵاتەکەی ببەســتێت. ئەگەریــش هەمــوو شــتێك لەناوچــوو، ئــەوا لانــی کــەم شــتێك دەمێنێتــەوە کــە زاتــی ئــەوە، ئەگەریــش هەمــوو شــتێك زانــرا ئــەوا لانــی کــەم یــەك شــت هەیــە کــە خــودی بوونــە، ئەگەریــش هەســتکردن بــە کات و مێــژوو

نەمــا و مــرۆڤ نەیزانــی کــەی هاتــووە و کــەی کۆتایــی دێــت و لــە چــی قۆناغێکــی مێــژوودا دەژی، ئــەوا لانــی کــەم «ئەوێــك» هەیــە کــە هەمیشــەییە، و نــە ســەرەتای هەیــە و نەکۆتایــی، ڕابــردوو و ئێســتا و داهاتــووش لەخۆدەگرێــت، ئەگــەر مــرۆڤ نەیتوانــی لــە جیهانــدا شــوێن و جێگەیــەك بدۆزێتــەوە تێیــدا نیشــتەجێ بێــت، ئــەوا لانــی کــەم کەســێك هەیــە کــە پێویســتی بــە شــوێن یــان جێگــە نەبێــت، ئەگەریــش مــرۆڤ نەیتوانــی دەرك بــە مەســەلە عەینییــەکان بــکات بــە هــۆی بوونــی دەمامــك لەســەر چاوەکانــی، ئــەوا لانــی کــەم دەرککردنێکــی ئاڵــۆز هەیــە بــۆ ئــەوەی کــە هاوشــێوە و وێکچــووی نییــە، دەرك نەکردنیــش باشــترە لــە دەرککــردن! ئــەو بابەتــەی کــە نابینرێــت باشــترە لــەوەی کــە دەبینرێــت، پوختــە ڕێزدارتــرە لــە ناپوخــت و خەوشــدار. ئەگەریــش مــرۆڤ هەمــوو شــتێکی لەدەســتدا، ئــەوا لانــی کــەم شــتێك هەیە لەدەســتی نــەداوە، ئەویــش یەکتایــی خودییــە. پاشــانیش مــرۆڤ «ون بــوو» دەبێــت، کەچــی وەهــا دەزانێــت خــۆی دۆزیوەتــەوە. ئــەو «لەدەســتچوو» دەبێــت کەچــی وەهــا دەزانێــت گەیشــتۆتە کەنــاری دڵنیایــی. ئــەوەی خۆشەویســت لەدەســت بــدات خــودی خۆشەویســتیی خۆشــدەوێت، هەتــا قەرەبــووی ونبووەکــەی بکاتــەوە، زیانەکــەی دەگۆڕێــن بــۆ دەســتکەوت و لاوازیــی دەگۆڕێــت بــۆ هێــز.

لــە بەرامبــەر ئەمەشــدا، ئاڕاســتەیەکی تــر هەیــە وەهــا لــە مــرۆڤ دەکات ببێتــە ئــەو هەبــووەی کــە هیــچ کەســێك گومــان لــە بوونــی نــاکات و هیــچ شــتێك ناتوانێــت نەیهێڵێــت. ئەو[یــش] کۆنــە، بــەو مانایــەی حەقیقــەت ئەزلییــە و ناکرێــت گومانــی لــێ بکرێــت، ئەویــش باقــی

و هەرماوەیە، بەو مانایەی مەحاڵە بتوانرێت فەنا بکرێت و ببڕێتەوە، پێویستی بە شوێن نییە چونکە مرۆڤ لە هەموو شوێنێك بوونی هەیە و مرۆڤایەتی شوێن و کات سنووورداری ناکەن، ئەو لە هیچ شتێك ناچێت و هیچ شتێك لەم ناچێت، چونکە ئەو شتانێك تێدەپەڕێنێت و جیاواز دەبێت لێیان. پاشانیش، ئەم ئاڕاستەیە زاڵ دەبێت بەسەر هەر دیاریکردن یان نیشتەجێکردن یان چەسپاندنێکی «خود»دا، تایبەتیترین تایبەتمەندییەکان دەگێڕێتەوە بۆ مرۆڤ، کە بریتییە لە خودێتی و ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ جوڵە و چالاکی و کۆشش و خەبات بۆ ژیانێکی خودیی تێیدا نەك بەجێهێشتنی.

ئەوەش هەڵوێستی چەپ (الیسار) بوو. سیستمە سیاسییەکان کاتێک ئەم تێڕوانینە تەبەنی دەکەن، دەبنە سیستمگەلێکی مرۆیی کە لەسەر داننان بە مرۆڤدا دەوەستێت وەك بەهایەك، لەمەدا جیاوازیی نییە لەنێوان فەرمانڕەوا و ژێرفەرماندا، یان سەرۆك و خەڵکەکەیدا، یان دەوڵەمەند و هەژار، یان پیاو و ژن، هەموو مرۆڤێك خاوەن خودی خۆیەتی، نەك تەنها فەرمانڕەوا یان سەرۆك یان بەڕێوەبەر، ئەوانی تر خەڵکە ڕەشۆك و هەرچی و پەرچییەکە بن کە نانە ڕەشەکە بۆ ئەمانە و بۆ ئەوانی تر نانی سپی، یان ئەوانەی لەناو پاسە گشتییەکاندا هاتوچۆ دەکەن و ئەوانی تر لە گالیسکە تایبەتییەکاندا، یان ئەوانەی کە لە شوێنە میللییەکاندا نیشتەجێ دەبن و ئەوانی تریش لە ڤێلا تایبەتییەکاندا.

ڕەنگە «ڕاست» هەوڵ بدات ئەم مەیلە مرۆییە بۆ بەرژەوەندیی خۆی ڕاڤە بکات و سیستمی لیبڕالیزمی ڕاسترەو بونیاد بنێت، کە جەخت لە مرۆڤبوونی تاك دەکاتەوە و سیستمی سەرمایەداری وەك میراتگرێکی شەرعیی ڕاسترەوەی لیبرالی نیشان دەدات. هەروەك چۆن لەناو سیستمی خۆرئاواییدا ڕەگەزپەرستی پەیدا دەبێت، کە جەخت لە مرۆیەتیی خۆرئاوا دەکاتەوە بە تەنها و بێ گەلانی تر. بەڵام چەپی ئایینی ئەم ڕاڤەکردنە ڕاسترەوییە بۆ هەڵوێستی خۆی بەکاردەهێنێت و وەها لە مرۆڤایەتی دەکات گشتی بێت و تایبەت نەبێت بە تاکێك بێ تاکێکی تر، یان چینێك بەبێ چینێکی تر، یان گەلێك بێ گەلێکی تر. دەکرێت چەپ سەرلەنوێ ڕاڤەی ئەوە بکاتەوە کە ڕاست پشتی پێ بەستووە بۆ بەرپاکردنی سیستمی سەرکوتکردن و خۆسەپاندن، بەتایبەتی لای گەلێك کە بە قۆناغی باوەڕی تەقلیدییدا گوزەر دەکات، ناتوانێت دەستبەرداری بیرۆکەی هەبووی ئەزەلی و باقیی ببێت، ئەوەش بە ڕاڤەکردنی ئەم ڕەهاییە بۆ بەرژەوەندیی لاوازەکان و ئاڕاستەکردنی ئەم هێزە لە دژی بەهێزەکان. خودا بوونی هەیە لە سەروو هەموو هەبوویەکەوە. لەبریی ئەوەی بەهێزەکان لە دژی لاوازەکان بەکاریبهێنن، لاوازەکان لە دژی بەهێزەکان بەکاریدەهێنن، ئەمەش نزیکترە لە سروشتەوە. خودا گەورەترە لە سەروو هەموو گەورەیەکەوە، خودا گەورەتر نییە لە سەروو هەموو بچوکێکەوە، خودا بەهێزترە لە هەموو بەهێزێك، نەك خودا بەهێزتر بێت لە هەموو لاوازێك، هەبووی ڕەها لێرەدا بۆ سەرلەنوێ خولقاندنەوەی ئەوانەیە بوونیان لەژێر هەڕەشەی لەناوچووندایە و بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بوونیان لە نەبوونەوە بخولقێنرێتەوە.

4. زاتی ئیلاهیش کە ئەم شەش سیفەتەی هەیە و ئاماژەن بۆ پەیوەندیی خود بە خۆیەوە، سیفەتگەلێکی تری هەیە ئاماژە بە بوونی ئەم خودە دەکات بە جیهانەوە، ئەویش ئەو حەوت سیفەتە بەناوبانگەیە کە لە پێشینەکانمانەوە بۆمان ماوەتەوە: (زانست، توانا، ژیان، گوێ، چاو، قسە، ویست [ئیرادە])، کە سیفەتگەلێکی ڕەهان وەك سیفەتەکانی خود، دەستنیشانکراو بەو مانایەی کە وەسفی هەبوویەکی زیندوو دەکات کە خاوەن زانست و ئیرادەیە. پاشانیش گرنگترین سیفەتەکان لە مرۆڤ دادەڕنێت، واتە زانست و توانا و ژیان؛ گوێ و چاو دوو ئامڕازن بۆ زانست، قسەش بۆ گوزارشتکردن و گەیاندن و بەشداریکردنە لە ژیاندا، ئیرادەش بۆ جێبەجێکردنی توانا. مرۆڤ هەبوویەکی زیندووە خاوەن زانست و ئیرادەیە، واتە ژیان دوو لایەنی هەیە: ڕوانین و کارکردن. بەڵام گۆڕینی ئەوە بۆ بتێکی عەقڵیی جێگیر و مردوو، بریتیە لە جۆرێك لە بتپەرستیی نائاگایی.

ئەوەش بریتی بوو لە هەڵوێستی «ڕاست». سیستمە سیاسییەکان کە لەسەر ئەم بنچینەیە دەوەستن، پشت بە «بەخوداکردن» دەبەستن، بەخواکردنی فەرمانڕەواکان و بەخوداکردنی سەرۆك و سەرکردەکان، لوتکە بەهایەکی زیاتری هەیە لە بنکە، لوتکە بریتییە لە کەماڵ و بنکە بریتییە لە کەموکوڕی، لوتکە بریتییە لە ژیانی زانا و بەتوانا بەبێ بنکە، کە سیفەتی ئیرەیی هەیە واتە مردن و نەزانی و نەتوانایی، ئەمەش سیفەتی جەماوەرە، کەڕولاڵ و کوێر! لە سیستمە سەرمایەدارییەکانیشدا سەرمایە خاوەن هەموو سیماکانی ژیان و زانست و توانایە، ئەو سەرمایەیەکی جوڵاو و چالاکە، درێژدەبێتەوە وەك جاڵجاڵۆکە، وەك ئەوەی لە کۆمپانیا فرەنەتەوەکاندا هەیە، ئەو زانایە و دەبیستێت و دەبینێت، هەڵدەستێت بە ڕێنوماییکردن و ئاڕاستەکردنی دەنگەکان و دیاریکردنی نرخەکان.

بەڵام ئاڕاستەکەی تر [واتە چەپ]، هەوڵ دەدات ئەم سیفەتانە بەدەستبهێنێتەوە کە تایبەتترین تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە. مرۆڤ ئەو زانا و بەتوانا و زیندووەیە کە دەبیستێت و دەبینێت و قسەدەکات و خاوەنی ویست و ئیرادەیە، پاشانیش جێگیری یان چەسپاوی دەگۆڕێت بۆ جوڵە، «بەخوداکردن» دەگۆڕێت بۆ چالاکی و دەرەوە دەگۆڕێت بۆ ناوەوە، سەرکوتکردن و زۆرلێکردن بۆ ئازادبوون. مرۆڤ تەنها ئەوە «بەخودا دەکات» کە ناتوانێت بەدیبهێنێت، ناپەرستێت تەنها ئەوە نەبێت کە ناتوانێت بەدەستیبهێنێت. ئەگەر نەزان بوو دەبێتە کۆیلەی زانست، ئەگەر بێتوانا بوو ئەوا توانا «بەخودا دەکات»، ئەگەر مردوو بێت شەیدای ژیان دەبێت، ئەگەریش کەڕ بێت بە هیوای بیستن دەبێت، ئەگەر کوێر بوو ئەوا بە هیوای چاو دەبێت، ئەگەر لاڵ بێت ئارەزوی قسەکردن دەکات، ئەگەر بێتوانا بوو هیوای ئیرادە دەخوازێت. بەڵام ئەگەر ئامانجی مرۆڤ بەدیهات لە ژیاندا، مرۆڤ بووە زانا، بەتوانا، زیندوو، بیسەر، بینەر، قسەکەر و بەتوانا، ئەوا بە ڕاستی و کردەوە سیفەتەکانی بەدیدەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ جیهانەکەی خۆی، دوای ئەوەی لە جیهانێکی تر ئاوارە و نامۆ بوو، کەسێتیی پەرت بووبوو، ئەو لە

جیهانی نەزانی و بێتوانایی و مردندا دەبێت و وەها دەزانێت بە شەوق و خولیاکانی، زانست و توانا و ژیانی بەدەستهێناوە.

ئەوەش هەڵوێستی چەپە. ئەویش لەبەرئەوەی سیستمە پێشکەوتووخوازەکان دەیانەوێت سەرلەنوێ بونیادی مرۆڤ بنێنەوە وەك زانا و بەتوانا و زیندوو، کە زاڵ بێت بە سەر سیماکانی نەزانی و نەتوانایی و گیانەڵلاکانی مردندا، کە مرۆڤ هەموو ڕۆژێك یەخەی مرۆڤ دەگرێت. ئەگەریش فێرکردن بڵاوبوەوە زانست بەدیدێت، ئەگەریش دامەزراوەکان بەرپابوون کە وا لە گەل دەکەن بتوانێت مومارەسەی مافە سیاسییەکان بکات و سیاسەت و پلاندانان بۆ بەرژەوەندیی خۆی ئاڕاستە بکات، ئەوا توانا دەستەبەر دەبێت، ئەگەریش گەل سەربەخۆ و پێشکەوتوو بێت ئەوا ژیانی بۆ فەراهەم دەبێت، ئەگەر ئەو خاوەنی قسە بوو، زاڵ بوو بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، ئەوا بیسەر و بینەر و قسەکەر و سەرکەش دەبێت و ئارەزووەکانی بەدیدەهێنێت.

ڕەنگە «ڕاست» هەوڵبدات سوود لە هەڵوێستی چەپ وەربگرێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی، ئەوەش بە گۆڕینی سیفەتەکان بۆ ڕووداوگەلێکی زیندوو، بەڵام بۆ کەمینەی زاڵ ئەوەی بە تەنها کە زانا و بەتوانا و زیندووە و دەبیستێت و دەبینێت و قسە دەکات و دەخوازێت. جگە لەمە بە نەزان، مردوو، کەڕولاڵ و کوێر دەمێنێتەوە و هیچ شتێکی ناوێت، بەڵکو هیوا دەخوازێت پێچەوانەی ئەمە ببێت بە وەهم یان خەیاڵ. کەمینە وەها لە زۆرینە دەکات لە جیهانی خوازیارییدا بمێنێتەوە، پەرستگاکانی بۆ بونیاد دەنێت تا لە جیهانی خوازیاری و ئومێدەوارییدا بمێنێتەوە، چەندێکیش ئەم ڕەوشە بەرەو پێشەوە بچێت ئەوا زیاتر زۆرینە لە داواکردنی مافەکانی دوردەکەوێتەوە. ڕەنگیشە ڕەگەزپەرستی شارستانییش، سوود لەم هەڵوێستە وەربگرێت، ئەمەش بەوەی وەها لە خۆرئاوا بکات خۆی زانا و بەتوانا و زیندوو بێت و گەلانی تر نەزان و بێتوانا و مردوو بن، مەحاڵیشە گەلانی تر بگەنەوە بە گەلی یەکەمی هەڵبژێردراو. بەڵام چەپ ئەم بەدیهاتنە بۆ هەمووان دەگشتێنێت، بەبێ جیاوازی لەنێوان کەمینە یان زۆرینەدا، هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی پرۆژە کردارییەکانی و بەرنامەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ لەناوبردنی نەزانی، هەروەها حزبی جەماوەری بونیاد دەنێت لەپێناو پارێزگاریکردن لە توانای جەماوەر و کارابیەکەی، هەروەها پێداگر دەبێت لەسەر ئاگایی و هۆشیاریی گەل، چونکە لە هۆشیارییدا ژیانی هەیە. هەروەها چەپی ئایینیش دەتوانێت سەرلەنوێ ڕاڤەی هەڵوێستی ڕاست بکاتەوە بۆ بەرژوەندیی خۆی، ئەوەش بەوەی وەها لەم سیفەتانە بکات بیانکاتە نموونەی باڵا کە مرۆڤ بەرەو بەدیهاتنیان پەلکێش بکات، کە دەبێتە پێوەر بۆ ڕەفتارەکانی و، پێوانەیەك بۆ ئەوەی بەدیهاتووە لێی و ئەوەی کە بەدینەهاتووە، پاشانیش ئەم نموونەیە دەبێتە ئەوپەڕی ئامانج بۆ مرۆڤ نەك دامرکاندنەوە و هێورکردنەوە، چەسپاندن، بەخوداکردن، ڕازیکردن و ئاگایی پێدان.

5. ئەگەریش لە خود و سیفەتەکانەوە گواستمانەوە بۆ کردارەکان، ئەوا هەروەها دوو هەڵوێست بەدیاردەکەون: یەکەم وەها لە کردارەکانی خود دەکات ڕەها و هەمەگیر

بن و هیچ شتێك سنوورداریان نەكات و هیچ كردارێكی تر لەبەردەمیدا نەوەستێت. لێرەوە باوەڕی قەزا و قەدەر پەیدا دەبێت، هەروەها جێگیركردنی فەرمانی گشتگیرانەی خودا كە هەموو شتێك لەخۆدەگرێت، لەگەڵ چەسپاندنی فەرمانی خودا كە پەیوەندیی بە هەموو مرۆڤێكەوە هەیە و ژیانی دەسازێنێت. مرۆڤ بەشێكە لەم جیهانە، قەزا و قەدەری خودا بە سەریدا زاڵ دەبێت، ئەم خاوەنی هیچ توانایەكی سەربەخۆ یان ویستێكی تایبەت نییە، پاشانیش خاوەنی بڕیاری خۆی نابێت یان سەرچاوەی سازاندنەكانی. كرداری خودایی هێشتا ئەو مەرجدانەرە و كرداری مرۆییش مەرجە، ئەگەریش ئەم كردارە خوداییە بەدینەهات، ئەوا كرداری مرۆییش بەدینایەت. كرداری خودایی هاوشێوەی ئۆتۆمبیلێكە سەركەوێت بۆ لوتكەی چیایەك، كرداری مرۆییش هاوشێوەی پاسكیلسوارێكە دەستی بە ئۆتۆمبیلەكەوە گرتبێت. هیچ مانەوەیەكیش نییە بۆ كرداری مرۆیی لە خودی خۆیدا، بەڵكو كرداری خوداییە دایدەنێت و لەخۆی دەگرێت. كرداری خودایی پێش كرداری مرۆیی دەكەوێت و لەگەڵیدایە و لە دوایەوەیەتی، كرداری مرۆییش شتێك نییە جگە لە شوێنكەوتەیەك بۆ شوێنكەوتە، هەموو ئەوەش ڕوودەدات لە كردارەكانی هەست لە ڕێنوێنی بوون یان گومڕابوون یان سەركەوتن یان شكست بە هۆی كرداری مرۆییەوە ڕوودەدات. هەموو ئەوەی ڕوودەدات لە دەرەوە، لە دیاریكردنی وادە و ڕزق و نرخەكان، بە هۆی كرداری خوداییەوە ڕوودەدەن، نەك ئەنجامی ڕەوشە كۆمەڵایەتییەكان بن، ئەمەش هەڵوێستی ڕاستڕەوی ئایینییە.

ئەگەریش گواستمانەوە بۆ سیستمە سیاسییە گریمانەكراوەكان، ئەوا دەبینین جەخت لە دەسەڵاتی ڕەهای تاك دەكاتەوە، جەخت دەكاتەوە لە توانا گشتگیرەكەی و لە ئەولەویەتی كرداری فەرمانڕەوا بەسەر ژێرفەرماندا، كەسی ژێرفەرمان لەنێو پەنجەكانی فەرمانڕەوادایە چۆنی بوێت هەڵیدەگێڕێتەوە. سیستمە دیكتاتۆرییەكان ڕەواج بە بیرۆكەكانی قەزا و قەدەر دەدەن و ئەوەی مەیلی بە لای ئەو ئاڕاستەیەدایە كە جەماوەر هیچ شارەزاییەكی نییە لە كاروبارەكانیدا هەتا دوایین ئەو شتانەی كە بۆی ماوەتەوە لە نموونە میللییەكان و گۆرانییەكانی ڕۆژانەمان و دەستەواژەكانی پرسە و خەمەكان، كاتێك نەهامەتییەكان ڕوودەدن و داوای ئارامی و سەرخۆشی و دڵسارێژیی دەكەن.

هەڵوێستەكەی تریش ئەوەیە كە ئازادی مرۆڤ و سەربەخۆیی ویستی ئەو دەچەسپێنن، مرۆڤ خولقێنەری كردارەكانی خۆیەتی و خاوەنی بڕیارەكانیەتی، كرداری مرۆڤ یەكەم و دەستپێكن و مەرجدار نیین، كرداری بنچینەییە و شوێنكەوتە نییە، ئەمەش هەڵوێستی چەپە. سیستمە سیاسییە پێشكەوتووخوازەكانیش ئازادی و تواناكی مرۆڤ دەچەسپێنن و مرۆڤ خاوەن توانا و توانای كردارییە كە پێش كردار دەكەوێت لە شێوەی دید و ڕامان و چاوەڕوانی و پلاندانانادا، لەگەڵ كرداردا لە وێنەی هۆ و چالاكی و جوڵە و بەدیهاتن، لە دوای كردارەوە لە شێوەی مانەوە و بەردەوامی بۆ شوێنەوارەكانی كردار بۆ ناكۆتا، هەتا دەبێتە سوننەتێك بۆ شوێنكەوتن و پێشەنگێك بۆ نەوەكانی داهاتوو. هەروەك چۆن

جەخت لەوە دەکاتەوە کە جەماوەر خاوەنی بڕیارە، هەروەها پێداگیری دەکات لەسەر مافی چارەی خۆنووسین و مافی گوزارشتکردن و ئازادیی وتن و کارکردن، وەك پراکتیکێك بۆ ئازادیی مرۆڤ و مومارەسەکردنی ئەو ئازادییە.

لەوانەیە «ڕاست» ئازادیی مرۆڤ بۆ بەرژوەندیی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت. سیستمە لیبراڵییەکان لەسەر بنچینەی ئازادیی مرۆڤ دەوەستن لە هەموو شێوازەکانیدا، بەڵام ئازادیی کەمینە لە دژی زۆرینە و ئازادیی مومارسەی سێکس و ئەنجامدانی توندوتیژی و تاوان، ڕەفتاری ئاژاوەگێڕیی گشتگیر، هەروەك چۆن ڕەنگە ببێتە ڕاگەیاندنێك بۆ مافەکانی مرۆڤ و جەختکردنەوە لە ئازادییەکانی تەنها لە خۆرئاوادا، بەڵام گەلانی تر ئەوا شیاو نین تەنها بۆ شوێنکەوتەیی و گوێڕایەڵی و لاسایکردنەوە نەبێت. بەڵام هەڵوێستی چەپ کرداریی ئازاد دەبەستێتەوە بە بەرپرسیارێتییەوە و بە شێوەیەك کەوا کردەوەکانی مرۆڤ پابەند دەبێت بە مەسەلەکانی واقیع و بەدیهێنەری بەرنامەکانی پەرەسەندنی. ڕەنگیشە چەپ هەوڵ بدات وا ڕاڤەی جەبرییەت یان بیروباوەڕی قەزاوقەدەر لە بەرژەوەندیی خۆی بکات بە تایبەتی لەو گەلانەدا کە هێشتا دیلی نەریتەکان و گوێڕایەڵیی ترادسیۆنە بەجێماوەکانن. ئەوەش بە چەسپاندنی ئازایەتیی ڕەها و جەختکردنەوە لە ڕۆڵی پاڵەوانانەی مرۆڤ، ئەگەریش مردن نووسرابێت ئیدی ژیانی سەرشۆڕیی بۆچی باشە؟ ئەمەش ئەوە بوو کە ئەفغانی پێشتر هەوڵیدا بەکاریبهێنێت لە سەرلەنوێ ڕاڤەکردنی بیروباوەڕی قەزاوقەدەردا بەو شێوەیەی کە ڕەتکردنەوەیە بۆ سەرشۆڕی و زەلیلی و ڕەهاکردنی هێزە پەنگخواردووەکانی جەماوەر و دەرهێنانی ترس لە دڵیدا. ئەم بیروباوەڕەش نابێتە هۆی قەبوڵکردن، بەڵکو ڕەتکردنەوە، هەروەها نابێتە مایەی ملکەچی و ڕازیبوون بەڵکو ڕۆحی شۆڕش و خەباتکردن بەرپا دەکات.

6. مادام هەموو ئایینێکیش لەسەر سروشێکی گۆکردنی بەرپا دەبێت و دوای دەنووسرێتەوە ئیدی ڕاستەوخۆ بێت یان دوای چەندین نەوە و کەم یان زیاد دەکات بۆیە مەسەلەی دەسەڵاتی کتێب و پەیوەندیی بە دەسەڵاتی عەقڵەوە سەریهەڵدا، ئەویش مەسەلەی عەقڵ و دەسەڵاتە، بە دەستەواژە کۆنەکانیشمان مەسەلەی عەقڵ و نەقڵە. هەروەها دوو هەڵوێست دەبینینەوە: یەکەم وا لە دەسەڵات دەکات پێش عەقڵ بکەوێت و عەقڵ دەکاتە شوێنکەوتەی دەسەڵات. دووەمیش نەقڵ دەکاتە بنچینەیەك بۆ عەقڵ و عەقڵ دەکاتە شوێنکەوتەی نەقڵ. لەمەشەوە بەهەدەردانی عەقڵ دەکەوێتەوە کە خاڵی هاوبەشە لەنێوان خەڵك و نکوڵیکردنی ڕامان و پەیگیری و ئەوەلیاتەکانی دەکات کە بنچینەی زانست و سەرەتای مەعریفەن و پشتبەستن بەسەرەتایەکی تر کە کەمتر یەقینییە، ئەوەش لەبەرئەوەی دەقی نووسراون، ڕەنگە لە ڕووی مێژووییەوە دروست بێت و ڕەنگیشە شێوێنرابێت چونکە دەقی نووسراون بە زمان و لە تێگەیشتنیدا ملکەچە بۆ ڕێساکانی زمان و میتۆدەکانی ڕاڤەکردن. ڕەنگیشە بە غەیری زمانە بنچینەییەکەی نووسرابێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بزربوونی مانا یەکەمیەکەی کە مەبەستە لە وشەکانە، تێگەیشتنی خەڵکیش

بۆ دەقەکان جیاوازە، هەموو زمانێك پێکدێت لە ڕاستی و خوازە، ئاشکرا و تەئویلکراو، موحکەم و موتەشابیهـ یەك دەقیش نییە ئەگەرچی ڕاشکاویش بێت دوو کەس لەسەری ڕای جیاوازیان نەبێت. ئەمەش سروشتییە بەهۆی جیاوازیی شوێن و کاتەوە دەقەکان دەکرێت شرۆڤەی جیاواز هەڵبگرن، دوو کەسیش بوونیان نییە کە لە هەموو شتێکدا لە یەك بچن. دەکرێت ڕاڤەکردن لە بەرژەوەندیی کەمینەیەك بکرێت لە دژی زۆرینە، هەروەك چۆن دەکرێت لە بەرژەوەندیی زۆرینە بێت لە دژی کەمینە. ڕەنگە ڕاڤەکردنێکی سەرمایەداری بۆ ئایین دەربکەوێت و ئەوی تر سۆسیالیستی بێت بۆی، پاشانیش دەق دەبێتە شوێنکەوتەی هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و ڕەوشی ڕاڤەکار و ئامانجەکانی و بایەخپێدان و لایەنگیرییەکەی. ئەمەش ڕاڤەی دژیەکی دەقەکانمان بۆ دەکات کە لە ڕاستیدا جیاوازییە لە هەڵوێستەکان کە تێیاندا ئەم دەقانە بەکاردەهێنرێن. ئەو هەڵوێستەی کە نەقڵ هەموو گومان و مەترسییەکان دەکاتە سەرچاوەیەك بۆ عەقڵ، بریتییە لە هەڵوێستی ڕاست بۆ ئەوەی بە حەق پەردەپۆشی بەتاڵ بکات و مافی گەلان لە پەناوپێچەکانی ڕاڤەکاران و دژیەکی گۆشەنیگاکاندا بزر بکات، مادام بۆ هەموو شتێك دوو ووتە هەیە و هیچ کەسێك بێزار نابێت لە شوێنکەوتەیی جەماوەر بۆ دەسەڵات بەبێ بەکارهێنانی عەقڵ و شوێنەکەوتەیی بۆ دەسەڵاتی کتێبی پیرۆز کە خێراترینی ئامرازەکان و لە هەموویان کاریگەرترە، دەسەڵات بەکاریدەهێنێت لەپێناو ئاڕاستەکردنی جەماوەر بۆ ئەوەی شوێنی بکەون. هەردووکیشیان دەسەڵاتن، شوێنکەوتەیی بۆ کتێبی پیرۆز وەك ڕاهێنان یان سازکردنی دەروونە بۆ شوێنکەوتەیی دەسەڵاتی سیاسی و ئەو جەماوەرەش کە خۆی ڕادێنێت لەسەر شوێنکەوتەیی و بونیادە دەروونییەکەی خۆی بەرپا دەکات لەسەر شوێنکەوتەیی و شوێن هەر شتێك دەکەوێت. ئەولەویەتی نەقڵیش بەسەر عەقڵدا سیستمی کۆنخوازەکان دەپارێزێت لەوەی جەماوەر ئامرازەکانی گەڕان بەکاربهێنێت و بوار دەکاتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی بۆ ئەوەی جۆری ئەو بەخشەرە دیاری بکات کە ڕەنگە خودا یان ئەمیر یان پاشا یان سوڵتان و خاوەن سەرمایە یان بەڕێوەبەر یان سەرۆك بێت.

لە بەرامبەر ئەوەدا، هەڵوێستێکی تر هەیە وا لە عەقڵ دەکات بنچینە بێت، و دەسەڵاتی کتێب کە لەسەر ئەم بنچینەیە دەوەستێت وەها لە عەقڵ دەکات بیخاتە پێش نەقڵەوە، ئەویش لەبەرئەوەی کە عەقڵ دەبێتە هۆی یەقین بەهۆی تێڕامانی و ئەوەلیاتەکانی و سەلماندنەکانی و وردبونەوەکانی لە مەسەلەکان لەکاتێکدا نەقڵ تەنها دەبێتە هۆی گومان بە هۆی گێڕانەوەکانی و ڕاڤەکردنە گوماناوییەکانی «ڕاڤە بۆ کێ دەکرێت؟». گومانیش هیچ لە ئاستی حەق کەمناکاتەوە. ئەگەریش هەموو بەڵگە نەقڵییەکان بهێنرێنەوە بۆ شتێك ئەوا هەر بە گوماناوی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت بۆ یەقین و دڵنیایی تەنها بە بەڵگەی عەقڵیی نەبێت، هەر کەسێکیش دەستی پێکرد و وتی: خودا یان پێغەمبەر وەهای فەرموو ئەوا مەبەستی بەرژەوەندیی خەڵك نییە، لە کاتێکدا ئەوەی بە میتۆدی عەقڵی قسە دەکات

و لە بارەی واقیعەوە دەدوێت ئەوا بەرگری لە بەرژەوەندیی خەڵك دەكات و ئامادەیە بە بەڵگە و سەلماندنەكان ڕووبەڕوو ببێتەوە. ئامارکردنیش بەڵگەیەکی بەڕەو و تەواوە، چونکە بەڵگەی عەقڵ و دەرککردنە و یەقینە وەك یەقینی عەقڵ. ئەمەش هەڵوێستی چەپە، کە سیستەمە پێشکەوتنخوازەکان پشت بە بنەما گشتییەکان دەبەستن کە بریتین لە بنەما عەقڵییە گشتیگرەکان و لە هەمان کاتیشدا یاساکانی کۆمەڵگە و ئاراستەی مێژووە.

ڕەنگیشە ڕاست ئەم هەڵوێستەی چەپ سوود لێ وەربگرێت بۆ حسابی خۆی و پشت بە عەقڵ ببەستێت بۆ ڕێنوماییکردنی بەرژەوەندییەکانی کەمینە و بۆ تیۆریزەکردنی بەگەڕخستنی سەرمایە و پاساودانی ئەو ڕەوشەی کە بەرپایە و شێوازەکانی سوودگیری و قۆرخکردن، بەڵام عەقڵ لێرەدا عەقڵی سادە نابێت، بەڵکو ئەو حەز و بەرژەوەندی یان ڕەگەزپەرستییە بێت کە عەقڵ یان ئەزموون پشتگیریی لێ ناکات، بەڵام چەپ پێداگیریی کرد لەسەر تێرامانی عەقڵ و هەمەگیری و بابەتیبوونەکەی گەرەنتیە بۆ ئەوەی ڕاست فریوی نەدات و ئیستغلالی نەکات. هەروەك چۆن دەکرێت چەپ سەرلەنوێ ڕاڤەی نەقڵ بکات بۆ بەرژەوەندیی خۆی، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی باوەڕدار بە دەقەکان و پشتبەستوو بە عەقڵ، بەڵام دەقەکان ڕاڤە دەکرێن بۆ بەرژەوەندیی چینەکان و پێداویستییەکانی واقیع وەك فاکتەرێکی یاریدەدەر بۆ بەڵگەی عەقڵ و سەلماندنی ئەزموون.

وێناگەلێك و کۆمەڵە پراکتیزەکردنێکیش پەیوەست دەبێت بە بابەتی عەقڵ و نەقڵەوە کە لێیانەوە بەرهەم دێت، وەك بابەتی خێر و شەڕ یان وەك بە زاراوەی کۆن پێی دەوترێت جوان و ناشیرین، و دادپەروەری و کاری چاك و مەسەلەی ئامانجگیری لە گەردوون. لێرەدا دوو هەڵوێست دەبینینەوە: یەکەم خێر و شەڕ وەها لێدەکات لەلایەن خوداوە بێت لە ڕووی بوون و حوکمەوە بەو مانایەی کە هەموو شتێك لەم جیهانەدا خێر بێت یان شەڕ لەکاری خودایە نەك کاری مرۆڤ و حوکمدان لەسەر ئەوە کە خێرە و لەسەر ئەوەی کە شەڕە، هەروەها ئەمەش لەلایەن خوداوە دێت لە ڕێگەی فەرمانەکانی و نەهیکردنەکانییەوە، شت خێرە لەبەرئەوەی خودا فەرمانی پێکردووە و شەڕە، چونکە خوای گەورە نەهیی لێکردوە، هەموو شتێکیش لەم جیهانەدا بە خێر و شەڕیەوە ملکەچ نابێت بۆ یاسا و مەبەست لێی بەرژەوەندییەك نییە هەوڵی گەیشتن بە ئامانجێك نادات، بەڵکو لە کاری خودایە و بەپێی بەرژەوەندیی بەندەکان پاساو بە کارەکانی نادرێتەوە، هەروەها بەپێی بنەمای دادپەروەری و کاری چاکەکردن. ئەمەش ڕاسترەوییە لە فیکری ئایینیدا، ئەوەش لە سیاسەتدا دەگۆڕێت بۆ ئایدۆلۆژیای ڕاسترەو و کۆنخواز کە وەها لە خێر و شەڕ دەکات دوو حاڵەتی گەردونیین و مرۆڤ هیچ دەستێکی نییە تێیاندا ئەمەش بۆ ئەوەی سیستمی سەرمایەداری بپارێزێت لە شەڕ و خراپەکان، هەروەها هەژاری و سوودگیری دەکاتە دوو ڕەوشی ئاسایی لە گەردوندا و هیچ نامۆییەك نییە تێیاندا، نابێت شۆڕش لە دژیان بکرێت، بەڵکو هەموو شتەکان پەیوەندییان بە ڕەوشگەلێکی ناعەقڵییەوە هەیە کە تێگەیشتنیان زەحمەتە و بەمەش عەقڵی

مـرۆڤ دووردەخاتـەوە لـە پرسـیارکردن و تێگەیشـتنێك لـە هـۆکارەکان و پەیوەسـتکردنی هـۆ بـە هۆکارەکانـەوە. لـە بەرامبـەر ئەمـەدا، ئاراسـتەیەکی تـر هەیـە وەهـا لـە خێـر و شـەڕ دەکات دوو ڕەوشـی کۆمەڵایەتـی بـن و لـە دروسـتکراوی مـرۆڤ بـن، بـە هـۆی کردارێکـی ناوخۆیـی لـە جیهانـدا نـەك ئەنجامـی کارێکـی تایبەتـی دەرەکـی لـە جیهانـدا. مـرۆڤ بەرپرسـیارە لـەوە، مـرۆڤ دانـەری سیسـتمە کۆمەڵایەتییەکانـە، لێـرەوە تـاوان و تۆمەتبارکـردن هەیـە نـەك هەمـوو شـتەکان بدرێنـە پـاڵ خـودا. لێـرەوە ئەرکـی مـرۆڤ و مەسـەلە بنچینەییەکـەی بریتـی بـووە لـە گـۆڕینـی خراپـە بـۆ چاکـە و لادانـی خراپەکارییـەکان و هێنانـی چاکەکارییـەکان و پاشـانیش جەمـاوەر دەجولێـن و کۆدەبنـەوە و حیـزب پێکدێـن و ممـارەسـەی مافـی سیاسـی دەکـەن و بەرپرسـیارێتی نیشـتمانی هەڵدەگـرن. ئـەم جیهانـەش تێدەکۆشـێت بـۆ ڕەچاوکردنـی بەشـداریکردنی کرێـکار لـە سـەرمایەدا و هەروەهـا زەوی بـۆ ئـەوە بێـت کـە دەیچێنێـت، پاشـانیش دەکرێـت کۆمەڵـگـە بگـۆڕێـت و بگوازرێتـەوە لـە ڕەوشـی باشـەوە بـۆ باشـتر و لـە سیسـتمێکی باشـەوە بـۆ سیسـتمێکی باشـتر، هـەروەك چـۆن ئـەم جیهانـە بەپێـی ئامانجێـك دەڕوات بەڕێـوە، دەکرێـت مـرۆڤ لێـی تێبـگات و زاڵ بێـت بەسـەریدا بـۆ بەرژەوەندیـی خـۆی بەکاریبهێنێـت، ئەمـەش بریتییـە لـە هەڵوێسـتی چـەپ.

ئـەو چـوار بابەتـەی پێشـەوە: خـود و سـیفات و کـردەوەکان بـە هـەردوو جۆرەکانیـەوە خولقاندنـی کـردارەکان و عەقـڵ و نەقـڵ دەچنـە نـاو ئـەو ئیلاهیاتانـەوە کـە هـەردوو تیـۆری یەکتاپەرسـتی و دادپـەروەری لەخۆدەگرێـت یـان نـاو عەقڵیاتەکانـەوە ئەویـش ئـەو مەسـەلانەیە کـە دەکرێـت لـە ڕێگەیانـەوە بگەینـە یەقیـن و دڵنیایـی عەقڵـی کـە پشـت دەبەسـتێت بـە سـەلماندنی عەقـڵ سـەرەڕای بەڵگـەی نەقـڵ. بـەڵام ئـەم چـوار بابەتـەی خـوارەوە: پێغەمبەرایەتـی و ڕۆژی دوایـی و نـاوەکان و ئەحکامـەکان و ئیمامیـەت، ئـەوا دەچنـە چوارچێـوەی بیسـتراوەکان کـە ناتوانرێـت لـە ڕێگەیانـەوە بـە یەقینێکـی عەقڵـی بگەیـن کـە تەنهـا پشـت بـە نەقـڵ ببەسـتێت.

لێـرەدا هەروەهـا دوو هەڵوێسـت بەدیاردەکەوێـت: یەکـەم ڕاسـتڕەوی ئایینـی کـە هـەوڵ دەدات یەکخسـتنێك لەنێـوان هـەردوو کۆمەڵـەکـەدا بـکات بەمـەش عەقڵیەکان «ئیلاهیاتـەکان» دەگێڕێتـەوە بـۆ بیسـتراوەکان، بەمـەش ئـەو بنچینـە عەقڵییـە یەقینییـە دەڕوخێنێـت کـە پشـتی پـێ دەبەسـتێت کـە پێـی وایـە بـەوە بەرگـری لـە بیروباوەڕەکانـی ئاییـن دەکات، بەڵکـو لـە ڕاسـتیدا موزایـەدەی تێـدا دەکات. نازانێـت ئـەو بـە گێڕانـەوەی عەقڵیاتـەکان بـۆ بیسـتراوەکان دێـت، ئەوانـەش یەقینیـن دەگێڕێتـەوە بـۆ گومـان و ئـەوە دەڕمێنێـت کـە پێشـینان بونیادیـان نـاوە، پاشـان ڕاسـتڕەویی ئایینـی بیسـتراوەکان کـە تارادەیـەك هەمـوو شـتەکان دەگرێتـەوە، دەکاتـە مەسـەلەگەلێکی یەقینـی و ئەوانـەی نکوڵییـان لـێ بـکات یـان جیـاواز بـن لـە ڕاڤەکردنیـدا دەیانکاتـە بێبـاوەڕ، بەمـەش ئـەو یەکسـان دەبێـت بـە خـودا، ئـەوەش یەقینە بـە کاروبارەکانـی دواڕۆژ کـە لـە مەسـەلە گوماناوییەکانـن و زیادەڕۆییـە لـە ئاییـن و هەرگیـز نـە دینـدارەکان و نـە عاقڵـەکان قەبوڵـی ناکـەن. ئەمەش هەڵوێستی ڕاسـتڕەوە، بـە شـێوەیەك سیسـتمە ڕاسـتڕەوە کۆنەخـوازەکان

دەیانەوێت هەموو مەسەلەکان بگێڕنەوە بۆ ئایین و لە نەهامەتییەکانی گەل و نارەحەتییەکانیدا تورەیی خودا و تۆڵەسەندنەوەی دەبینن و خەڵك دابەش دەکەن بۆ باوەڕداران و بێباوەڕان و تێکەڵیی دەکات لەنێوان گرنگتر و کەمتر بایەخداردا، هەتا وەهای لێدێت شمشێری ئایین هەمیشە بەسەر گەردنەکانەوە بێت، بەمەش خەڵك دەترسێت لە هەر جوڵەکردنێك، ئیدی بۆ تێگەیشتن لە مەسەلە تیۆرییەکان بێت یان بۆ جوڵانی کردەیی لەپێناو داواکردنی مافەکاندا.

لە بەرامبەر ئەوەدا، ئاراستەیەکی تر هەیە دەیەوێت چێوەی مەسەلە عەقڵییەکان فراوان بکات و وەهای لێبکات یەقین گومانیش بگرێتەوە بە شێوەیەکی حەتمی، هەروەها دەسکەوتنی یەقین لە بیستراوەکان هەتا خەڵك دڵنیا بن لە مەسەلەکانی پێغەمبەرایەتی و ڕۆژی دوایی و هەتا حەقیقەت و ڕاستیی باوەڕ و ئەرکەکانی فەرمانڕەوا و مەرجەکانی بزانن. ئەوەش بابەتگەلێکی زۆر گرنگە لە سەردەمێکدا کە جیاکردنەوە دەبینین لەنێوان باوەڕ و عەقڵدا، هەروەها سەرسامیی خەڵك دەبینین تێیدا و بەدبەختییان لە سیستەمە سیاسییەکانی ئێستایاندا و، پرسیارەکانیان لە بارەی دەسەڵاتی سیاسی و ڕادەی ڕەوایەتی لە وڵاتدا. ئەمەش بریتییە لە هەڵوێستی چەپ، کە سیستەمە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکان سور و پێداگرن لەسەر بەدیارخستنی بایەخی کار، هەروەها پێداگرن لەسەر بەدیارخستنی گرفتی سیاسی و وەك چۆن دەبێتە کلیلی گرفتەکانی تر، ئەولەویەتەکانیش لە پلاندانان بڕیارێکی سیاسییە نەك ئابووری، نەهێشتنی نەخوێندەواری بڕیارێکی سیاسییە نەك تەنها توانا داراییەکان.

7- لەکاتێکیشدا هەموو ئایینێك لەسەر سروش بەرپا دەبوو، هەموو سروشێکیش دەقێکی بەرهەمدەهێنا بابەتی پێغەمبەرایەتی بابەتی پێنجەم بوو لە زانستی ئوسوڵی ئایینی کۆن بە عەقڵیەتەکان و بیستراوەکانییەوە، یەکەم بابەتیشی بیستنی بوو. لێرەدا دوو هەڵوێست بەدیاردەکەوێت: یەکەم پێغەمبەرایەتی پێویست دەکات، ژیانی مرۆڤ دادپەروەی و دروستی تێدا نابێت بەبێ پێغەمبەرایەتی، مرۆڤ لە ڕووی عەقڵییەوە ناکارایە لە دەرککردن بە بەرژەوەندییەکانی و ناتوانێت کاروبارەکانی بەرێوەبەرێت، پاشانیش پێویستی بە ڕاسپاردەکارێك هەیە لە دەرەوە، ئەگینا وەك ئاژەڵێك دەمێنێتەوە و خراپتریش. بەڵگەی ڕاستیی پێغەمبەرایەتییش بەڵگەیەکی دەرەکییە کە بریتییە لە موعجیزە بە مانا تەقلیدییەکەی، واتە تێپەڕاندنی یان بەزاندنی یاساکانی سروشت و، گۆڕینی بەرد بۆ ئاڵتون و گۆچان بۆ مار. ئەمەش هەڵوێستی ڕاسترەوە، کە سیستەمە ڕاسترەوە کۆنخوازەکان لەسەر پشتیوانیکردنی ئەم ئاراستەیە دەوەستێت و پێی وایە مرۆڤ ناتوانێت دەرکی بەرژەوەندییەکانی بکات و، پێویستی بەئاراستەکردن و ڕاسپاردە هەیە لەلایەن فەرمانڕەواوە یان بەرێوبەرەوە یان سەرۆك یان شێخەوە.. پاشانیش مرۆڤ دەبێتە ئامێرێکی گوێرایەڵ لەدەستێکی بەهێزدا چۆنی بوێت وا ئاراستەی دەکات وەك چۆن پێغەمبەریش هەڵدەستێت بەئەنجامدانی موعجیزە سەرکردەی سیاسیش یان خاوەن سەرمایەش موعجیزەی هاوشێوە ئەنجام دەدات، سەرکردە لەماوەیەکی کەمدا دوژمن دەشکێنێت، لەچاوتروکانێکدا دامەزراوەکان هەڵدەوەشێنێتەوە

پێکیـان دەهێنێتـەوە، جەمـاوەر متمانـە بـە وتەکانـی دەکـەن و، هەمـوو متمانەیەکـی پـێ دەبەخشـن، خـاوەن سـەرمایە لەمـاوەی چەنـد هەفتەیەکـدا کارگـە بونیـاد دەنێـت، قازانجـەکان لـە ماوەیەکـی کەمـدا دووقـات دەکاتـەوەو لەمـاوەی چەنـد خولەکێکـدا کۆنترۆڵـی بـازاڕ دەکات، لەماوەیەکـی زۆر کورتـدا حکومەتـەکان هەڵدەوەشـێنێتەوەو پێکیـان دەهێنێتـەوە.

لـە بەرامبـەری ئـەوەدا، ئاڕاسـتەیەکی تـر هەمـوو شـێوەکانی دانانـی ڕاسـپێراو بەسـەر مرۆڤـەوە ڕەت دەکاتـەوەو، سـەربەخۆی دەکات و وای لێـدەات پێویسـتی بەکۆمـەك و یارمەتـی دەرەکـی نەبێـت تیـۆری بێـت یـان کـرداری و مـرۆڤ دەخاتـە نـاو پەرەسـەندنی مێـژووەوە. مـرۆڤ پێـش دواییـن قۆنـاغ لەقۆناغەکانـی سروش نەیدەتوانـی دەرك بـە مەسـەلە تیۆریـەکان بـکات و، هەروەهـا نەیدەتوانی داواکاریـە کرداریەکانـی بەدەسـت بهێنێـت، پاشـانیش دەرکەوتنـی پێغەمبـەرەکان پێویسـتیەکی حەتمـی ئـەو سـەردەمانە بـوون لەقۆناغـە مێژوییەکانـی ڕابـردودا، بۆیـە پێغەمبـەرەکان لەهەمـوو سـەردەمەکاندا دەردەکەوتـن، هەمـوو نەتەوەیـەك پێغەمبەرێکـی خـۆی هەبـوو، هەمـوو پێغەمبەرێکیـش هەنگاوێـك پێشـکەوتنی مرۆیـی دەبـردە پێشـەوە پاشـان پێغەمبەرێکـی تـر دەهـات هەنگاوێکـی تـر دەیـبردە پێشـەوە هەتـا سـەربەخۆیی مـرۆڤ بەدیهـات و وای لێهـات بتوانێـت لەڕێگـەی عەقڵـی خۆیـەوە دەرك بەمەسـەلەکان بـکات و بەکارەکانـی بەدیـان بهێنێـت ئیـدی دەرکەوتنـی پێغەمبـەرەکان وەسـتاو، پێغەمبەرایەتـی چیـدی پێویسـتی نەبـوو. لەرابـردودا پێویسـت بـوو بـەڵام لەئێسـتا چیـدی پێویسـت نییـە بـە بەڵگـەی وەسـتانی و کۆتایـی پێهاتنـی. بەڵگـەش لەسـەر ڕاسـتی پێغەمبەرایەتـی بەزاندنێکـی یاسـاکانی سروشـت نییـە، بەڵکـو یاسـاکانی سروشـت و جێگیـرو بەردەوامـن هەتـا ڕەوش و بارودۆخـی مرۆڤـەکان ڕێـك دەبێتـەوەو، متمانـە بـەو جیهانـە دەکـەن کـە تێیـدا دەژیـن بەڵکـو بەڵگەیەکـی ناوخۆیـی ئەبسـتراکتە. ئـەوەش لەڕێگـەی ڕاسـتاندنی بـە سروش و، دۆزینـەوەی بەڵگـە عەقڵـی و هەسـتیەکان لەسـەر ڕاسـتاندنی ناوەڕۆکەکـەی و، کارایـی ناوەڕۆکەکـەی و کاریگـەری لەسـەر باشـکردنی ڕەوشـی خەڵـك و، بەڕێوەبردنـی کاروبارەکانـی ڕەوش و گوزەرانیـان. ئەمـەش هەڵوێسـتی چەپـە، بەشـێوەیەك سیسـتمە پێشـکەوتنخوازیەکان هەوڵـی سـەپاندنی هـەر ڕاسـپاردەیەك نـادەن بەسـەر مرۆڤـدا یـان ئـەوەی وا دابنێـت کـە جەمـاوەر ناتوانێـت دەرك بـە مافەکانـی بـکات بەڵکـو بەپێچەوانـەی ئەمـەوە مـرۆڤ لـە جەمـاوەرەوە فێردەبێـت و، دەسـتبەرداری بیرۆکەکانـی پێشـوی دەبێـت. ئیـدی هیـچ گەرەنتیـەك نییـە جگـە لـە گـەل و، هیـچ سـەرچاوەیەك نییـە بـۆ دامـەزراوەکان جگـە لـە دیموکراسـیەت و، هیـچ پاسـەوانێك نییـە بێجگـە لەحـزب، کـە دەمـاری کۆمەڵگەیـە.

لـە ڕاسـتیدا ڕاسـتڕەوی ئایینی بـڕوای بەم سـەربەخۆییەی مـرۆڤ هەیـە لەعەقـڵ و وویسـتیدا بـەڵام بـەکاری دەهێنێـت بـۆ بەرژەوەنـدی فەرمانڕەوا یـان بەرژەوەندی خـاوەن سـەرمایە یـان بـۆ بەرژەوەنـدی کەمینـە. بـەڵام سـەبارەت بـە گشـتی یـان ئـەوەی پێـی دەوترێـت زۆرینە ڕەشـۆك و هەراوهۆریـا ئـەوا ڕاسـپاردە بەسـەریاندە دەسـەپێنرێت، چەندیـش ئاسـانە ڕاسـپاردەکان بەنـاوی

پێغەمبەرەکانەوە بسەپێنرێن: بەڵام مەحاڵە چەپ بتوانێت سەرلەنوێ ڕاڤەکردنی ڕاست بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێتەوە چونکە سەپاندنی ڕاسپاردە تیۆری و زانستیەکان بەسەر خەڵکدا هەڵوێستێکی پێگەیشتووەو ناکرێت سەرلەنوێ بونیادبنرێتەوە، مەگەر ئەوەی تەنها بۆ جەختکردنەوە لەسەر گرنگی ئایدۆلۆژیەتی خەڵك، ئایین بەفەرهەنگی سەردەمی سیاسی بریتییە لە ئایدۆلۆژیەت، مرۆڤیش بەبێ ئایدۆلۆژیەت مرۆڤێکی مردووە، بەڵام ئایدۆلۆژیەت ڕاسپاردەی سەپێنراو نییە بەسەر مرۆڤدا بەڵکو گوزارشتێکی تیۆریە لەبارەی واقیعیەوە، هەروەها تیۆریزەکردنی ڕاستەوخۆ بۆ پێداویستیەکانی و بەدیهاتنی لەسەر ئاستی فیکر و، پلاندانانی ورد بۆ چۆنیەتی مومارەسەکردنی و، بەدیهاتنی ئەم پێداویستانە بەکردار. یان ئەوەی ڕاسپاردەکان لەلایەن جەماوەرەوە بێت بۆ سەرکردەکان و پاشانیش مانای چاودێری و پێداچوونەوە وەردەگرێت.

8. ئەگەریش پێغەمبەرایەتی ڕابردوی مرۆڤ لەخۆدەگرێت بەلانی کەمەوە ئەوا بابەتی ڕۆژی دوایی بابەتی بنچینەیی دەبێت لە بیستراوەکاندا، هیچ ئایینێکیش نییە کە بابەتی ڕۆژیی دوایی لەخۆنەگرتبێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە: چی بەسەر مرۆڤدا دێت لەدوای مردن؟ یان پرسیاری ئەوەی: بەکوێ دەگەم؟ لێرەدا دوو هەڵوێست دەردەکەوێت: یەکەم خودا دەکاتە هۆکاری مردن و مردن ڕوداوێکی قەزاو قەدەرەو بەوویستی خودا ڕوودەدات نەك بەهۆی نەخۆشی یان ڕوداوەکانی ڕێگاو تیرۆرکردنەکانەوە. مردنیش مرۆڤ دابەش دەکات بۆ دوو بەش: جەستە و ڕۆح، یەکەم فانی و تیاچووە، بەهای نییە، شی دەبێتەوە بۆ خۆڵ ، بەڵام ڕۆح باقی و نەمرەوە، چاوەڕوانی ڕۆژی ڕەستاخێزو لێپرسینەوە دەکات. پاشان بەسزای گۆڕو خۆشیەکانی دەست پێدەکات، ناشزانین ئایا ئەوە بەجەستە دەبێت یان بەو ڕۆحەی کە بەرزبۆتەوە بۆ لای پەروەردگارەکەی؟ پاشان ڕوداوەکانی ڕۆژی حساب و، چەسپاندنی دۆزەخ و بەهەشت وەك دوو ڕوداوی بەرهەستی دەردەکەون، لەگەڵ ڕوداوەکانی کێشان و پێوانی کردەوە چاکەکان و پردی سیراگ و، حەوزی کەوسەرو، ناکیرو نەکیرو، نیشانەکانی ڕۆژی دوایی لە لەتبوونی مانگ و هەڵهاتنی خۆر لەخۆرئاواوەو خۆرئاوابوونی لەخۆرهەڵاتەوەو یەئجوج و مەئجوج و مەسیحی دەجال. ئەگەریش حساب تەواو بوو ئەوا بەپێی وویستی دادوەر کە ملکەچ نابێت بۆ یاسای دادپەروەری بەڵکو بەپێی سۆزو ڕەحمەتی ئەو دەبێت، ڕەنگە لەکەسی خراپەکار خۆش بێت و، کەسی چاکەکار سزا بدات و، هیچ گێڕانەوەو پەرچکردنەوەیەك نییە بۆ بڕیارەکان. ئەگەر پاداشت درایەوە ئەوا بەپێی کردەوەکانی تاك دەبێت و تاك پاداشتی وەردەگرێت و، بەهەشت جیاواز دەبێت بەپێی پلەکانی و هەموو مرۆڤ بەتەنها دەژی و، هەریەکەو بەپێی پلەکەی لە پاداشت وەرگرتندا، خانوو کۆشکی تێدایە لەنێوانیاندا لە مەزنی و کەشخەییدا جیاوازی هەیە. ئەمەش هەڵوێستی ڕاستی ئاساییە، کە سیستمە ڕاسترەوە کۆنخوازیەکان پشت بەکاروبارو مەسەلەکانی ڕۆژی دوایی دەبەستن بۆ هاندان خەڵك بۆ ئایینەیەك کە لەئێستادا نیانە و،

بەجیهانێـك لـە خۆشـگوزەرانی بەڵێنیـان پێـدەدەن کـە لـەم جیهانـەدا لێـی بێبـەش بـوون، بێبـەش بووەکانیـش قەرەبووکردنەوەیەکـی دەرونـی دەبیننـەوە لـەوەی لێـی بێبـەش بـوون و حـەزو خولیایـان دەبزوێـت بـۆ ئـەوەی لێرە بەدەسـتیان نەهێنـاوە، پاشـانیش سیسـتمە سیاسییەکان دڵنیاو دڵئارام دەبنەوە لەرووشـی ئێسـتایان و، لەملکەچبوونـی خەڵـك بۆیـان و، ڕەزایبوونیـان بـە بەڵێنـە ئاییندەیـەکان مـادام لـەم جیهانـەدا بـەدی نەهاتـووە بەمـەش خـاوەن سـەرمایە سوودگیردەبێت و قـۆرخ دەکات و زاڵ دەبێـت و، دڵنیـاو بێخـەم دەبێـت لـەوەی ئاسایشـی بەرپابـووەو خەڵـك چاوەڕوانـی ڕۆژی ڕەسـتاخێز دەکـەن.

لەبەرامبـەر ئـەوەدا، هەڵوێسـتێکی تـر هەیـە، مـردن دەبەسـتێتەوە بـە هـۆکارە ڕاسـتەوخۆکانیەوە وەك نەخۆشـیەکان و، ڕوداوەکانـی ڕێـگاو، تیرۆرکردنـەکان و، جەنگـەکان و، بـە گۆڕانـی واقیعەکـەش هـۆکاری مـردن کـەم دەبنـەوەو مـرۆڤ دەژی، واقیـع دەکرێـت بگۆڕێـت بـۆ واقیعێکـی باشـترو مـردن دەکرێـت هۆکارەکانـی کـەم بکرێتـەوە بەنەهێشـتنی نەخۆشـیەکان و دۆزینـەوەی چارەسـەرەکان بۆیـان و، ڕێکخسـتنی هاتوچـۆو، بڵاوکردنـەوەی ئاشـتی ناوخۆیـی و دەرەکـی. بـەڵام مـرۆڤ ئـەوا یەکێکـە و ناکرێـت جیابکرێتـەوەو گرنـگ نییـە ناوبربرێـت بـە جەسـتە یـان دەروون یـان هەسـتێك بـۆ ژیـان یـان ڕۆح. بەڵکـو مانـەوەی جەسـتە لەپێشـترە بـۆ مرۆڤـی دواکەوتـوو لەمانـەوەی دەرون، جەسـتەیە کـە دەروون دەمرێنێـت و لەنـاوی دەبـات، مرۆڤیـش دەمرێـت بەهـۆی نەخۆشـی جەسـتەو، هـەژاری بونیـادو، فەرامۆشـکردنیەوەو گۆڕینـی بـۆ شـتێکی ئاسـایی. چـۆن دەکرێـت جەسـتە فانـی بێـت و بسـەلمێنرێت دەروون دەمێنێتـەوەو سـەرمەدییە؟ بـەڵام ئـەوەی کـە دوای مـردن ڕوودەدات ئـەوا هەمـوو ئەوانـە وێناکردنێکـی هونەریـەو خوازەیـە لەبـارەی ئـەو جیهانـی هیوایەوە کە مـرۆڤ تێیدا دەژی، لـە متمانـە بوونیـەوە لەبـارەی جیهانێکـی باشـتر لەپێنـاو گۆڕینـی ئـەم جیهانـە نـەك لەپێنـاو چەسـپاندنی سیسـتمە بەرپابـووەکان و قەرەبووکردنەوەیـان لـەو بێبەشـیەی لەئێسـتادا تێیـدا دەژیـن. کەسـی خـراپ و بەدکـردار سـزای خـۆی وەردەگرێـت و، چاکەکاریـش پاداشـتی چاکەکانـی وەردەگرێتـەوە، کارکردنیـش بەتەنها مایـەی بەهـای مرۆڤـەو، زمـان بـە خوازەکانیـەوە توانـای ئـەوەی هەیـە وێناکردنـی ماناکانـی و گەیاندنـی هەیـە بۆ زۆرتریـن ژمـارە لەمرۆڤـەکان بەچاوپۆشـین لەئاسـتەکانی فێرکـردن و ڕادەی ڕۆشـنبیریان و، کارکردنـە سـەر دەرونیـان لەپێنـاو ئاڕاسـتەکردنی ڕەفتـارداو، لێپرسـینەوەو حسـابیش بەپێـی یاسـای دادپـەروەری دەبێـت، هەریـەك و بەپێـی کردەوەکانـی نـەك بەپێـی یاسـای ڕەحمـەت و سـۆزو بەزەیـی و وویسـتی دادوەر، کەسـی خراپـەکار هەردەبێـت سـزای کارەکانـی وەربگرێـت و چاکەکاریـش دەبێـت پاداشـتی خـۆی وەربگرێـت. ئەمـەش وەك پێویسـت مانـای بوونـی ئاسـتەگەلێك لـە بەهەشـتدا ناگەیەنێـت کـە خانـوی بچـوك و کۆشـکی مەزنـی تێـدا بێـت، بەڵکـو نەمـری بـۆ کارو کۆمـەڵ دێـت لەڕێگـەی شـوێنەوارەکانی مـرۆڤ و سـیفەتە باشـەکانی لەسـەر زەوی و، یادەوەریـە باشـەکانی کـە لەدڵـی کەسـانی تـردا بەجێیـان دەهێڵێـت. ئەمـەش هەڵوێسـتی چەپـە بۆیـە دەبینیـن بزوتنـەوە شۆڕشـگێڕیەکان بزوتنەوەگەلێکـی

ئاییندەییـن بڕوایـان وایـە ڕزگاربـوون لەکۆتاییـدا هـەر دەبێت و. جیاوازیـە لەنێـوان ئـەوەی ڕاسـت ئیسـتیغلالی ئـەم ڕەهەنـدە مرۆیـی و هێـوا پێبەخشـین و ڕوانیـن بـۆ جیهانێکـی باشـتر لەپێنـاو بێهۆشـکردنی مـرۆڤ و بەڵێـن پێدانیـان بـە سـەراب و، لەنێـوان بەدیهێنانـی ئـەم هیوایە بەکـردار لەژیانـی خەڵکـداو، لـەم جیهانـەدا.

9. لەکاتێکیشـدا مەسـەلەکانی پەیوەسـت بـە ڕۆژیـی دوایـی ئـەوە دەگەیەنـن تەنهـا کارە سـەرچاوەی بەهایە ئـەوا بابەتـی نـاوەکان و ئەحکامـەکان دەبنـە بنچینەیـەك لـە بنچینەکانـی ئاییـن، نـاوەکان و ئەحکامەکانیـش ماناکانـی ئیسـلام و بـاوەڕو، ئەحکامەکانـی کوفـرو دوڕویـی و دەرچـوون دەگەیەنـن لـە ئایین، پرسیارەکەش ئـەوە دەبێـت: پەیوەنـدی چیـە لەنێـوان بـاوەڕو کـرداردا؟ لێـرەدا دوو هەڵوێسـت بەدیاردەکەوێـت: یەکـەم وا لەبـاوەڕ دەکات بەتەنهـا ببێتـە هەسـتێکی ناوخۆیـی کـە ئـەوە بـاوەڕی خەڵکـە بەگشـتی کـە ناگۆڕێـت بـۆ فیکـر یـان وتـن یـان کـردار. یـان دەیکاتـە بـاوەڕی هەسـتی ناوخۆیـی لـەو ڕووەوە کـە بـاوەڕی ڕۆشـنبیرانە کـە ناگۆڕێـت بـۆ وتـن یـان هـەر کردەوەیـەك. یـان بـاوەڕ دەکاتـە تەنهـا قسـەو وتنـی شـەهادەت و نازانێـت چـی لەپشـتیانەوەیە لەهەسـتکردن یان فیکـرو چی بەدوایاندا دێـت لـەکارو کـردەوە کـە ئەمـەش بـاوەڕی دووڕووەکانـە. ئـەم هەڵوێسـتەش بـە داپەروەیـی چارەسـەرەکان وازدەهێنێـت، هەسـتی ناوخۆیـی بەسـە و بـاوەڕی عەقڵـی بەسـەو، ووتـن بەسـەو، داواکردنـی سـوربوون شـتێکە بەدەسـهاتنی دوورە، بەڵکـو لـەوەدا تەنها ڕێپێدان بەسـەا!. ئەمـەش هەڵوێسـتی ڕاستە، سیسـتمە کۆنخـوازەکان داوا ناکـەن لەخەڵـك جگـە لەهەسـتکردنی

ناوخۆییـان بـۆ ئـەوەی زمـان و کردەوەکانیـان کۆنتـڕۆڵ بکـەن چونکـە ئەگـەر قسـەیانکرد ئـەوا داوای مافەکانیان دەکـەن، ئەگەریـش کاریـان کـرد ئـەوا لـەدژی ئـەو زوڵمانـە ڕادەپـەڕن کـە لەسـەریانەو، داوا لـە ڕۆشـنبیران ناکرێـت جگـە لـە بـاوەڕی عەقڵـی کـە ئـەوەش جۆرێکە لەئاسـوودەیی فیکـری و لەڕێگەیـەوە ئـەم سیسـتمانە شۆڕشـی ڕۆشـنبیرەکان خامـۆش دەکـەن و ناهێڵـن گوزارشـت لەڕاوبۆچونەکانیـان بکـەن و، سـەرکردایەتی جەماوەری چەوساوە بکـەن. ئـەم سیسـتمانە لـە ووتنـی شـەهادەت زیاتـر داوا ناکـەن هەتـا خەڵـك وا بزانـن کـە ئـەوان بـڕوادارن هەتـا ئەگـەر ئـەو ووتنـەش تەنها گۆکردنێکـی سـەرزارەکی و بـێ نـاوەڕۆك بـوو، دووڕوویـی ئاییـنیش دەبێتـە شـێوازی مومارەسـەکردن لـە سیسـتمە ئایینـە ڕاسـتڕەوەکانداو سـوودگیریی و ئیسـتیغلالکردن دەبێتـە بنچینـە. دروشـمە ئایینییـەکان بەرپـا دەکرێـن لەپێنـاو گشـتاندن و ڕۆماڵکردنـی ئـەوەی کـە لەواقیعـدا دەگوزەرێـت و، داپۆشـینی ئـەوەی لـە ژیانـی خەڵکـدا ڕوودەدات.

لەبەرامبـەر ئـەوەدا، هەڵوێسـتێکی تـر هەیـە وا لەباوەڕو کار دەکات یـەك یەکە بێـت کـە شـیاوی پەرتبـوون نیـەو، ئـەوەی کـردەوەی نەبێـت بـاوەڕی نییـە، ئـەو بـاوەڕەش کـە بـەدی نایـەت لەشـێوەی کـردەوەدا ئـەوا بوونـی نابێـت، کـردەوە جەوهـەری بـاوەڕەو هیـچ شـیلگیریەك بوونـی نییـە، بـاوەڕ بەبـێ کـردەوە بوونـی نیـەو، بـاوەڕ بەبـێ هەسـتێکی ناوخۆیـی و ڕاسـتاندنێکی عەقڵـی تەنها سـۆزێکی گەمژانەیـە و بـاوەڕ بەبـێ کـردەوە باوەڕێکـی زەلیـل و سـوك و نزمـە. ئەمـەش هەڵوێسـتی چەپـە، بەشـێوەیەك سیسـتمە پێشـکەوتنخوازەکان لەپێشـی

دەدەن کار و دەیخەنە پێش قسەو گوفتارەوەو، ڕەخنە لەو ڕۆشنبیرانە دەگرن کە تەنها بەراستاندنی عەقڵی وازدەهێنن بەبێ مومارەسەکردنێکی کرداری و جەماوەر بە گوتەو بەکردار تەیار دەکات لەپێناو داواکردنی مافەکانیان. ئەم سیستمانەش بەوانە ناسراون کە لایەنگری چارەسەرە ڕیشەییەکانن لەسیاسەتداو، بە چارەسەرێکی نیمچەیی و سازان ڕازی نابێت و نایەوێت سازش لەسەر مافی چینە چەوساوەکان بکات و لایەنگری چینە ئیستیغلالکراوەکانە.

ڕەنگیشە ڕاست هەوڵی سوودگیری لەهەڵوێستی ڕادیکاڵی چەپ وەربگرێت بەڵام کورتی دەکاتەوە لە خاوەن سەرمایە یان فەرمانڕەواداو بەتەنها کەمینەی زاڵ و دەسەڵاتدارە بەڵێنەکانی بەجێدەهێنێت و ئەوەی دەیڵێت بەکردار جێبەجێی دەکات. هەروەها دەکرێت چەپیش سەرلەنوێ ڕاڤەی هەڵوێستی ڕاست بکات بۆ بەرژەوەندی خۆی لە سەرەتای شۆڕشەوە، خەڵکیش هێشتا ڕانەهاتووە لەسەری و لەسەر داواکاریەکانی، هاوسۆزیکردن لەگەڵ شۆڕشدا قەبوڵکراوە، ئەوەش بە فیکری خۆی پشتگیری دەکات پشکدار دەبێت و، ئەوەی بەرگری لێدەکات بە وتە بەشداری دەکات و سەردەخات و، ئەوەی کە عەقڵ و دڵی و کرداری دەخاتە ناویەوە ئەوە شۆڕشگێرو تێکۆشەری ڕاستەقینەیە. بەپێی قۆناغەکانی بەدیهاتنی شۆڕشگێڕی دەکرێت داوا لە جەماوەر بکرێت بەپێی توانا شۆڕشگێڕیەکانی خۆی پابەندبێت هەتا شۆڕش سەردەکەوێت، ئەوکات بە کەمتر لە یەکێتی ناوەوە داواناکرێت، کە بریتییە لە یەکێتی هەست و بیر لەگەڵ وتەو کرداردا.

10. کاری تاکەکەسیش کاری بەکۆمەڵی دێت، بابەتی سیاسەتیش وەك دواین بابەتی تەقلیدی لە زانستی بنچینەی ئایینی کۆندا بەدیاردەخرێت. دوو هەڵوێستیش لەسەر ئەمە بەدیاردەکەوێت: یەکەم هەڵوێستی ڕاست کە وا لە سیاسەت دەکات ببێتە پاشکۆی بنچینەی ئایین، نەك بنچینەیەك بێت لە بنچینەکانی وەك یەکتاپەرستی و دادپەروەری، کە زیاتر نزیکە لە فیقە و شەریعەتەوە وەك لەوەی لە بنچینەکانی بیروباوەڕە تیۆریەکانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزاندنی دڵگەرمی و پەرۆشی خەڵکی سیاسی مادام سیاسەت لقێك بێت نەك بنچینەیەك و، ئایین بریتی دەبوو لە بیروباوەڕەکان و، بیروباوەڕەکانیش هیچ پەیوەندییەکیان نییە بەژیانی خەڵك و خستنیە ناو سیاسەتەوە، مادام خەڵك باوەڕیان هێناوە ئیدی سیستمە سیاسییەکان بەلایانەوە گرنگ نییە، خودا پەری و مرۆڤی دروستکردوە بۆ پەرستش نەك بۆ بەرپاکردنی شەریعەتەکەی، ئەویش ئەو هەڵوێستەیە کە ئایین شکۆدار دەکات و، لە تەنها پەرستشدا دەیهێڵێتەوە، ئەمەش ڕێگە بە سیستمە ڕاست و کۆنخوازەکان دەدات ئەوەی بیەوێت بیکات و بێت و بچێت، ئەمە لە تایبەتمەندی خواو لە مافی باوەڕداران نیە!

هەروەها ئەمە ئەو هەڵوێستەیە کەوا گرفتی سیاسی هەمووان لە دەوری کەسێتی پێشەوا یان سەرکردە کۆدەکاتەوە، خاسیتەکانی و سیفەتەکانی و شکۆمەندیەکانی، شوێنەوارەکانی ئەگەر فەمانڕەوا باش بوو ئەوا خەڵکەکەش باش دەبێت. بەڵام دامەزراوە دەستوریەکان وەك بەیتولمال و کۆکردنەوەی

باج و خەراج و دادوەری و،حوکمڕانی، مافی خەڵکیش لەچاودێری ئەوا هەموو ئەوانە ناچنە ناو بابەتی سیاسەتەوە، بەڵکو سیاسەت تەنها لە کەسی پێشەوادا کۆکردۆتەوە وەك چۆن پەرستش لە زاتی خواداو، ئایین لە باوەڕبوون بە خوادا کۆدەبێتەوە. وەك فارابیش پێشتر ووتویەتی: ئەگەر من یادی خودا یان سەرۆك بکەم ئەوا من هەر مەبەستم یەك شتە! سیستمە ڕاستە کۆنخوازەکان هەڵدەستن بە سوودگیری لەوە باشترین سوودگیری و سەرکردەکان دەخەنە ئاستی خواو ستایشیان دەکات و سروديان بەسەردا هەڵدەدات و، نوێنەرانی گەلیش لەخۆشیدا سەما دەکەن، سوپاسی خودا دەکەن لەسەر سەلامەتی سەرۆك هەتا ئەگەر وڵات وێران بێت و زەویەکەی داگیربکرێت و سەروەری پێشێل بکرێت و، شەرەف و ئابڕوی لەکەدار بکرێت.

هەروەها ئەو هەڵوێستەیە کە وا لەپێشەوا دەکات لە هۆزێکی دیاریکراوبێت نەك لەسەر بنچینەی پابەندبوونی بە بنەما سیاسییەکان یان بەرنامە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەك ئەوەی سەر بە ڕەگەزێك یان بنەماڵەیەکی بۆماوەیی هانی پابەندبوون و بەڵێندان بدات بە بەرنامەوە. لەبەرئەوە سیستمە پاشاییەکان و بۆماوەییەکان نزیکتربوون لە سیستمە ڕاسترەوەکان زیاتر لەوەی نزیك بن لە سیستمە کۆماری و میللیەکانەوە.

ئەمەش ئەو هەڵوێستەیە کە وا لە فەرمانڕەوا دەکات بە هەڵبژاردن دیاری بکرێت و، ڕۆڵی جەماوەر بریتی دەبێت لە شوێنکەوتەیی و لایەنگیری و، گوێڕایەڵی و ملکەچکردن، فەرمانڕەوا هەڵە ناکات و گومڕا نابێت، چونکە کار بە فەرمانی خودا دەکات و دوورە لە هەڵەو خۆپارێزە لەتاوان و گوناه و، جەماوەر کاروباری خۆی پێدەسپێرێت بۆ ئەوەی بیبات بەرەو کەناری ئارامی.

ئەو هەڵوێستەیە کە بەڵێنی سەرکەوتن بەخەڵك دەدات لەئاییندەداو ئازارەکانی ئێستا لەئەستۆ دەگرێت و، سەرۆك هەردەبێت بێت ئەگەرچی ئێستا لەترسدا خۆی پەنهانکردوە لەکاتێکدا کە هێشتا شۆڕش هەڵنەهاتووەو جەماوەر نەوە دوای نەوە چاوەڕوانی دەکات و، سەردەم دوای سەردەم ئازارەکانی هەڵدەگرێت و بەڵام سەرۆك هێشتا بەدیارنەکەتووە!

لەبەرامبەر هەموو ئەمەدا، هەڵوێستێکی تر هەیە وا لە سیاسەت دەکات ئەسڵ و بنچینە بێت نەك لق و، ئەو بەدیهێنەری بنچینەکانی ئایینەو خواو گەل یەك بنچینەن، دەنگی خودا دەنگی گەلە، ناکرێت وێنای خودا بکرێت بەبێ نەتەوەو، جێنشینێتی بۆی. ئەوکاتیش یەکبوون یەکبوون دەبێت لەنێوان سیستمی مرۆیی و سیستمی ئیلاهی لە فەرمانڕەوایەتیدا کە لەڕێگەی دەستورەوە دەبێت و، نارازیبوون بەم جیایە لەنێوان شەریعەتی زەوی و شەریعەتی ئاسماندا. بۆیە سیستمە پێشکەوتنخوازیەکان هێندەی بتوانن هەوڵی بەدیهێنانی سیستمێکی دادپەروەرانە دەدەن کە تێیدا جیاوازی نێوان چینەکان بتوێتەوەو، لەسەر خاوەندارێتی گشتی بونیادبنرێت بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ڕێگیریکردن لە سوودگیریی ناڕەواو قۆرخکردن و، ئامانجەکانی و بەرنامەکانی گەشەکردنی دادەنێت و هەوڵی بەدیهێنان و گەیشتن پێیان دەدات.

ئەمەش ئەو هەڵوێستەیە کە وا لەفیکری سیاسی دەکات لەدەوری بونیادنانی دامەزراوە دەستوریەکان

بسـوڕێتەوە، پاشـانیش، سیسـتمە پێشـكەوتنخوازیەكان لـەدژی پەرسـتنی كەسـەكانن. سـەركردەكان دەڕۆن، گەلـەكان دەمێننـەوەو، دامـەزراوە بەهێـزەكان هیـچ فەرمانڕەوایـەك ناتوانێـت خراپیـان بـكات. بەڵكـو دەتوانێـت فەرمانـڕەواو سـەركردەكان لەدەسـەڵات دوربخاتـەوەو، باشـبوونی فەرمانـڕەوا بـە باشـبوونی خەڵكەكـەی دەبێـت.

ئـەوەش ئـەو هەڵوێسـتەیە كـە وا لـە لایەنگیـری فەرمانـڕەوا دەكات كـە بـۆ بنەمـاكان بێـت و، پابەندبوونی بـە دەسـتورەوە بەچاوپۆشـین لـە ڕەچەڵـەك و ئاسـتە چینایەتیەكـەی و، هیـچ فەزڵێـك بـۆ عەرەبـی نییـە بەسـەر عەجەمیەكـدا تەنهـا بـە خواپەرسـتی نەبێـت. حوكـم بـۆ بنەماكانـە نـەك بـۆ كەسـەكان و كەسـەكان تەنهـا نوێنەرایەتـی دەسـەڵاتێكی جێبەجێـكاری پوخـت دەكـەن نـە یاسـادانانی و نـە دادوەریـش.

هەروەهـا ئـەو هەڵوێسـتەیە كـە وا دەكات فەرمانـڕەوا بـە هەڵبژاردنـی ڕاسـتەوخۆ بێـت نـەك ناڕاسـتەوخۆ، هەروەهـا ڕەتـی هەمـوو شـێوازەكانی دانـان دەكات چ بەئاشـتی و چ بەهێـز لەڕێگـەی بڕیارەكانـەوە یـان كودەتاكانـەوە. بۆیـە سیسـتمە پێشـكەوتنخوازیە دیموكراسـیەكان بەسروشـتی خۆیـان گـەل مومارەسـەی مافەكانـی دەكات تێیانـدا.

دواجاریـش ئـەو هەڵوێسـتەیە كە سـەربەخۆی نیشـتمانی بـەدی دەهێنێـت، هەروەهـا دادپـەروەری كۆمەڵایەتـی لەئێسـتادا بەبـێ ئـەوەی چاوەڕوانـی دەركەوتنـی ڕزگاركەرێك بێـت لەئایینـدەدا، هەروەها گـەل دەتوانێت هێزەكانـی كۆبكاتـەوەو تەیاریـان بكات، بە سـەركردایەتی پێشـەنگەكانی لەئێسـتاداو بەبـێ چاوەڕوانـی دەركەوتنـی ڕزگاركەرێـك لەئاییـندەدا دەتوانێـت مافەكانـی لەوانـە بسـەنێتەوە كـە لێیـان زەوتكـردوە، ئیـدی لـەدەرەوە بێـت یـان لەناوخـۆدا. شـۆڕش مومكینـە لەئێسـتاداو جەمـاوەر دروسـتكەرەكەیەتی و، مافـی ئـەوەی هەیـە پێداچوونەوە بـە سـەركردەكاندا بـكات و دادگاییـان بـكات و دوریـان بخاتـەوە لەدەسـەڵات، ئـەوان بەهەڵەداچـوون و هیـچ كەسـێك لەهەڵـە بێبـەری نیـە. ئەمـەش هەڵوێسـتی چەپـە.

لەوانەیـە ڕاسـت سـوودگیریی لەهەڵوێسـتی چـەپ بـكات لەپێنـاو هەڵگێڕانـەوەی چینـەكان لـەدژی یەكتری و، بەریەكەوتـن لەنێـوان چینەكانـدا ڕووبـدات بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت كۆنترۆڵـی هەمـووان بكرێـت، بـەڵام چـەپ بـە شـێوازی خـۆی لـە بەرپاكردنـی یەكێتـی نیشـتمانی دەتوانێـت لەبـەردەم هەلخوازیەكانی ڕاستدا بوەسـتێتەوە. هـەروەك چـۆن دەكرێـت چەپ سـەرلەنوێ شرۆڤـەی هەڵوێسـتی ڕاسـت بكاتـەوە بەتایبەتـی ئەگـەر گـەل خوازیـاری كەسـێتیەكی سـەركردەیی و مەیدانـی بێـت كـە جەمـاوەر گوێڕایەڵـی و فەرمانبـەرداری بـۆ بـكات، بـەڵام بـۆ خۆپاراسـتن لەهەڵـەكان دەكرێـت بنكـە میللیـەكان بـۆ پێداچوونـەوە دابمەزرێنرێـن و بـۆ دڵنیابوونـەوە لـە شـێوازی دیموكراسـی لـە مومارەسـەدا.

11. دوای كاری كۆمەڵییـش كاری مێژوویـی دێـت واتـە كاری كۆمەڵـی كاتێـك كەڵەكە دەبێـت كات تێپەڕدەبێـت، وە گوزارشـت لـە بوونـی كۆمـەڵ دەكات لەمێـژوودا. لێـرەدا هەروەهـا دوو هەڵوێسـت بەدیاردەكەوێـت.. یەكـەم هەڵوێسـتی ڕاسـت كـە لەسـنووری كاری كۆمەڵیـدا دەوەسـتێت بەبـێ لەخۆگرتـن و باسـكردنی

بابەتی نەتەوە لە مێژوودا، پاشانیش مێژوو لەحسابەکەی دەکاتە دەرەوە. لەبەرئەوە سیستەمە ڕاستڕەوەکان کار لەسەر سڕینەوەی شوێنەوارو سیما مێژووییەکان دەکات، هەروەها لەسەر دورخستنەوەی گەل لەئاراستەکەی، وە بۆ تۆمەتبارکردنی هەموو بزوتنەوە نیشتمانیەکان لەمێژوودا بەوەی کە ئاژاوە دەنێنەوەو پشێوی لە ئاسایشی گشتیدا دروست دەکەن و، لە ڕژێم یاخی دەبن. ئەگەریش کەسێك ئەو ڕێیەی گرتەبەر ئەوا حوکم بەسەر مێژوودا دەدات بەوەی لەسەر هێڵێکی داروخاو دەچێت بەرەو ئایندە، بەڵکو مێژوو لە ڕابردودایە « باشترین سەردەمەکان سەردەمی منە...» چەندێکیش مێژوو بەرەو پێش بڕوات ئەوا مێژوو دادەڕمێت هەتا دەگەینە سەردەمی ئێستامان، ئەوا پێشکەوتنی مێژوو بۆتە دارمینێکی تەواوەتی و، کەوتنێکی گشتگیر» ئیسلام بەنامۆیی هاتوەو نامۆش دەبێتەوە وەك سەرەتا کە هات..» پێشکەوتنی ڕاستەقینەش بریتییە لە گەڕانەوە بۆ دواوەو، گەشتنەوە بەچاخی ئاڵتونی کە ڕۆیشتوەو بەسەرچووە، چاخی پێغەمبەرایەتی و هاوەڵان و جێنشینەکان، لەبەرئەوە سیستەمە ڕاستڕەوە کۆنخوازەکان وەردەچەرخێنەوە بۆ سەردەمەکانی پاشا مەزنەکان و، شانشینە گوزەراوەکان، کاتێك کۆشکەکان بونیادنران و، مۆزەخانە هونەریەکان بەرپاکران و، ڕێگاو کەناڵەکان لێدران و، هونەرەکان و ئەدەب گەشانەوە.

ئەوەش ئەو هەڵوێستەیە کە یەکێتی ئوممەت بەلایەوە گرنگ نابێت هێندەی ئەوەی ڕاگەیاندن لەبارەی گروپی سەرفرازو لەناوبردنی گروپە گومڕاکانەوە بەلایەوە گرنگە، گروپە سەرفرازەکە یەکێکەو، گومڕاکان کۆی ئوممەتن! سەرفرازبوو جێگرەوەی شەرعی جێنشینیە کە بە ڕۆڵی خۆی جێگرەوەی شەرعی پێغەمبەرایەتیە، پاشانیش هەرکەسێك لە ڕێگە ڕاستەکە لابدات بە کوفرو لادەرو یاخیبوو تۆمەتباری دەکات. ئەگەریش گواستمانەوە بۆ سیاسەت دەبینین ئەم هەڵوێستە مێژووی ئوممەت دەکاتە یەکێك، مێژووی پاشایەتی یان خێزانی فەرمانڕەوا، نەك مێژووی گەلە گومڕاو پەرتبوو و هەژارو نەزانەکان، لێرەدا لایەنگیری بە گوێڕایەڵی بۆ فەرمانڕەواکان یان نەجیبزادەکان یان بۆ پاشاکان یان سەرکردەکان دیاری دەکرێت.

لەبەرامبەر ئەوەدا، هەڵوێستێکی تر هەیە، بریتییە لە هەڵوێستی چەپ کە وا دەکات مێژوو بەشێکی جیانەبووە بێت لە قەوارەی تاك و کۆمەڵ. بەوەش چەپ تێڕوانینێکی مێژوویی بوو بۆ سیاسەت یان شیکارێکی مێژویی بۆ کۆبونەوە یان مشتومڕێکی مێژوویی بۆ ململانێ. چەندێکیش گەل هۆشیاربێتەوە لەهەر قۆناغێك لە مێژوو کە تێیدا دەژی ئەوا زیاتر پەیوەست دەبێت بەشۆڕشەوەو، دڵگەرمی زیاتر دەبێت بۆی. ڕەنگیشە لەنەهامەتیەکانی ئێستامان ئەوە بێت کە نازانین ئێمە لەچ قۆناغێکی مێژوودا دەژین، هەربۆیە شۆڕشەکانمان دەکەون و سەرکەوتوو نابن.

مێژووش ناگەڕێتەوە بۆ دواوە بەڵکو بریتییە لە جوڵەیەك بەرەو ئایندە دەڕوات، ئایندە پێکدێت لە ئیمکانیەتی بوژانەوەیەکی گەورەتر لەوەی لە ڕابردودا

هەبـوو، هەمـوو نەوەیەکیـش هەنگاوێـك پێشـکەوتن بـەرەو پێـش دەبـات هەتـا ئەگـەر لـە ڕوکەشیشـدا پاشـگەزبوونەوەو بـۆ دواگەڕانـەوە بێـت، قۆناغـی بـۆ دواگەڕانـەوە بەدوایـدا پێشـکەوتن و بـەرەو پێشـچوون دێـت، بۆیـە دەبینیـت قۆناغـی شۆڕشـەکان لەپێشـیەوە دەیـان قۆنـاغ هاتـووە کـە تێیـدا کۆمەڵگـە کشـومات و وەسـتاو و مەنگـە. دەکرێـت پاڵەوانـەکان لـە مێـژووی نەتەوەییـداو ئاماژەکـردن بـە چیرۆکەکانـی پاڵەوانێتـی بـە پاڵنـەرو جوڵێنـەر دابنرێـن بـۆ بزواندنـی گـەلان نـەك پێوەرێـك بـۆ پێشـکەوتن کـە بەهـۆی گەڕانـەوە بـۆ دواوە بـەدی بێـت. وای لێهاتـووە پێشـکەوتن بۆتـە وەسـفێك بـۆ زۆربـەی سیسـتمە چەپـەکان و، ناونیشـانێك بـۆ بزوتنـەوە شۆڕشـگێڕیەکان و، دروشـمێك بـۆ حزبـە تێکۆشـەرەکان. ئەمـە ئـەو هەڵوێسـتەیە کـە وای دادەنێـت میراتگرییەکی شـەرعی هەبێـت بـۆ گروپێـك لەسـەر حسـابی گروپێکـی تـر، یـان بـۆ حزبێـك لەسـەر حسـابی حزبەکانـی تـر، یـان بـۆ خێزانێـك یـان هۆزێـك، لەسـەر حسـابی خێزانـەکان و هۆزەکانـی تـر. بەڵکـو ئوممـەت هەمـووی یـەك یەکەیـە تێکۆشـەرەکانی لەهـەر کوێیـەك بـن دەستنیشـانیان دەکات و جیایـان دەکاتـەوەو، دەسـتەو گروپەکانـی و ئاراسـتەکانیان هەموویـان کۆدەکاتـەوە لەیەکەیەکـی نیشـتمانی و لەشـێوەی کۆبونەوەیـەك یـان بەرەیەکـدا، هیـچ یەکێـك ئـەوی تـر تەکفیـر نـاکات، هەروەهـا هیـچ حزبێـك حزبێکـی تـر بـە گومـڕا یـان یاخیبـوو تۆمەتبـار نـاکات، بەڵکـو مەحەکـی کۆبونـەوە بریتییـە لـە ئینتیمای نیشـتمانی بـۆ هـەر حزبێـك، نـەك تەنهـا دروشـم یـان ئـەو بنچینـە تیۆریانـەی کـە لەسـەری وەسـتاون.

12. ئایا تـا ئەو ڕادەیـە بابەتەکانی زانسـتی بنچینـەی ئایین کۆتاییـان دێـت کـە لەپێشینەکانەوە بۆمـان ماونەتـەوە، وە هیـچ شـتێکیان بۆ زیـاد ناکەین یـان لەتوانادایـە زیادەیەکی نوێـی بخەینـە سـەر کـە لـە ڕەوشـەکانی سـەردەمەوە وەرگیـراون؟ لێرەشـدا هەروەهـا دوو هەڵوێسـت هـەن: یەکـەم کورتکردنـەوەو ڕازیبـوون بـەوەی پێشـینەکان ووتویانـە، ئـەوان شـتێکیان نەهێشـتۆتەوە چ گـەورە بێـت یـان بچـووك باسـیان لەبـارەوە کـردوە، شـتێکیان بـۆ ئێمـە نەهێشـتۆتەوە تەنهـا ڕاڤەکـردن نەبێـت یـان هێشـتنەوەی بـاوەڕو داڕشـتنەوەی لـە پەنجاداو ئەمـەش هەروەهـا ئـەو هەڵوێسـتەیە کـە وا دەکات زانسـتی بیروبـاوەڕ بەخـۆی بەرپـاو سـەربەخۆ بێـت و هیـچ پەیوەندییەکـی بـە ڕەوش و بارودۆخـی خەڵـك و ڕەوشـەکانی سـەردەمەوە نەبێـت. خـودا بوونـی هەیـە، هیـچ ناوەڕۆکێکـی کۆمەڵایەتـی نییـە، بەڵکـو تەنهـا حوکمدانێکـی وێنەیـی پوختـە لەسـەر بوونـی خـوا، ئەمـەش هەڵوێسـتی ڕاسـتە، ئەگەریـش گواسـتمانەوە بـۆ سیسـتمە سیاسـییەکان دەبینیـن هەروەهـا سیسـتمە ڕاسـتڕەوەکان پێیـان وایـە ئـەو ڕەوشـەی هەیـەو بەرپایـە باشـترین ڕەوشـەکانەو، لەتوانـادا نییـە شـتێك لـەوەی هەیـە زیاتـر بئافرێنرێـت و، سیسـتم گەیشـتۆتە ئاسـتی کەمـاڵ ناکرێـت هیـچ زیـادو کەمێکـی بـۆ بکرێـت، بیروبـاوەڕەکان تایبەتمەنـدن بـە ژیانـی ئایینـی و، سیسـتمی سـەرمایەداری بـە مەسـەلە ئایینییـەکان و، مـرۆڤ دوو ژیـان دەژی، ژیانێـك لەنـاو کارگەکـەی یـان فرۆشـگەکەی یـان کۆمپانیاکـەی چـی بوێـت دەیـکات بەپێـی ڕژێمـی سـەرمایەداری و، ژیانێکـی ئایینـی لـە پەرسـتگاکەیدا کـە تێیـدا نوێژەکان لەکاتەکانـی خۆیـدا دەکات و مومارەسـەی دروشـمەکانی دەکات.

لەبەرامبەر ئەوەدا، هەڵوێستێکی تر هەیە وا لە زانستی بنچینەکانی ئایین دەکات پەرەسەندوو بێت. بیروباوەڕەکان تەنها ئەحکامگەلێکی وێنەیی نین بەڵکو خاوەن ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتین کە ئیلهامیان لە سەردەمەوە وەرگرتووە، خودا ئێستا پەیوەستە بەزەویەوە، خودا بەهایەو، زەوی مەبەستە، پاشانیش سەرلەنوێ ڕاڤەی بەهاکان دەکرێتەوە بەپێی ویست و داواکاریەکان و خودا پەیوەستە بە شۆڕشەوە، خودا هۆیەو، گەشەپێدان ئامانجە، پاشان سەرلەنوێ ڕاڤەی ئامانج دەکرێتەوە بەشێوەیەك خزمەتی ئامانجی گەشەپێدان بکات و بەوشێوەیە. ئەمەش هەڵوێستی چەپە. چاکسازە کۆمەڵایەتییەکانمان هەوڵی دامەزراندنیان داوە لەپێش هەموویانەوە ئەفغانی و، ئیقبال و، کەواکیبی و، سنووسی و، مەهدی و، محەمەدی کوڕی عبدولوەهاب و کەسانی دیکە لە نوێنەرانی بزوتنەوەکانی چاکسازی نوێ، ئەفغانی هەوڵیدا خودا پەیوەست بکات بە زەویەوە لەپێناو دەرکردنی داگیرکەران لەزەوی موسڵماناندا، هەروەها لەپێناو ڕزگارکردنی جوتیاران لە گرێگۆڵەی دەرەبەگەکان» سەیرم لێدێت ئەی جوتیار، بە پاچەکەت زەوی لەتدەکەیت، بەڵام دڵی ستەمکارەکەت لەت ناکەیت؟».

هەروەها مەهدی هەوڵیدا ئایین پەیوەست بکاتەوە بە شۆڕشەوە لەپێناو بەرگریکردن لەوڵات لەدژی داگیرکەران، وەك چۆن سنووسی هەوڵیدا ئایین پەیوەست بکاتەوە بە بەرگریەوە لەپێناو دەرکردنی داگیرکەرە بیانیەکان، هەروەها محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب هەوڵیدا بیروباوەڕەکان ئاراستە بکات بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی و، ڕوبەڕووبوونەوەی گەندەڵیەکانی سەردەم. وەك چۆن کەواکبی هەوڵیدا ئایین پەیوەست بکات بە پابەندبوونەوەو، ڕوبەڕبوونەوەی خەمساردی و گوێپێنەدان کە وا موسڵمانانی تێکەوتووە، هەروەك چۆن هەوڵیداوە پەیوەندی دروست بکات لەنێوان ئایین و ڕزگاربوون لەپێناو لەناوبردنی دیاردەکانی بەکۆیلەکردنی مرۆڤەکان لەم سەردەمی هاوچەرخماندا. قاسم ئەمین هەوڵیدا پەیوەندی دروست بکات لەنێوان ئایین و یەکسانی نێوان پیاو و ژندا لەپێناو گێڕانەوەی مافەکانی ژن کە لەسەردەمەکانی نەزانی و دارماندا دەستەبەرداریان بووە، هەروەك چۆن ئیقبال هەوڵیدا پەیوەندی دروست بکات لەنێوان خواو خودییەت لەپێناو گێڕانەوەی پێکهاتەی تاکی موسڵمان لەدژی نەریتەکانو، دەرخستنی لایەنەکانی ڕەسەنایەتی و ئەفراندن لەرووبەڕبوونەوەی خۆرئاوادا بە مادییەت و لەبەریەك هەڵوەشانیەوە- پاشانیش دەکرێت مادەیەکی نوێ زیادبکرێت بۆ فێربوونی بنچینەکانی ئایین کە لاهوتی زەوی لەخۆبگرێت، هەروەها لاهوتی شۆڕش و، لاهوتی پێشکەوتن و، لاهوتی گەشەپێدان و لاهوتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و- لاهوتی ڕزگاربوون و لاهوتی بەرگریی و..هتد بەکورتی لاهوتی سیاسەت کە ئەوە گرفتی سەردەمە کە مادەیەکی نوێ بۆ زانستی بنچینەکانی ئایین زیاد دەکات، پاشانیش ئەو ناکۆکیە تەقلیدیە لادەبات لەنێوان عەقیدەو شەریعەتدا یان لەنێوان بنچینەکانی ئایین و بنچینەکانی فیقهدا.

ئەركی ئێمە ئێستا بریتییە لە پەرەسەندنی فیكری چاكسازی نوێ و، هاندانی هەنگاوێك بۆ پێشەوە، بژاردەی میسر بەم ڕەوشەی ئێستایەوە بریتییە لە بژاردەی چەپ، پاشانیش بژاردە فیكریەكەی بریتییە لە چەپی ئایینی كە لە بزوتنەوەكانی چاكسازیەوە دەستی پێكرد لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و پابەندبوونی بەمەسەلەكانی سەردەمەوە. هێشتا هەموو مەسەلەكان كە چاكسازی ئایینی وروژاندی هێشتا بەرەكەی پێنەگەیوە، ئەگەر ئێمە بزوتنەوەكانی چاكسازی ئایینیمان پەرەپێدا و هەنگاوێك پاڵماندا بۆ پێشەوە ئەوا لەڕۆڵی چاكسازیەوە دەگوازینەوە بۆ ڕۆڵی ڕاپەڕین و، شۆڕش، ئەمەش ئەوەیە كە هەموومان خوازیارینی.

لە كۆتاییشدا نامەوێت كلیلێك پێشكەش بكەم و بڵێم كە چەپ و ڕاست لە فیكردا ئەشعەریەكان و موعتەزیلە نوێنەرایەتیان كردوە لەمێژووی كۆمانندا، ئەشعەریەكان بریتی بوون لە ڕاست لەفیكری ئاییندا، موعتەزیلەش بریتین لە چەپ لە فیكری ئایینیداو پاشانیش تراژیدیاكەمان ئەوە دەبێت كە ئێمە بە پێكهاتەی ئەشعەریمان ڕاستین، لەكاتێكدا ئێمە بەڕەوشی كۆمەڵایەتیمان و داهاتی سنووردارمان و زەویە كشتوكاڵیەكانمانەوە چەپین. پاشانیش بژاردەی فیكریمان جیاواز دەبێت لەواقیعی مادیمان لێرەوە پێویستی سەرلەنوێ بژاردەی فیكری بەدیاردەكەوێتەوە هەتا فیكر لەگەڵ واقیعدا بگونجێت. بەڵام من ئەوە بەجێدەهێڵم بۆ هەڵگۆزینی خوێنەران و باشی بەرچاوڕوونیان، ئەگەر ویستیان ئەنجامی دەدەن، ئەمەش بەتەنها بەرپرسیارێتی ئەوانە.

ئەوەی زیاتر مایەی سەرسامیە كە بە بەردەوامی مەسەلەی « ماركسیزم و ئایین» و بەشێوەیەكی ڕۆژانە بوروژێنرێت.. لەهەموو دەزگاكانی ڕاگەیاندندا.. وەك ئەوەی ماركسیزم بریتی بێت لە مەترسی هەمیشەیی لەسەر ئایین و دونیامان بێ ئەوەی بەوە بزانین كە ئەم جەنگە كە وروژێنراوە لەڕاستیدا شوێنەوارێكە لە شوێنەوارەكانی داگیركەری ڕۆشنبیری لەوڵاتدا... ئەم داگیركەرە كە وویستی- بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ئابووری و سەربازیەكانی لەناوچەكەداو، بۆ ئەوەی لەرووی بزوتنەوە ڕزگاریخوازو نیشتمانی و پێشكەوتنی كۆمەڵایەتییەكان بوەستینەوە، هەروەها بۆ شێواندنی هەڵوێستەكانی هەموو ئەوانەی كە پشتیوانی لێدەكەن لە هێزەكانی ئازادی و ئاشتی- ڕەواجدان بە ئەوەی ماركسیزم دژ بە ڕێنوماییەكانی ئایین و خراپەكاری ڕەوشی دونیایەو سەرگەردان بوونە لەڕۆژی دواییداو، خۆی وەك بەرگریكارێك لە ئایین و دونیا دادەنێت پێكەوە. لەڕاستیدا مەبەستەكە پارێزگاریكردن نییە لەئایین چونكە خۆرئاوا هێشتا لەخاچپەرستیەكەیدا دەژی بەڵام بەشێوەیەكی نوێ و، فرە چەشن، بەرگری لە ئیسلام و موسڵمانان دەكات، مەبەستیش لەوە دوژمنایەتیكردنی بزوتنەوە نیشتمانیەكان و هێزە پێشكەوتنخوازیەكان و سیستمە سۆسیالیستیەكانە بۆ ئەوەی ڕەوشەكە بۆ داگیركەر خۆش بكەن و، بەردەوام بێت لە بەتاڵانبردنی سامانەكان و وڵاتان بخەنە ناو تۆڕی هاوپەیمانێتیەكان ئەمەش ئەوەیە كە سیستمە سەرمایەدارییەكان هەر لە سەدەی ڕابردووەوە ئەنجامی دەدەن- هێشتا كڵێسای خۆرئاوای و هەتا ئەمڕۆش ڕەواجی پێدەدەن بێ ئەوەی كەڵكێكی هەبێت

لەبەرامبەر پێشکەوتنی حزبە سوشیالیستیەکاندا و، فراوانبوونی بنکەکانی حزبە کۆمۆنیستەکان و، زیادبوونی جەماوەریان. بەهۆی ئەوەشەوە کە سیستمە سەرمایەدارییەکان تێیدا سەرکەوتوو نەبوون لەخۆرئاوا، ئەوا جارێکی تر ئاراستەی وڵاتە تازە گەشەسەندووەکانی دەکەنەوە، لەڕێگەی سوودگیریی لە ناروونی فیکری و، فۆرمەلەنەبوونی ئایدۆلۆژیەت و ئاییندارى و باوەڕیەوەو، تێپەڕینی بە ماوەیەك لە دواکەوتنی شارستانی.. شوێنکەوتەیی ڕۆشنبیرەکانی بۆ خۆرئاواو لاسایکردنەوەی.

هەروەها ئەوەی زیاتر جێگەی سەرسامیە ئەوەیە کە مەسەلەی «سەرمایەداری و ئایین» نەوروژێنرێت کە زیاتر مەترسیدارە بەنسبەت کۆمەڵگەی ئێستامانەوە. ئەگەریش ئێمە بەڕاستی سورو پێداگربووینایە لەسەر ئەوەی بە بەردەوامی دەیڵێین.. وە ئەوەی کە دەیان جار نووسیومانە لە بەڵگەنامەکانی شۆڕش.. هەروەها ئەوەی ئیمزامان لەسەری کردووە لەماوەی چارەکە سەدەیەکداو بەگونجاومان زانیوە مەبەستم « حەتمیەتی چارەسەری سۆسیالیستیە».. ئەوا «سەرمایەداری» ئەوکات دەبێتە هەڕەشەو مەترسیەکی ڕاستەقینە لەسەر ژیانمان، لەبەرئەوە واقیعی ئێمە لە میصر بە داهاتە سنووردارەکەیەوەو، چڕی دانیشتوانەکەیەوە ڕێگەی سۆشیالیزم بۆ گەشەپێدان دەسەپێنێت.. سەرمایەداری دەبێتە دوژمنی هەرە گەورە لەسەر گەشەپێدان و بەربەستی سەرەکی بۆی، نەوروژاندنی مەسەلەی « سەرمایەداری و ئایین» ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئێمە هیچ ناتەواویەك لەوەدا نابینینەوە کە سەرمایەدار بین یان دیندار لەسەر شێوازی سەرمایەداری.. سەرمایەداری و ئایین هاوڕان لەسەر ئەوەی لەنێوانیاندایە لەئامانجەکان و ئامرازەکان. لەئیسلامی یەکەمدا دەوڵەمەندەکان بەپارەو سامانەکانیان سوپای موسڵمانانیان پڕچەك و تەیار دەکرد... لەناویاندا گەورە هاوەڵان و ئەوانە هەبوون کە مژدەی بەهەشتیان پێدرابوو. هیچ ڕێگریەکیش نییە لەوەی کە دەوڵەمەندانی موسڵمانانی ئەمڕۆش بەهەمان ئەو کارە هەستن کە دوێنێ دەوڵەمەندەکانیان ئەنجامیان دابوو هەتا خوای گەورە پیرۆزی و بەرەکەت بخاتە ماڵ و سامانیانەوە.. سامانەکانیان چەند هێندە بکاتەوە. ئەگەریش سەرمایەداری لەبنچینەدا لەسەر چالاکی تاك و ئازادی ڕەهای وەستابێت ئەوا ئایینیش هەروەها نکوڵی لە ئازادی و چالاکی تاك ناکات. لە ڕاستیدا ئێمە بەپێی ئەمە دەبینە سەرمایەداری و پێشمان وایە کە دینداریـن... سەرمایەداری لە ڕاستیداو.. دیندار لەشێوەو ڕوخساری دەرەکیدا.. زۆرجاریش بەرگری لەسەرمایەداری دەکەین و پێمان وایە ئێمە بەرگری لە ئایین دەکەین.. بەڵام ئێمە لەڕاستیدا بەرگری لە سەرمایەداری دەکەین.

ئامانجی ئێمەش لێرەدا ڕوونکردنەوەی ئەم تێکەڵکردنە شعوری یان ناشعوریەیە لەنێوان سەرمایەداری و ئاییندا لە ویژدانی نەتەوەییماندا هەتا بتوانین ئایین پوخت بکەینەوە لەو شتانەی پێوەی هەڵواسراون لەشوێنەوارەکانی داگیرکەر مەبەستم وێناکردنەکانی سەرمایەدارییە بۆ جیهان، وە بەشێوەیەك ڕاڤەی ئایین بکەین کە واقیعی ئێستامان دەیخوازێت، بەشێوەیەك کە ئایینمان ببێتە وێنە یان چوارچێوەو واقیعمان

ناوەرۆکەکەی. ئەمەش ئەرکی ئێمەیەو ئەرکی فەقیهە موسڵمانەکانە ئەوانەی کاری ئیجتیهادکردنیان لەئاییندا پێیان سپێراوە، هەروەها جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی شەریعەتەکەی لەبری ئەوەی هەموومان ببینە قوربانی داگیرکەری ڕۆشنبیری لەوڵاتداو، باوەڕ بە زاڵم و ستەمکار بێنین و وابزانین ئێمە بڕوامان بەخوا هێناوە.

ئەرکی ئێمەش بریتییە لەراستکردنەوەی ڕەوشە ڕۆشنبیرییەکانمان و، دۆزینەوەی جەنگە ڕاستەقینەکان کە واقیعەکەمان دەیسەپێنێت و لەڕێگەیەوە بەرژەوەندییەکانمان بەدی دێت و ئاڵوگۆڕکردنی بە جەنگە وەهمیەکان کە داگیرکەر لەنێوانماندا بەرپای کردوە بۆ ئەوەی دورمان بخاتەوە لەواقیعەکەمان و لە دیتنی بەرژەوەندیە ڕاستەقینەکانی خۆمان ئەمەش لەڕێگەی وەهم دروستکردن و فێڵکردنەوە. ئەرکی ئێمە بریتییە لە وەستان لەبەردەم مەترسیە کرداریەکاندا و ڕوونکردنەوەی هەڵویستی شارستانیمان. زۆرجاریش خۆرئاوا لەحساباتەکاندا بەهەڵەدا دەچێت، پێی وایە داگیرکەری ڕۆشنبیری بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوەو، جەماوەر لەوڵاتە تازەگەشەسەندوەکاندا لەو دواکەوتنە شارستانیەی تێیدایە بەهەمیشەیی دەمێنێتەوەو، ڕۆشنبیرەکانی تا ئەبەد وەك نوێنەری کولتوورو ڕۆشنبیری خۆرئاوا لەوڵاتەکانیاندا دەمێننەوەو کار بۆ بەرژەوەندی بیانی دەکەن و، بیانی سوودیان لێدەبینێت بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی و، سەرلەنوێ فەرمانڕەواییکردنی وڵات بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لەڕێگەی بریکارەکانیەوە لەوڵاتدا. بەڵام لە هەستکردنمانەوە بە بەرپرسیاریتی ڕۆشنبیران کە پێشەنگی جەماوەرن، ئەوا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەم تێکەڵکردن و شێواندنە لەرۆشنبیری نیشتمانیماندا ڕوونبکرێتەوە کە ئێمە لەئێستادا لەبەردەم بەرپاکردنی ڕاپەریندایین لەپێناو چەسپاندنی ڕێساکانی شۆڕش و بنەما دەرونی و فیکریەکان و لەناوبردنی هەموو ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەپێدان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

1. سیستمە سەرمایەدارییەکان سورن لەسەر ئەوەی وا لە خودا بکەن لەدەرەوەی سروشتەوە بێت، لەودیو جیهانەوە بێت، لەدەرەوەی کات و شوێنەوە بێت، مەحاڵە دەرك بکرێت یان وێنا بکرێت، ناکرێت ببینرێت یان بیری لێبکرێتەوە بەڵام دەکرێت لێی بپاڕێیتەوە یان ڕازونیازی لەگەڵدا بکرێت و، لەکاتی پێویستدا داوای کۆمەك و هاریکاری لێ بکرێت. پاشانیش هەستی جەماوەر ئاڕاستە دەبێت بۆ دەرەوەی جیهان، دوردەکەوێتەوە لەم جیهانەو، بەجێی دەهێڵێت لەدەستی خاوەن سەرمایەکان دوای ئەوەی بوارەکەی بۆ چۆڵکراو هیچ ڕکابەرێکی نەماو، زاڵ بوو بەسەریداو قۆرخیکرد. هەرکاتێکیش هەستی جەماوەر ئاڕاستە بوو بۆ دەرەوەی جیهان کۆنترۆڵکردنی لە لایەن خاوەن سەرمایەوە زیاتر دەبێت. لەمەشدا فەلاح سوودانی دەڵێت: خۆشحاڵ بووم لە زەویەکەمداو کێڵگەکەم دەچاندو، وڵاخەکانم دەلەوەڕاند، ڕۆژێکیان، مرۆڤێکی ڕەشپۆش هات لەدەستیدا کتێبێك هەبوو، پاش ماوەیەك ڕۆیشت، دواتر کتێبەکەم لەدەستی خۆمدا دیتەوەو زەویەکەشم لەدەستی ئەودا!

ئەگەر ڕەوشی خەڵکیشی بەرەو خراپی چوو، باری گران بوو، هەژاری بڵاوبۆوە، ئەوا خەڵك ڕوو لەخوا دەکەن و، داوای دابینکردنی پێداویستیەکانی لێدەکەن خاوەن سەرمایەش بەمە خۆشحاڵ دەبێت و، دەبەخشێت و، خەم و خەفەتی خەڵك دەڕەوێنێتەوەو، پێداویستیەکانی خەڵك دابین دەکات، وەك جێنشین کیسە پارە بەچەپ و ڕاستدا فڕێدەدات لەکاتێکدا خۆی لەناو کۆشکەکەیدایەو دەستەکان بەرزیان کردۆتەوە بۆ ئاسمان، خودا بەخشەرو گرۆهیکارە، ڕۆزیدەرو دەستگیرۆیکارە، پاشانیش هەستی خەڵك ڕادێن لەسەر داواکردن و، چاوەڕوانیکردنی پێبەخشین.

ئەمەش ئەوەیە کە سیستمی سەرمایەداری دەیەوێت لە بونیادنانی دەرونێك بۆ جەماوەرو ئێمە کاتێك داوا لەدەوڵەمەند دەکەین و، داوا لەبەخشەر دەکەین و لێی دەپاڕێینەوە ئەوا ئێمە دەبینە دیلی وێناکردنە سەرمایەدارییەکان بۆ ئایین، لەکاتێکدا ئێمە خاوەنی حەقین کە داواکردن و پاڕانەوە، وە مافێکمان هەیە لەسەرمایەیەداو داوای دەکەین بەبێ دەرۆزەکردن و، ئێمە مافمان هەیە لە زەویداو ئێمە داواکاری بەخشین و کۆمەکەکان نین.

زۆرجاریش وێنەی خواو جیهان دەکەین پێکەوە لە وێناکردنێکی قوچەکیدا ـ چەندە سەرکەوتین بۆ سەرەوە دەگەینە کەماڵێکی زیاترو کەموکوڕیەکی کەمتر، چەندێکیش دابەزین بۆ خوارەوە دەگەینە کەماڵێکی کەمتر و کەموکوڕیەکی زیاتر، لە لوتکەدا کەماڵی ڕەها هەیە کە هیچ کەموکوڕییەکی تێدا نییە، لە بنکەشدا کەموکوڕی ڕەها هەیە کەوا کەماڵی تێدا نیە. بەمشێوەیە پلەکان لەنێوان سەرەوەو خوارەوەدا جیاواز دەبێت یان لەنێوان کەماڵ و کەموکوڕیدا.

لەڕاستیشدا ئەم وێناکردنە هیچ پەیوەندییەکی بە ئایینەوە نییە بەڵکو وێناکردنی سەرمایەدارییە بۆ جیهان کەوا گوزارشت لە بونیادی چینایەتی کۆمەڵگە دەکات، کە سیستمی سەرمایەداری لە دەرونی خەڵکدا دەیچەسپێنێت و پشت بە جوڵەی کۆمەڵایەتی دەبەستێت کە سەرو خوار دەکات چەندێکیش سەرکەوتین بۆ سەرەوە کەمینە دەوڵەمەندترو کەمتر هەژار دەبێت، چەندێکیش دابەزین بۆ خوارەوە ئەوا زۆرینە هەژارو کەمتر دەوڵەمەند دەبێت. پەیوەندیش لەنێوان یەکێك و زۆردا بریتییە لە پەیوەندی کەمینە بە زۆرینەوەو، پەیوەندنیش لەنێوان خواو جیهان لەسەر ئەم شێوەیە لەڕاستیدا بریتییە لە پەیوەندی لەنێوان خاوەنی سەرمایەو کرێکاراندا.

هەندێك جاری تریش وێنای پەیوەندی لەنێوان خواو جیهاندا دەکەین وێناکردنێکی دوانەیی کە جیهان دابەش دەکات بۆ دووبەش وێنەیی و مادیی، هەمیشەیی و زەمانی، باقی و فانی، خولقێنەرو خولقێنراو، هۆ هۆکار، واش دەزانین ئەو وێناکردنە ئەوەیە کە ئایین دەیسەپێنێت کە لەڕاستیدا هیچ پەیوەندییەکی بەئایینەوە نییە بەڵکو لەدایکبووی سیستمی سەرمایەدارییە، یان وێنەی سیستمی سەرمایەدارییە لەسەر ئاستی دەرونی و زهنی چونکە ئەمە دەتوانێت وا لەجیهان بکات نێگەتیڤ بێت، ناتوانێت بەخۆی بەرپابێت هەتا جەماوەر ئاگانەبێت پێی و هەست بە بەهاکەی نەکات و بایەخی پێ نەدات، هەتا سەرمایەدار بتوانێت دەستی بەسەردا بگرێت و سوودگیریی لە سامانەکانی بکات و،

بازاڕەکانی قۆرخ بکات. ئەگەریش کەسی دیندار ڕێنومایيکرا بۆ ئەوەی تای دواڕۆژ بدات بەسەر دونیاداو، ڕۆح بەسەر جەستەداو، خولقێنەر بەسەر خولقێنراودا، ئەوا ئەمە ڕوودەدات بۆ ئەوەی کەسی سەرمایەداری بتوانێت بەشێوەیەکی ئازاد و دەستکراوە بژی لەدونیادا، لەجیهاندا چۆنی بوێت وا بژی، بەڵکو کەسی سەرمایەداری پاڵنەری ئایینی بەشێوەیەکی سەرمایەداری بەهێز دەکات لای جەماوەرو بەرنامە ئایینییەکانی بۆ زیاد دەکات و، ستایشە پێغەمبەرایيەکان بڵاودەکاتەوە هەتا وا لەجەماوەر دەکات واز لەدونیا بێنێت پاشانیش هیچ ڕێگرییەك نییە ئەگەر خاوەن سەرمایە هەفتەی جارێك یان لە بۆنەو چەژنەکاندا بەشداری ئەم دروشمە ئایینیانە بکات هەتا بەرگی خواپەرستی لەبەربکات، کە لەراستیدا خۆی لەپشتیەوە دەشارێتەوەو حەقیقەتی خۆی پەنهان دەکات، ئەمەش دەستگرتنە بەسەر جیهان و زاڵبوونە بەسەر سامانەکانیداو، سوودگیرییە لە هێزە مرۆییەکان بۆ بەرژەوەندی خۆی.

2. زۆرجاریش پێمان وایە ئاینداری بریتییە لە خوگرتن بە مەسەلە غەیبییەکان و جیهانی نهێنیەکان و، موعجیزەکان و، ڕاوەشاندنی سەرمان لە سەرسامی و خۆشی و، شەوق و کەیفدا، کە لەڕاستیدا ئەمە هیچ پەیوەندییەکی نییە بەئایینەوە بەڵکو تەنها ئەوەیە کە سەرمایەداری وێنایکردوە بۆمان وەك ئەوەی ئایین بێت، وتارگەلێکە لەلایەن ئەوەوە لەبارەی ئاینداریی لەپێناو شاردنەوەی ئەوەی کە لە سیستمەکەیدا ڕوودەدات لە سوودگیریی و قۆرخکردن و، بۆ پشتگیریکردن لە پایەکانی دەسەڵات و بەهێزکردنی بەوەی سەرنجی خەڵك ڕابکێشێت بۆ ئەوەی باقی و سەرسامکەرترەو، داواکردنی کامەرانی لە ناسینی خواو یەکگرتن لەگەڵیدا، وە لە جیابوونەوەی لە جیهان و دەرکردنی لەحسابەکە، هەربۆیە سیستمە سەرمایەدارییەکان لەهەوڵی زیاتر دروستکردنی مزگەوتەکان و، بەرپاکردنی دروشمەکان و، پشتیوانیکردن لە ڕێبازە سۆفیگەریەکان و، زیندوکردنەوەی یادەکانی لەدایك بوون و چوونە ناو غەیبیاتەکان و، بەڕێوەبردنی مشتومڕو لێدوانەکانن لەبارەیەوە. سیستمە سەرمایەدارییەکان غەیبیاتەکان لە دیمەنگەلێکی هەستیدا بەرجەستە دەکات بۆ ئەوەی ناوەڕۆکێك بدەنە ئایین لەناوەوەی و نەك ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی لە واقیعی خەڵکەوە.

هەموو ئەمانەش پەیوەندییەکیان نییە بە ئایینەوە، لەئیسلامدا هیچ کەسێك غەیبیات نازانێت جگە لەخوا، بەڵام مرۆڤ تەنها مامەڵە لەگەڵ جیهانی شەهادەتدا دەکات، شەریعەتی ئیسلامیش هەمووی بەرپابووە لەسەر جیهانی شەهادەت و بینراو، بەڵکو بیروباوەڕە ئیسلامیەکان هەموویان ڕێگەو ڕێبەری خۆیان لە جیهانی بینراو شەهادەتدا دەدۆزنەوە. باوەڕبوونمان بە غەیبیات و، قسەکردنمان لەبارەیەوەو، وێناکردنمان بۆی و، ناکۆکیمان لەبارەیەوەو تەکفیرکرنمان بۆ ئەوانەی نکوڵی دەکەن یان شرۆڤەی دەکەن، هەموو ئەمانە باوەڕن لەسەر شێوازی سەرمایەداری، بەشێوەیەك دەبینە قوربانی وێناکانی سەرمایەداری بۆ ئایین، بەشێوەیەك بڕوا بە سەرمایەداری دێنین و پێمان وایە بڕوامان بەخودی ئایین هێناوە.

لەکاتێکیشدا کە جیهانی نادیارو نهێنیەکان ناتوانرێت دەرك بکرێن بە کردار بەڵکو بەدڵ، ئەوا ئایین دەگۆڕێت بۆ باوەڕێکی صۆفی کە تێیدا ئیشراقاتەکان دەبنە بابەت و میتۆد، پاشانیش شێوازە صۆفیەکان زۆردەبن و، پێمان وادەبێت کە ئاینداری بریتییە لە سۆفیگەری، چەندێکیش ڕۆبچینە ناو ئایینەوە ئەوا ڕۆدەچینە ناو تەسەوفەوە، بەهەموو بەها نەرێنیەکانیەوە.

وای لێهاتووە کە سەیربێت سیستمی سەرمایەداری هەستێت بە ڕێنومایکردن لەئابووری و لەسەر تەسەوف لەئاییندا، وەك ئەوەی باوەڕ لەسەر شێوازی سەرمایەداری وا لەعەقڵ بکات بیکاتە ئامرازێك بۆ بەرێوەبردنی کاروبارەکانی دونیا بەتەنها، بە حساب و، برو پێوانە و، یاساکان، بەڵام کاروبارەکانی ڕۆژی دوایی و، کاروبارەکانی ئایین ئەوا لایەنە ویژدانیەکان و سۆزداریەکان و چێژەکانی هەیەو پاشانیش کەماڵی مرۆڤ بەدی دێت و خولیاو حەزەکانی عەقڵ و پێداویستیەکانی دڵ فەراهەم دەبن خاوەن سەرمایەش سامانی نەتەوەکان تاڵان دەکات و دەپارێتەوەو دەبێتە سۆفی و پەرستش دەکات!

هەموو ئەمانەش هیچ پەیوەندییەکیان بە ئایینەوە نییە، بەڵکو ئایین تەنها بایەخ بە جیهان دەدات کە بەپێی یاسایەك دەڕوات بەرێوە کە مرۆڤ بە عەقڵ دەرکی دەکات هەتا بتوانێت زاڵ بێت بەسەریدا و ملکەچی ژێر دەسەلاتی خۆی بکات و لەژیان و گوزەرانیدا سوودی لێ ببینێت. عەقڵیش هەردوو هەست و ئەزمونی ناوخۆیی لەخۆدەگرێت و مرۆڤ هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی کار لەم جیهانەدا بەهەموو هێزەکانیەوەو لەمەدا هیچ جیاییەك نییە لەنێوان عەقڵ و دڵدا تەسەوفیش بریتییە لە تەسەوف لەکارداو، لە چالاکی و، لە بەرهەمهێنان، نەك ئەو تەسەوفەی کە بەتاڵە لەهەر ناوەڕۆکێك.

3. مرۆڤ وا دەزانێت کە مومارەسەی ئایینی بریتییە لە بەرپاکردنی دروشمەکان و، موسوڵمان ئەوەیە کە پێنج بنەماکانی ئیسلام بەرپا دەکات، شایەتیدان و، نوێژکردن و، زەکاتدان و، ڕۆژوگرتن و، حەجکردن. شەهادەت دەیڵێین و، نوێژ بەرپای دەکەین و، زەکات دەدەین و، ڕۆژو دەگرین و، حەجکردن پێشبڕکێی بۆ دەکەین. شەهادەت تەنها دوو دەستەواژە زیاتری لێمان ناوێت، نوێژیش لە بیست و چوار کاتژمێر تەنها نیو کاتژمێر کاتی ئێمە دەبات، زەکاتیش تەنها دەیەکی ئەو ماڵەمان دەبات کە زیادەیە، کێ هەیە ئێستا ئەوەی هەبێت! حەجیش زیاتر قازانجی لێ دەبینین لەوەی زیانی لێ بکەین، لەڕووی ڕیکلام و ڕاگەیاندنەوە قازانجی لێ دەبینین، بەرگ و پۆشاکی تەقواو خواپەرستیش بۆ ناوبانگ یان بازرگانیە، یان تەنها عومرەیەکی گەشتوگوزاری یان بازرگانی دەکەین کە تێیدا هەرچی کێشی سوك بێت و نرخی گران بێت ئەوە دێنینەوە. هیچ ڕێگرییەکیش نییە لەوەی بەخەتی ئاڵتونی و لەتابلۆکاندا وتەی شەهادەت بنووسین و لەماڵ و نووسینگەکانماندا هەڵیبواسین یان مزگەوتەکان بونیاد بنێین و مینەبەرو شوێنەکانی بانگدان برازێنینەوەو دەنگۆی گەورەیان تێدا دابنێین و، زەحمەت دەکێشین لە بێسەروبەری کۆکردنەوەی زەکات و، اوا دەکەین دامەزراوە تایبەتمەندەکان دابنرێن لەلایەن کەسانی ئەهلی تەقواو پیاوانی

ئایینی و حکومەتەوە بەڕێوەبرێن بۆ کوکردنەوەی و دابەشکردنی، خەمی مانگی ڕەمەزان هەڵبگرین هاوین بێت یان زستان، کارکردن بێت یان حەوانەوە، خەرجیەکان و تێچوونەکان و، لەخوا بپاڕێنەوە ناو دەربچێت بۆ ئەوەی بچین بۆ حەج و، ڕێگاکانی دەستکەوتنی دراوی قورسمان لەبازاڕی ڕەشدا بۆ ئاسان بکات. ئەم تێکەڵکردنە لەنێوان ئایین و بازرگانیدا، لەنێوان خەمەکانی دونیاو خەمەکانی دوارۆژدا دەبێتە هۆی دزەکردنی فیکری سەرمایەداری و سیستمەکانی بۆ ناو باوەڕمان و بۆ مومارەسەکردنی دورشمەکانمان. لەباشترین ڕەوشەکانیشدا دروشمەکان بەرپادەکرێن لەرەوشێکی تەقواداو بێ هیچ ڕیکلام یان بازرگانیەك. لەم حاڵەتەشدا موسڵمان خۆی دەپارێزێت لە خراپیەکانی دونیاو خۆی لە ماندوبوونەکانی لادەدات و، خەریکی پەرستش دەبێت، بەمەش نزیکتردەبێت لەو سۆفیەی کە دەبێتە هاوبەشی سەرمایەداری گەردون، یەکەم بۆ دوارۆژو دووەم بۆ دونیا، بەمەش سەرمایەدار دڵنیادەبێتەوە لەزەویەکەی و ئەو گەرەنتی دەکات کە هیچ کەسێك ڕکابەری نیە تێیدا.

لە هەردوو حاڵەتەکەشدا، ئێمە دەبینە قوربانی، قوربانی شرۆڤەکردنی سەرمایەداری بۆ ئەو ئایینەی کە سیستمە سەرمایەدارییەکان و مومارەسە سەرمایەدارییەکان بۆ ئایین ڕەواجی پێدەدەن، وا دەزانین ئێمە خودا دەپەرستین و گوێڕایەڵی دەبین و لەڕاستیدا ئێمە سەرمایە دەپەرستین و گوێڕایەڵی دەبین ئیدی بەئاگایی بێت یان بێ ئاگایی. ئیسلام وەك ئەوەی ناسراوە تەنها پەرستشەکان نییە بەڵکو مامەڵەکانیشە بەڵکو مامەڵەکان خۆیان باڵاترن لە پەرستشەکان. ئەمەش ڕێگە زەحمەتەکەو، مومارەسە قورسەکەیە، هەموو کارێك پەرستشە، جوتیار لە زەویەکەیدا، کرێکار لە کارگەکەیداو، بازرگان لە فرۆشگاکەیدا، خوێندکار لە پەیمانگاکەیداو، سەرباز لە گۆڕەپانەکەیدا. پەرستش ئەوە نییە کە مرۆڤ ڕۆژانە پێنج جار چی دەکات لە نیو کاتژمێردا، بەڵکو ئەوەیە کە مرۆڤ ڕۆژەکە هەمووی چی دەکات لەماوەی بیست و چوار کاتژمێردا. پەرستش ئەوە نییە مرۆڤ چی دەکات لەناو پەرستگاکاندا، بەڵکو ئەوەیە خەڵك چی دەکات لەدەرەوەی ئەوانەوە، لە ماڵەکەیدا و لە شەقامەکاندا. حسابیش لەسەر بەرپاکردنی دروشمەکان نابێت بەڵکو لەو عەقڵەی کە بیری لەچی کردۆتەوە؟ وە لەو ماڵەی لەچیدا خەرجیکردوە؟ وە لەو کۆششەی لەچیدا کردویەتی؟ هەروەها ئەو کاتەی کە لەچیدا بەفیڕۆی بردوە؟ زانست پەرستشە، کارکردن پەرستشە هاوسەرگیری پەرستشە، ڕزگارکردنی زەوی پەرستشەو، زاڵبوون بەسەر دواکەوتندا پەرستشەو، ڕوبەڕبوونەوەی داگیرکەر پەرستشە، زاڵبوون بەسەر سوودگیریی ناڕەواو قۆرخکردن پەرستشە، بەرگریکردن لە مافی لاوازو بەشخوراوان لەهەر شوێنێك بێت پەرستشە. ئەوەی دەیەوێت پەرستش کورت بکاتەوە لە بەرپاکردنی دروشمەکاندا ئەوە قوربانی داگیرکەری ڕۆشنبیریە لەوڵات و وێناکردنی سەرمایەدارییە بۆ ئایین.

شەهادەت واتە ڕەتکردنەوەی هەموو خواوەندەکانی چەرخی ساختە، ئێمە دەڵێین « هیچ خوایەك» واتە لەوێناکردنماندا خواوەندی وەك شان و شەوکەت، هێزو

دەسـەڵات و، بـا... هتـد ڕەتدەكەینـەوە. ئەگەریـش لێـی دەربازبوویـن ئـەوا ئـەو كات خـوای ڕاسـتەقینە دەردەكەوێـت بۆمـان و دەڵێیـن « جگـە لەخـوا» -الا اللـه- ، كـە ئەمـە بنەمایەكـی هەمەگیـرە كـە هەمـووان لەبەردەمیدا یەكسان دەبن. شایەتیدانیش تەنها بەقسـە نییـە بەڵكـو بـەكارو قوربانیـدان و، نەیـاری و شـۆڕش و، بەرهەڵسـتی و شـەهیدبوونە، خواكانـی سـەردەم چەنـدە زۆرن . نوێژكـردن مەبەسـت پێـی دروشـمەكان نییـە كۆششـی بەردەوامـی مـرۆڤ و، كاری بەردەوامـی لەپێنـاو بەدیهاتنـی ئـەم بنەمـا تـاك و گشـتگیرەداو ئـەوەی لەخـۆی دەگرێـت لـە سیسـتمە كۆمەڵایەتییـەكان. زەكاتیـش ڕازیكردنێكـی مەیلـی مـرۆڤ ناگەیەنێـت و گەرەنتیكردنـی دەسـهات بـۆی مـادام ئـەوەی داوە كە لێی داواكـراوە، لەماڵـدا لەغەیـری زەكات مافی تریش هەیـە. زەكات مانـای ئەسـتۆپاككردنەوە ناگەیەنێت لەمافەكانی ئەوانـی تـر بەڵكـو مانـای سـەرەتای دووپاتیكردنـەوەی مافـی كەسـانی تـر دەگەیەنێـت هەتـا مـرۆڤ یەكسـان بێتـەوە لەگـەڵ ئەوانـی تـر لـەوەی كـە لەبەردەسـتیدایە. ڕۆژویـش مانـای نارەحەتكردن و خۆخسـتنە نـاو زەحمەت ناگەیەنێـت پاشـان دوای ئـەوە ڕازیكردنـی، بەڵكـو مانـای بەشـداریكردنی مـرۆڤ دەگەیەنێـت لەوەی لەبەردەسـتی مرۆڤدایـەو، كۆمەڵگـەی ئیسـلامی هـەژاری و برسـێتی تێـدا نیـە. حەجیـش مانـای گەشـتوگوزار یـان بازرگانـی یـان پڕوپاگەندەكـردن یـان ئەسـتۆپاككردنەوە ناگەیەنێـت لەگوناهـەكان، بەڵكـو واتـە كۆنگرەیەكـی گشـتی هەمـوو موسـڵمانەكانە بـۆ ئیجیتهادكـردن لە مەسـەلە گشـتییەكان كـە دەبێتـە مایـەی چاكـەو بەرژەوەنـدی بـۆ خەڵـك، هەمووشـمان ئـەوە دەزانیـن و هاوڕایـن لەسـەری بـەڵام

مومارەسـەكردنی ئاییـن لەسـەر شـێوازی سـەرمایەداری ئـەوا زۆرجـار لاسـایی و سـاناییە، ڕازیكردنـی ویژدانـە بـە ئاسـانترین ڕێـگاو هەرزانترینیـان.

4. ئێمـە هێشـتا هەڵەیەكـی بـاوو بـڵاو دوبارەدەكەینـەوە كـە داگیركـەری ڕۆشـنبیری لەنێوانـدا ڕەواجـی پێـداوەو، خۆرئـاوا بـۆی هەناردەكردویـن دوای ئـەوەی شكسـتی هێنـا لەبەكارهێنانیـدا ئەویـش بریتییـە لـە ملمڵانـێ لەنێـوان ڕۆحانیـەت و مادییەتـدا، هەركەسـێك بـڕوای بەخـواو كتێبەكانـی و پێغەمبەرەكانـی و ڕۆژی دوایـی هێنـا ئـەوا دەبێتـە ڕۆحانـی و هەركەسـێكیش كـە بـڕوای بـە كۆمەڵگـەو گۆڕانـی كۆمەڵایەتـی هێنـا هەروەهـا بـە شـێكاری ئامـاری و بـە فاكتـەرە كۆمەڵایەتییـەكان ئـەوا دەبێتـە كەسـێكی مـادی، ئێمـە بەرگـری لـە ڕۆحانیەتێكـی تیـۆری دەكەیـن ئەویـش ئـەو ڕۆحانیەتەیـە كـە سیسـتمە سـەرمایەدارییەكان ڕەواجـی پێـدەدەن، ئـەو دەیەوێـت تیۆرێـك بێـت هەتـا بتوانێـت كۆنترۆڵـی لایەنـە زانسـتیەكان بـكات، هەروەهـا دەیەوێـت ئەبسـتراكت بێـت هەتـا ئـەو ناوەڕۆكەكـە قـۆرخ بـكات و قوتـی بـدات. لەڕاستیشـدا هەركەسـێك بـڕوای بـە ڕۆحانیـەت هەبێـت بەمشـێوە بەتاڵـە لەهـەر ناوەڕۆكێـك و دەبێتـە قوربانـی فیكـری سـەرمایەداری و داگیركـەری ڕۆشـنبیری.

لەڕاستیشـدا ئـەم ڕۆحانیەتـە شـەلە بریتییـە لەخـودی مادییـەت، چونكـە وا لەجیهانـی مادیـی دەكات كـە هیـچ ڕۆحانیەتێكـی تێـدا نەبێـت، پاشـانیش سیسـتمە سـەرمایەدارییەكان لـەم جیهانـەدا چـالاك دەكات و، چـی بیەوێـت دەیـكات، سـوودگیریی و قۆرخـكاری

دەکات و زاڵ دەبێت و یاری دەکات، ئەگەریش ئەوەی وویستی بۆی بەدیهات ئەوا ڕۆیشتوە بەرەو ڕۆحانیەتی بەتاڵ و مافی خۆی پێداوە بەووشەکان و دروشمەکان یان مومارەسەکردنی دروشمی و سروتەکان، دڵەکان ئارام دەبن و ئەستۆکان پاك دەبنەوە پاشانیش سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ جیهان و چی بوێت تێیدا دەیکات بەبێ یاسا یان سنوورێك.

ئەم ڕۆحانیەتە مردووە بکوژەی ڕۆح ئەوەیە کە ئیسلام چەندین جار وریایی لەبارەوە داوە کە دەڵێت» لیس البر ان تولوا وجوهکم قبل المشرق او المغرب..» هەروەها پێغەمبەریش لەبارەیەوە وریایی داوە لەپراکتیزەکردن و هاوەڵان ئاماژەیان پێکردوە لە مومارەسەکردندا، ئەوەی کار بەدەستەکانی دەکات و خۆراك دەداتە ئەو برایەی کە خواپەرستی دەکات لەمزگەوتدا ئەوا لەو برایەی خواپەرسترە، ئەو دەستەی کاردەکات و لەزەحمەت و ڕەنجکێشاندا ترەکیوە دەستێکە خواو پێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێت، هەروەها ئەو پێیانەی دەڕوات و لەپێناوی خوادا یارمەتی دراوسێکەی دەدات و بەرگری لە نەهامەتی و پەتاکان دەکات ئەو پێیەیە کە تێربووە لە ڕۆحانیەت. ڕۆحانیەتی ئیسلامیش ناوەڕۆکدارە، ڕۆحانیەتی زەوی و سروشت و گەردون. لێرەدا جیاوازی دەسڕێتەوە لەنێوان ڕۆحانیەتێکی بەتاڵ و مادیەتێکی کەڕو ڕۆحانیەت دەبێتە مادەیەکی چالاك و بزواو، بەڵکو مادە بریتییە لە ڕۆحانیەتی بەرجەستەو بەدیهاتوو، جیهان هەمووی ڕۆحەو هەمووی مادەیە هیچ جیاییەك نییە لەنێوانیاندا ئەمەیش یەکێکە لەماناکانی یەکتاپەرستی، بەڵام ئێمە هەتا ئێستاش هێشتا قوربانی ڕۆحانیەتێکی شەلین و، بڕوامان بە ئایین هەیە لەسەر شێوازی سەرمایەداری.

5. خەڵك پێیان وایە ئەم جیهانە دروستکراوە بۆ ئەوەی مرۆڤ کەڵکی لێوەربگرێت « ماڵ و منال زینەت و جوانی ژیانی دونیان» پاشانیش بەهاکانی مرۆڤ دەگۆڕێن بۆ بەها بەکاربردنیە پوختەکان، داواکاریشیان بریتی دەبێت لە بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی خوشگوزەران و ساماندار. مادام مرۆڤیش بڕوای هێناوە بەخوا و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی و، بەرپاکردنی دروشمەکان و پایەکانی ئایین، ئەوا مافی خۆیەتی سوودمەندبێت لەو ڕۆزیەی خوای گەورە پێیداوەو، زیاتر لە جارێك هاوسەرگیری بکات و، بخوات و، بخواتەوەو، سوودمەندبێت لە ڕۆزی خوای گەورە، بەمشێوەیە برای موسڵمان یەکەم کەس دەبێت پەلاماری داهاتەکان دەدات و یەکەم کەس دەبێت بازدەدات بۆ نوێژکردن و، یەکەم کەس دەبێت پارە کۆدەکاتەوەو، یەکەم کەس دەبێت زەکات دەدات. ئەمەش هەروەها شوێنەوارێکە لە شوێنەوارەکانی سەرمایەداری لەئاییندا. ئایین هەموو شتێك دەخاتە خزمەتی مەسەلەیەك ئەویش بەدیهاتنی ئەمانەتپارێزیە لەسەر زەوی و، بەدوای پاکێتیدا دەگەڕێت و، داوای تێپەڕاندنی ژیانی دونیا دەکات وەك هەستکردنێکی بە پەیام و بەرنامەی خوا. بەها ئیسلامیەکان بەهاگەلێکی بەرهەمهێنانی

پوختن كەوا كەڵكیان تێدایە بۆ خەڵك. هەمووشیان ئامانجیان بەدیهاتنی بەرژەوەندی گشتییە، مۆڕاڵی ئیسلامییش لە پاكداوێنی و زوهدو لەخۆگرتنەوەو خواپەرستی، لەڕاستیدا مۆڕاڵێكی كۆمەڵایەتییە بۆ سنووردانانێك لەبەردەم ڕیتمی بەكاربەریدا، چونكە لەو ڕۆژەدا كەوا كۆمەڵگە تێیدا لە ڕیتم و شێوازی بەرهەمێنانەوە دەگۆڕێت بۆ شێوازی بەكاربەری و، لەكۆمەڵگەی خەبات و تێكۆشانەوە بۆ كۆمەڵگەی خۆشگوزەران ئەوا لە ڕۆژەدا دادەڕمێت هەروەك ئیبن خەلدون تێبینی كردوە.

نیعمەتی ڕاستەقینەو كامەرانی هەمیشەیی بریتی نییە لە چێژوەرگرتن لەخۆشیەكانی دونیا بەڵكو لەكاركردنە لەسەر بەدیهاتنی پەیام و، بەجێگەیاندنی ئەرك، لەوەدا كە مرۆڤ لەدوای خۆیەوە شوێنەوارێك یان سوننەتێكی باش بەجێ بهێڵێت كە نەوەكان یەك بۆ ئەوی تری بگوازێتەوە چونكە « دوارۆژ چاكترو سەرمەدییە» هیچ پارەیەكی حەڵاڵی مرۆڤیش بوونی نییە لەكۆمەڵگەیەكدا كەوا زۆرینەكەی ڕوت و ڕەجاڵ و بێ جلوبەرگ و برسی و نەخوێندەواربێت و نەخۆش و بێ چارەسەر بێت، چۆن مرۆڤ سامانی حەڵاڵی دەست دەكەوێت لە واقیعێكدا كە هەموو ئەوەی تێیدایە-نەشیاو و حەرام بێت.

* * *

## بەشی دووەم
## دارایی لە قورئاندا

شێوازی گەشەپێدانی ناسەرمایەداری لەوڵاتە تازە گەشەسەندووەكاندا تەواو پەیوەستە بە كولتووری كۆنیەوەو بە ڕۆشنبیری نیشتمانیەوە. لەكاتێكیشدا ئەم كولتوورەو ئەم ڕۆشنبیریە لەجەوهەریدا ئایینییە، ئەوا بۆتە پێویستیەك كە هەڵوێستی ئایین لەبارەی گەشەسەندنەوە بزانین و، چۆن دەكرێت بەشداری بكات لەپێكهێنانی سیستمێكی ئابووریدا كە ڕەچاوی بەرژەوەندی زۆرینە بكات. گرنگیشی زیاتر دەبێت ئەگەر زانیمان چۆن ئایین لەوڵاتانی تازە گەشەسەندودا ئیستیغلال دەكرێت بۆ بەرژەوەندی سیستمە سەرمایەدارییەكان بەپێداگری لەسەر جیاوازی ڕزق و ڕۆزی وەك سیمایەك لە سیماكانی قەدەری خوایی و، لەسەر وەبەرهێنانی بەرپابوو لەسەر قازانج و، لەسەر موڵكایەتی تایبەت بێ سنوورو یان مەرج، لەسەر چالاكی ئابووری ئازاد مادام خاوەنی سەرمایە – باجی دارایی یان خانوبەرە دەدات لەشێوەی زەكاتدا. بەمشێوەیە ئایین بۆتە ئامرازێك بۆ پشتیوانیكردن لە سیستمی سەرمایەداری لەبەرچاوی جەماوەردا.

ئەركی ئێمە لێرەدا بریتییە لەپێشكەشكردنی ئەلتەرناتیڤێكی تر لەبارەی وێناكردنی ئایینەوە بۆ یەكێك لە سیماكانی چالاكی ئابووری ئەویش بریتییە لەدارایی بۆ زانینی ئەوەی ئایا وێناكردنی ئایین بۆ دارایی نزیكترە لە وێناكردنی سەرمایەداری یان سۆسیالیستیەوە یان وێناكردنێكی تایبەتە دەكرێت پەرە بە كۆمەڵگە بدات و گەشە بە دەرامەتە ئابووریەكانی بدات بەشێوەیەكی ناسەرمایەداری و

بێ کەوتنە ناو وێناکردنە سۆسیالیستیە تۆباویە یان ئایینی یان ئاکاریەکان. ڕەنگە ئایین وێناکردنێکی زانستی بۆ دارایی لەخۆبگرێت و بیخاتە ناو کۆمەڵگەوەو پەیوەندی بە چالاکی مرۆییەوە، ڕەنگە ئەم وێناکردنەش زیاتربێت لەهەر وێناکردنێکی تیۆری تر لەیەکێك لە سیستمە ئابووریەکاندا. بەمشێوەیە، ئەم وێناکردنە بایەخ نادات بەوەی کە هاوردەکراوە یان ئەوەی لە کولتوورو پەروەردەو ئەخلاق و ڕۆحی ئێمەوە سەرچاوە ناگرێت وەك ئەو تۆمەتە باوەی کە دەلکێنرێت بەهەموو وێناکردنێکی ناسەرمایەدارییەوە بۆ ئایین.

ئێمە پشت بە شیکاری گوتەی «دارایی» دەبەستین لەقورئاندا بێ چوونە ناوەوە بۆ تیۆرەکانی فەقیهەکان سەبارەت بەدارایی لەترسی کەوتنە ناو وتەی ئەم و ئەو، هەروەها لەترسی لەدەستچوونی یەکێتی شیکار لە نێو ناکۆکیەکانی فەقیهەکاندا، هەتا لێکۆڵینەوەکە مۆرکێکی مێژویی لەخۆنەگرێت کە بەدڵنیاییەوە کەموکوڕ دەبێت، بەڵکو پشت بەستنی سەرەکی لەسەر زمانی عەرەبی دەبێت و لەسەر بەڵگەنەویستە عەقڵیەکان و لەسەر هەستکردن بەسەردەم و بە پێداویستیەکانی، واتە ئێمە پێناسەی ئایەتەکانی سەبارەت بەدارایی دەکەین بەوپێیەی کە ئەزمونگەلێکی هەستی کۆمەڵیە لە ویژدانی نەتەوەییماندا. هەوڵ دەدەم سەرلەنوێ کولتووری ئایینی کۆمان بونیادبنێمەوە کە خۆی لە سەرچاوە سەرەکیەکەیدا دەبینێتەوە کەئەویش قورئانە بەپێی پێداویستیەکانی سەردەم و لەسەرو هەمووشیانەوە گەشەپێدان بەشێوازی ناسەرمایەداریی، ئەوەش ئەو شێوازەیە کە هەروەها داهاتی نەتەوەیی سنووردارمان دەیخوازێت و، ئائامادەگی سەرمایەیەکی گەورە کە ببێتە پشتیوانیەك بۆ گەشەپێدان بەشێوازی سەرمایەداری، وەك ئەوەی کولتووری کۆمان لەجەوهەرو سەرهەڵدانیدا هاورێك بێت لەگەڵ واقیعەکەماندا، لە شێوازی گەشەپێداندا لەگەڵیدا بگونجێت.

یەکەمجار دەست بە شیکارێك دەکەم بۆ وێنەی ئایەتەکان، مەبەستم شێوازە زمانەوانیەکانیەتی پاشان دەگەڕێمەوە بۆ شیکارکردنی ناوەڕۆك واتە ماناکانی لەپێناو گەیشتن بەوێناکردنێکی گشتی بۆ دارایی لە «قورئان» واتە لە دوایین قۆناغ لە قۆناغەکانی وەحی کە تێیدا تەواو بووەو بۆتە ئایدۆلۆژیایەك.

## یەکەم: شیکارکردنی وێنە

1-گوتەی دارایی «مال» لە قورئاندا 86 جار بەشێوەی جیاواز هاتووە واتە بابەتێکی گرنگە وەحی باسی لەبارەوە کردوە بەووردیی نەك بابەتێکی لاوەکی، کە هاوبەرامبەری بابەتی پێغەمبەرایەتی «النبوه» (گوتەی «النبی» بە شێوەیەکی 80 جار هاتووە) هەروەك چۆن هاوواتای بابەتی وەحیە (گوتەی «وحی» بەشێوەی جیاواز 78 جار هاتووە). قسەکردن لەبارەی دارایی «المال» لە وەحیدا قسەکردنێکی ڕەسەنە نەك وەرگیراوبێت لە مەزهەبێکی هاوچەرخەوە بۆی، وە نە ڕاکێشانی وەحی بێت بۆ مەزهەبە جیاوازەکان لێی، وە نە بەکارهێنانێکی وەحیە هەتا ئەوەی خاوەنی مەزهەبێك بیڵێت کە دەیەوێت بیڵێت.

گوتەی «المال» لەقورئاندا لەدوو شێوەی جیاوازدا هاتووە: جارێك سەرباره (أضافة) بۆ جێناوەكان (مال، مالا، أموال) 32 جاریش سەرباره (أضافة)یە بۆ سەر جێناوەكان (ماله، ماليه، أموالكم، أموالنا، أموالهم)، 54 جار ئاماژە بۆ ئەوە دەكات (مال) لەجیهاندا ڕەوشێکی سەربەخۆی دەبێت لەڕەوشی چالاكی مرۆیی، سەرباره (أضافة) ناكرێت بۆ هیچ كامێك، نە تاك و نە كۆ، ڕەنگە بچێتە پەیوەندییەكەوە لەگەڵ ئەوانی تر، لە شێوەی چالاكی و كۆشش و وەبەرهێنان. دارایی سەربەخۆیش لەچالاكی ئاماژە بەوە دەدات كە ڕەوشێکی سروشتیە، هیچ كەسێك خاوەنی نییە، بەڵكو بابەتێکی لە سروشت یان ڕوداوێکی سەربەخۆیە. هەموو داراییەكیش وەك پێویست خاوەندارێتی ناكرێت بەڵكو بوونی هەیە پێش چالاكی مرۆڤ لە وتەی بوونە نەك لە وتەی خاوەندارێتی. هەموو هەوڵێكیش بۆ سەلماندنی خاوەندارێتی دارایی ڕەوشی دارایی سوودلێوەرگیراوی سەربارنەكراو بۆ جێناوەكان فەرامۆش دەكات، هەروەها ڕەوشی دارایی فەرامۆش دەكات وەك دیاردەیەكی سروشتی لە جیهاندا لەوێنەی سامانەكانی سروشت لەزەویدا پێش ئەوەی بچێتە ناو هەر پەیوەندییەكەوە لەگەڵ مرۆڤدا، دارایی لێرەدا تەنها توانا و ئیمكانیەتە بۆ كاركردن و بۆ چالاكی نەك ئەو تەنها واقیعێکی هاندەربێت لەسەر ئەم چالاكیە. لەكاتێكیشدا سەرباركردن (الاضافة) زیاتر بڵاوە لە سەربارنەكردن (عدم الاضافة) (54-32) ئەوا پەیوەندی دارایی بەوانی ترەوە بریتییە لە تەوەری تیۆری دارایی، واتە دارایی سوودلێوەرگیراو، وەبەرهێنراو، دوای ئەوەی بووە لایەنێك لەپەیوەندی لەگەڵ مرۆڤدا. دارایی لەسكی سروشتدا نامێنێتەوە بەڵكو مرۆڤ دەریدەهێنێت و سوودی لێوەردەگرێت، بۆیە ناكرێت دارایی هەڵبگیرێت و زەخیرە بكرێت یان ڕێی جوڵەكردنی لێ بگیرێت، دارایی بۆ سوودلێوەرگرتنە نەك هەڵگرتن، دارایی جوڵەیە نەك دامركان، دارایی لایەنێكە لە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤدا لەوێوە كە چالاكی و جوڵەیە، كردارو كۆششە، وزەو بەرهەمهێنانە. ئەگەریش وڵاتە تازە گەشەسەندووەكان بەهۆی كەمی وەبەرهێنانی ناوخۆییەوە دەناڵێنن سەرەڕای بوونی دارایی لەدەستی چینەكانی سەرەوەدا بەهۆی هەبوونی هێزی كڕینی زەبەلاح كە ڕێگەیان پێدەدات دارایی بەكاربەرن یان بردن و قوتاركردنی یان بە وەبەرهێنانی لە خانوبەرەیەكی نابەرهەمدا یان ئاڵوگۆڕكردن یان عمولە یان دەلاڵی، هەموو ئەمانەش هەڵگرتن و كۆكردنەوەی داراییە بەبێ كۆشش و چالاكیەك. لێرەوە حەرامكردنی سوو هاتووە، چونكە دارایی بەشێوەیەكی لەخۆوەیی پارە پەیدا ناكات بەڵكو كۆششە دەبێتە هۆی زیادكردنی دارایی.

2- گوتەی (المال)یش بەشێوەی ناسەرباركراو (غیر مضاف) لەدوو شێوەدا هاتووە: جارێكیان بە نەكیرە (مالا، أموالا) 17 جار، جارێكیش بە مەعریفە (المال، الأموال) 10 جار ئەمەش ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە دارایی ناسراوەو نەناسراو نییە، زانراو و شاراوە نییە (ئەمە وێڕای ئەو (مال)ەی كە بەهۆی سەرباركردن (اضافة)ی بۆ لای جێناوەكان ناسراوە). (مال) واتە دارایی دەچێتە ناو سیستمی ئابووریەوەو سەرچاوەكەی و وەبەرهێنانی و گەشەپێدان دەناسین.

دارایـی هـەروا فەرامـۆش ناکرێـت نەزانیـن لەکوێـوە هاتـووە؟ چـۆن زیادیکـردووە؟ لەکـوێ کۆتایـی هاتـووە؟ بەڵکـو لێکۆڵینـەوەی لەبـارەوە دەکرێـت و ئاڕاسـتەکەی دیـاری دەکرێـت؟ دارایـی تیۆرێکـی هەیـە لەسـەری دەوەسـتێت نـەك تەنهـا بابەتێـك یـان شـتێك بێـت پەنهـان بێـت و بشـارێتەوە. ناسراویـش بـە ئەلـف و لام دەبێـت وەك (المـال ، الامـوال)7 جـار یـان بـە سـەرباکردن دەبێـت (مـال اللـه، مـال الیتیـم، أمـوال الیتامـی، أمـوال النـاس) 8 جـار ئەمـەش ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە ناسـاندنی دارایـی (تعریـف المـال) لـەوەوە نایـەت کـە بابەتێکـی سروشـتی نـاسراوە لەجیهانـدا بەڵکـو ناسـاندنی بـە دانانـە پـاڵ دەبێـت بـۆ ئەوانـی تـر، ئەوانـی تریـش بریتیـن لـە خەڵـك («امـوال النـاس» واتـە دارایـی خەڵـك چـوار جـار هاتـووە) پاشـان بـە( «أمـوال الیتیـم» دوو جـارو «امـوال الیتامـی» یـەك جـار) پاشـان (-مـال اللـە- دارایـی خـودا یـەك جـار) داراییـش بـۆ خەڵکـە واتـە بـۆ جەمـاوەری گشـتی و بـۆ زۆرینـەو بـۆ خـاوەن بەرژەوەندیـە ڕاسـتەقینەکان و لەسـەرو هەمووشـیانەوە هەتیـو و نـەدارەکان و ئەوانـەی هیـچ بەخێوکەرێکیـان نییـە نـەك بـۆ ئەوانـەی پێویسـتیان پێـی نیـەو پارەیـان لـێ دەڕژێـت. دارای دەبێـت لای خـاوەن هـەق بێـت ، حەقیـش بەپێـی پێداویسـتی دیـاری دەکرێـت. داراییـش هەروەهـا دارایـی خوایـە و موڵکـی هیـچ کەسـێك نییـە، لەقورئانـدا تەنهـا بـۆ یەکجاریـش ئـەوە نەهاتـووە کـە دارایـی هـی دەوڵەمەنـدەکان و خۆشـگوزەرانەکان بێـت!

3-گوتـەی «المـال» دارایـی بەشـێوەی سـەربانەکراو (غیـر مضـاف) لـەدوو شـێوازدا هاتـووە: جارێـك بـە تـاك (المـال، مـالا) 18 جـار و جارێکیـش بـە کـۆ (الامـوال، أمـوالا) 14 جـار. (مـال) ڕەنگـە تـاك بێـت و ڕەنگیشـە کـۆ بێـت کاتێـك کەڵەکـە دەبێـت، بـەڵام (مـال) لەشـێوەی تاکـدا زیاتـر بـڵاوە لـە (مـال) لەشـێوەی کـۆدا، ئەمـەش ئاماژەیە بـەوەی کـە کەڵەکەبوونـی دارایـی لـە (أمـوال)دا کەمـتر ڕوودەدات. ئەگەریـش ڕویـدا ئـەوا بـۆ وەبەرهێنـان دەبێـت، دەبێتـە دارایـی خەڵـك (أمـوال النـاس)، کەڵەکەبوونیـش بـۆ تـاك نابێـت، بەتایبەتـی هەمـوو ئـەو حاڵەتانـەی کـە تێیـدا (مـال) سـەرباركراوە (اضافـة) ئـەوا دراوەتـە پـاڵ خەڵکـەوە لەشـێوەی «امـوال النـاس».

4-گوتـەی (المـال)ی سـەربارنەکراو لـەم سـێ حاڵەتـی ئیعرابـەدا باسـکراو، مرفـوع (دوو جـار) و منصـوب (17جـار)، و مجروریـش (13جـار). (المـال) زۆر بەدەگمەن نەبێـت بەشـێوەی مرفـوع نایـەت، واتـە (المـال) ناکرێـت ببێتـە (فاعـل) بکـەر یـان (مبتـدا وخبـر) نیهـادو گـوزارە، چونکـە (المـال) لەخـۆوە ناکرێـت بەڵکـو لەڕێگـەی کۆشـش مرۆییـەوە دەکرێـت، حەرامکردنـی سـوو نابێتـە (مبتـدا و خـبر) نیهـادو گـوزارە چونکـە (المـال) شـتێك نییـە لـە مەسـەلەیەکی هەواڵیـدا بەڵکـو بابەتێکـە بـۆ چالاکـی و کۆشـش. لـەو دووجارشـەدا کـە تێیانـدا باسـی (المـال) کـراوە بەشـێوەی مرفـوع هاتـووە مانایەکـی نەرێنـی وەرگرتـووە وەك « المـال والبنـون- زینـە الحیـاە الدنیـا» (18:46) واتـە (المـال) بەهـای نابێـت، بەڵکـو شـتێکی ڕوکـەش و هەڵخەڵەتێنـەرە، لاوەکـی و جەوهـەر نییـە وەك « یـوم لا ینفـع و مـال ولا بنـون إلا مـن اتـی اللـە بقلـب سـلیم» (26:88) (المـال) لێـرەدا بەهایەکـی نییـە لـە هەڵوێسـتەو ڕەوشـە چارەنووسـازەکاندا کـە تێیدا کـردەوەی مـرۆڤ دیـاری دەکرێـت، وە تێیـدا کۆشـش

و چالاکیەکان و ئاراستەی تەمەنی دیاری دەکرێن، دارایی (مال) پێوەرێك نییە بۆ هەڵسەنگاندن بەڵکو کار پێوەرە، ( ولا يغني الكم عن الكيف، ولا الموجوع عن الزات، ولا الامكانيه عن التحقيق).

ئەگەریش گوتەی « المال» بەشێوەی (مجرور) هات ئەوا زیاتر باو و بڵاو دەبێت لە هاتنی بەشێوەی (مرفوع) (2-13) حاڵەتی (الجر)یش یان ئەوەتا بە سەربار (بالاضافة) دێت (وەك « ذا مال» یان بەشێوەی عەتف وەك (واموال وفرتموها» (اضافة و عطف)یش ئاماژە ناکەن بە ڕەوشی گوتەکە، بەڵکو سەرباربۆکراو (المضاف اليه) دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوشی سەربارکراو (المضاف)، (معطوف)یش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوشی (المعطوف عليه). بەڵام ئەوەی گرنگترە بریتییە لەهاتنی گوتەی (مجرور) بە پیتی (جر) (11) جار ئەمەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دارایی (مال) لەجوڵەیەکی بەردەوامدایە لێیەوە بۆی ئەوەش لەبەرئەوەی پیتەکانی (جر) کە بەکارهاتووە پێش گوتەکە یان «من» (5 جار) و ، یان «(ب)» 3 جار و یان «فی» سێ جار، (جر)یش بە پیت « من» زیاتر باوەو ئاماژە بە ڕاکێشانی دارایی و بردنی و گێڕانەوەی دەکات وەك «وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ الْمَالِ» (2:47) یان « لنبلونكم بشیء من الخوف والجوع ونقص من الاموال» (2:155) یان پێدانی کەسانی تر وەك «واتوهم من مال الله» (24:33) یان وەرگرتنی یان ڕاکێشانی لە کەسانی تر بە ستەم و دوژمنکاری وەك « وأتوهم من مال الله» (24:33) یان وەرگرتنی و بردنی لەکەسانی تر بەشێوەیەکی زوڵم و دوژمنکارانە وەك « لتأكلون فريقا من أموال الناس بالاثم وانتم تعلمون «(2:188).

(جر)یش بە پیتی «ب» ئاماژەیە بۆ پێدانی دارایی و گلنەدانەوە یان هێشتنەوەی؟ ڕەنگە ئەم پێدانەش بۆ کڕینی ئەستۆکان و گەندەڵیە وەك بەرتیل «أتمدوننا بمال» (27:36) یان بۆ تاقیکردنەوەی هەست و زانینی تۆکمەیی خودو تاقیکردنەوەی تواناکانە لەپێناو هۆشیارکردنەوەو بەخێوکردنی چالاکیەکانی وەك «وأمددناكم بأموال وبنين» (17:6) یان « ويمددكم بأموال وبنين» (71:12). بەڵام (جر) بەپیتی «فی» ئەوا ئاماژە دەکات بۆ دارایی کە دوو جوڵە پێکەوە کۆدەکاتەوە، وەرگرتن و بەخشین، پاڵدان و ڕاکێشان: لە و بۆ، ئەمەش ئەوەیە کە پێی دەوترێت بەشداری وەك « وشاركهم فی الاموال»، (64:17) کە بریتییە لە جوڵەی دارایی دەرەکی، یان زیادکردن کە بریتییە لەجوڵەی دارایی ناوخۆیی واتە جوڵەی دارایی ناوخۆیی نەرێنی وەك « وما أوتيتم من ربا ليربوا فی أموال الناس» کە بریتییە لە زیادکردنێك بەبێ کۆشش و چالاکی و کارو کۆششکردن وەك «وتكاثر فی الاموال» (20:57) واتە زیادبوونی دارایی بێ ئامانج بەڵکو لەپێناو زیادبوون و گلدانەوەو قایمکردندا نەك لەپێناو گەشەپێدان و پەرەسەندندا.

بەڵام ئەگەر (المال) بەشێوەی (منصوب) هات ئەوا زۆرترین حاڵەتەکانی ئیعرابە کە بڵاوترە لە (رفع و نصب) (2-13-17) کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دارایی بابەتێکە بۆ چالاکی و کردارو، هەڵسوڕاوە لەدەستی مرۆڤدا. ڕەنگیشە یەکەمجار بەمانای نەرێنی بێت، ڕەوشێك بەهۆی پەیوەستی هەست بە داراییەوە و سەرکۆنەکردنی بۆی «وتحبون المال حبا جما» (20:89) هەتا هەستی مرۆیی وای لێ دێت سەربەخۆ دەبێت

لەلایەنەکەی تر کە دارایی (ماڵ)ە. کۆکردنەوەی داراییش ئامانجێك نییە لەخۆیدا بەبێ وەبەرهێنان « الذي جمع ماله وعدده) (2:104) خەرجکردنیشی لەخۆیدا ئامانج نییە ئەوەش بەکاربردنێکە بەبێ بەرهەم» يقول اهلكت مالا لبدا» (6:90)، زۆریی داراییش لەخۆیدا بەهایەك نییە بۆ مرۆڤ، بەڵکو بەهاکە لە چالاکی و کارەکەیدایە «وَقَالَ لَأُوتَيَنَّ مَالًا وَوَلَدًا (77:19) یان « وجعلت له مالا ممدودا (12:74) هەروەك چۆن زۆری دارایی یان کەمیی زیادبوون نییە لە بەهای خودیی مرۆڤدا یان کەموکوڕیی، بڕیش پێوەر نییە بۆ چۆن» أنا اكثر منك مالا» (34:18) یان « انا اقل منك مالا» (39:18) یان «واكثر اموالا (69:9) و « زينه واموالا» (88:10) یان «اكثر اموالا واولادا (35:34). ڕەنگیشە جارێکی تر بەمانای نزیك نەبوونەوە لە ماڵ و دارایی کەسانی تر بگەیەنێت ئەوانیش بریتین لەکەسە نەدارو هەتیوەکان و خەڵك، لەناویشیاندا دەوڵەمەندەکان بوونی نییە، وەك « ولا تقربوا مال اليتيم» (34:6) یان « ان الذين يأكلون اموال اليتامى ظلما» (10:4) یان «وأكلهم اموال الناس بالباطل» (161:4) یان « ليأكلون اموال الناس بالباطل» (34:9) ماڵ و داراییش بۆ پێویستیە، شوێنی سروشتیشی لای کەسی نەدارو ئەوەیە کە پێویستی پێیەتی، بردنی داراییش لەم کەسانە واتە لەناوبردنی ژیان، داراییش لەپێناو پاراستنی ژیان و بەردەوامیەتی. ڕەنگیشە جاری سێهەمیش بەمانای پێدانی دارایی و، دەستبەرداربوونی بێت لێی، پێدانی بەوەی کە زیاتر پێویستی پێیەتی وەك «واتی المال على حبه ذوی القربى واليتامى والمساكين» (2: 177) یان هەستان بەکارەکان بۆ بەدیهاتنی پەیامێك نەك لەبری کرێیەك وەك «یا قوم لا أسألكم عليه مالا، إن اجرى إلا على الله» (29:11). ئەم سێ مانایە بۆ گوتەی « المال» لە حاڵەتی (نصب)دا یەکەم سەربەخۆیی هەستی مرۆیی دەچەسپێنێت لەبارەی داراییەوە، پاشان دووەم پێویستی پارێزگاریکردنی مرۆڤ دوپات دەکاتەوە لەسەر ئەم سەربەخۆییە ئەوەش بە پێدانی دارایی بەوەی کە پێویستی پێیەتی، پاشان لەکۆتاییدا پێویستی پێدانی دارایی (المال) دەردەکەوێت بەو مرۆڤەی کە زۆر زۆر پێویستی پێیەتی و، خۆنەویستی ئەوی تر. سوودگیریکردنی هەستیش تەنها ڕوداوێك نییە بەڵکو ڕوداوێکە پارێزگاری لێدەکات بە جوڵەو چالاکی و بەرهەڵستی خواست و حەز بۆ دەستگرتن بەسەر ئەوەدا کە لای ئەوانی تر هەیە، وە بە خۆنەویستی ئەوی تر. پێویستیشە کە ئاڕاستەی دارایی و جوڵەکردنی لەنێوان خەڵکدا دیاری دەکات. بەوەش دارایی دەڕوات بەرەو ئەوەی کە پێویستی پێیەتی.

5-بەڵام «دارایی» کە سەربار(مضاف)کراوە بۆ جێناو ئەوا جارێك بە سەربار (مضاف) هاتووە بۆ سەر جێناوی تاك (ماله، ماليه) 7 جار، جارێکی تریش بە سەربارکراو باسکراوە بۆ سەر جێناوی کۆ لە شێوازی کۆدا (أموالكم، أموالنا، أموالهم) 47 جار واتە دارایی ناچێتە ناو پەیوەندییەکی زۆرەوە لەگەڵ تاکدا بەڵکو پەیوەندییەکی کۆمەڵییە 07-47) ئەگەریش چووە ناو پەیوەندییەکەوە لەگەڵ تاکدا ئەوا دەبێتە داراییەك بە تاك نەك داراییگەلێك بە کۆ، تاکیش ناتوانێت دارایی

کۆبکاتـەوە، بەڵکـو کەڵەکەبوونـی دارایـی، لـەکاری کۆمـەڵ دەبێـت.

7- (المال)دارایـی سـەربار (مضـاف) دەبێـت بـۆ جێنـاوی تاکـی قسـەکەر (مالیـە) 1 جار یان نائامادەبـوو (غائـب) (مالـە) شـەش جـار، بـەڵام هەرگیـز سـەربار نابێـت بـۆ جێنـاوی قسـەبۆکراو (المخاطـب) لەشـێوەی «مالـك». وەك ئـەوەی ئـەو کەسـەی دارایـی هەیـە یـان ئەوەتـا منـی قسـەکەرم بـە ڕێژەیەکـی زۆر کـەم یـان نائامادەیـە بـە ڕێژەیەکـی زۆر، بەرێـژەی شـەش هێنـد زیاتـر. قسـەبۆکراویش دارایـی نیـەو قسـەکەریش داراییەکـی ڕێژەیـی هەیـە، بـەڵام نـا ئامادە ئەوەیـە کـە تاڕادەیەکـی زۆر هەمـوو دارایـی هەیـەو پاشـانیش سـێ چیـن بوونـی دەبێـت:

1-کەسـانی نـەدار، کـە بریتیـن لـە قسـەبۆکراوەکان، ئەوانـەی هیـچ شـتێکیان نیـەو، لەئێسـتادا ئامـادەن و پێویسـتیان بـە یەکێـك هەیـە بیـان دوێنێـت و سـازو ئامـادەن بـۆ ژیانـی ئاگایـی و دەرككـردن.

2-چینـی هـەژاران، کـە بریتیـن لەقسـەکەران، ئەمانـە شـتێکی زۆر کەمیـان هەیـە، کـە بریتیـن لـە پێشـەنگانی بەئـاگاو هێنـدەی ئـەوەی هەیانـە لـە هاوپەیمانێتیەکـی سروشـتیدا دەبـن لەگـەڵ چینـی خـوارەوەدا، چینـی نـەدارەکان.

3-چینـی دەوڵەمەنـدەکان، ئەمانـە بریتیـن لـە نائامـادەکان، کـە تاڕادەیـەك هەمـوو شـتێکیان هەیـەو، لەدژبەریـدا دەبـن لەگـەڵ چینـی نـەداران و هەژارانـدا. چینـی ناوەڕاسـتیش زیاتـر نزیکـترن لەهاوپەیمانێتیـان لەگـەڵ چینـی هـەژاران لـەوەی لـە چینـی دەوڵەمەندانـەوە نزیـك بـن.

4- ئەگەریـش: «المـال» سـەربارکرا بـۆ جێنـاوی قسـەکەر (مالیـە) ئـەوا ئامـاژە دەکات بـۆ سـەربەخۆیی هەسـتی مـرۆڤ لەبـارەی دارایـی ، یـان کەمـی دارایـی یـان زۆریـی و کارناکاتـە سـەر ئاگایـی مـرۆڤ» مـا أغنـی عنـی مالیـە» (28:69)

5- ئەگەریـش زیادکـرا بـۆ جێنـاوی نائامـادە (الغائـب) (مالـە) ئـەوا جارێـك دەبێـتە بکـەر (فاعـل) (3 جـار) و جارێکیـش کارپێکـراو (مفعـول بـە) بـەڵام هەرگیـز (مجـرور) نابێـت ئەمـەش ئامـاژە دەکات بـەوەی پارێزگاریکردنـی تاکـی نائامـادە بـەوەی هەیەتـی لەدارایـی بەشـێوەیەکی جێگیـرو هیـچ شـتێکی لـێ وەرناگیرێـت کارێکـی ناسروشـتیە. بەڵکـو دارایی جێگیـرو مـت نابێـت بەڵکـو لـە جوڵەیەکـی بەردەوامدایـە لێیەوە بـۆی بەپێـی چالاکـی مـرۆڤ و کـرداری. لەحاڵەتـی ئەوەشـدا بکـەر دەبێـت ئـەوا بەهایەکـی نەرێنـی هەیـە و نابێـتە ئەلتەرناتیڤێـك بـۆ هەسـتی مـرۆڤ و سـوودگیریکردنی و نـە بـۆ کارەکـەی و چالاکیەکەشـی»، «مـا لم یـزده مالـە وولـدە الا خسـارا» (21:71) یـان « مـا أغنـی عـن مالـە إذا تـردی» (11:92) یـان « مأأغنـی عنـە مالـە ومـا کسـب» (2:111). لەکاتێکیشـدا کـە کارپێکـراو (مفعـول بـە) دەبێـت ئـەوا هەروەهـا ئامـاژە دەکات بـۆ هەمـان ڕاسـتی پێشـوو ئەویـش ئەوەیـە کـە نەمـری مـرۆڤ بـەوە نابێـت کـەوا کـۆی کردۆتـەوە لـە دارایـی و چـۆن کاری پێکـردووە چـۆن وەبـەری هێنـاوە « یحسـب ان مالـە أخلـدە) (3:104) ئەگەریـش لێـی دەرکـرد یـان خەرجیکـردو وەك خواسـت و ئارەزوویـەك لەلایـەن ئـەوەوە و جوڵاندنـی ئـەوا ئـەم خەرجکردنـە لەشـێوەی دووڕویـی و ڕیابازیـدا دەبێـت، بـۆ هێورکردنـەوەی

جەماوەرە یان بۆ موزایەدەیەکە بەسەر ئایینەوە یان دواخستنی شۆڕشێك « كَالَّذِي يُنفِقُ مَالَهُ رِئَاءَ النَّاسِ» (264:2)، بەڵام ڕێگای خەرجکردن و بەخشین بریتییە لەپێدانی مافی خەڵکانی تر لە ماڵ بەشێوەی زەکات» ٱلَّذِى يُؤْتِى مَالَهُۥ يَتَزَكَّىٰ» (28:92).

بەڵام گوتەی «المال»ی سەربارکراو بۆ جێناوی کۆ لە شێوازی کۆدا (47 جار) ئەوا سەربارەدەکرێت بۆ جێناوی قسەکەر دووجار (اموالنا)، وە بۆ جێناوی قسەبۆکراو 14 جار، (أموالکم) وە بۆ جێناوی نائامادە 31 جار (أموالهم) ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی قسەکەران ماڵ و دارایییان نییە و قسەبۆکراوانیش بەپلەی دووەم دێن بەڵام نائامادەکان ئەوانەن کە ماڵ و دارایی هەڵدەگرن و کۆی دەکەنەوە (31-14-2). کەواتە لێرەدا سێ چین هەیە:

**چینی هەژاران**: ئەویش ئێمەین، قسەکەرەکان، ئەوانەی کەمێك دارایییان هەیە بەڵام زۆر کەمە، دارایی لەدەستی ئەوانەدا نییە کە داوای دەکەن، ئەوانەش کە دارایییان نییە ئەوانەن کە قسە دەکەن و داواکردنی دارایییش مافێکە بۆ ئەوەی دارایی نیە. هەتا لەم دوو بەکارهێنانەشدا، ئاوا جارێك دارایی (مرفوع) دەبێت بۆ ئەوەی ئاماژە بکات بە سەربەخۆیی بوونی هەست لێی «شغلتنا اموالنا» (11:48)، جارێکیش (مجرور )دەبێت وەك ڕاگەیاندنێکی بەشداریکردن لە داراییدا. « ان تفعل فی اموالنا ما نشاو» (87:11).

6- **چینی مامناوەند**: بریتین لە ئێوە، قسەبۆکراوان هەندێك دارایییان هەیە. ئاڕاستەکردنی گوتار- بۆ ئامادەبووان پێویستیەکە لەلایەن قسەکەرانەوە ئەوانەی هیچ شتێکیان نییە، گوتاری کۆمەڵایەتیش قسەیەکە لەلایەن ئەوەوە کە دارایی نییە بۆ ئەوەی کە هەیەتی، لەبەکارهێنانی ئەم شێوازەشدا جارێك گوتەکە بەشێوەی بکەر دێت یان نیهاد (چوار جار) بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی هەست لەدارایی، دارایش نابێتە ئەلتەرناتیڤێك بۆ بەها « ئەو هەستەی خۆی لە کۆشش و چالاکیدا» دەبینێتەوە « إنما اموالکم واولادکم فتنة» (28:8)، (15:64)، هەروەك چۆن دارایی ڕێگایەك نییە بۆ پێشکەوتن بەڵکو ڕەنگە ببێتە مایەی زۆرخۆریی و ڕابواردن « وما أموالکم ولا أولادکم بالتی تقربکم عندنا زلفی» (37:34) هەموو پرۆژەیەکیش وا لە زۆریی دارایی بکات ببێتە ئامرازێك بۆ خۆشگوزەرانی و ڕابواردن و ئەلتەرناتیڤێك لەبارەی پابەندبوون بە بنەمایەك و بەرگری لە دۆسێیەك ئەوا پرۆژەیەکی مایەپووچ دەبێت: « یاأیها الذین امنوا، لا تلهکم اموالکم ولا اولادکم عن ذکر الله» (9:63). پاشان جارێکی تر گوتەکە دەردەکەوێتەوە کە (مفعول به) 5 جار کە مافی ئەویتر ڕووندەکاتەوە لە ماڵ و دارایی و دەستدرێژی نەکردنە سەر ماڵی کەسانی دەست کورت و نەدارو، نەبردنی بەزۆرو درۆو دەلەسە، دزین و لەخشتەبردن و داوبۆنانەوە بەیاریکردن یان قۆرخکردنی بازاڕ. « ولا تاکلوا اموالکم بینکم بالباطل» (2:188)، (29:4)، ئەوەش کۆکردنەوە و هەڵگرتنی دارایییە و، خستنەسەرو کەڵەکەکردنەو، جەمکردنی سەرمایەیە « ولا تاکلوا اموالهم إلی اموالکم إنه کان صوبا کبیرا» (4:2). وەك چۆن بایەخ و گرنگی وەبەرهێنانی دارایی دەردەکەوێت بێ ئەوەی بفەوتێنرێت و، وەبەرهێنانی لەوەدا کە بەرهەمهاتووە نەك لەوەدا کە بەکاربراو و

فەوتاوە، بەهەدەردانی داراییش لەبەکاربردندا گێلیەو، وەبەرهێنانی لەبەرهەمهێناندا زیادبوون و گەشەکردنە-» ولا تؤتوا السفهاء أموالكم التى جعل الله لكم قياما» (4:5) هەستانەوەی داراییش بە وەبەرهێنانەو فەوتانی داراییش بە بەکاربردنە. ئەگەریش وەبەرهێنان ڕوبدا بەچالاکی مرۆڤ و کۆششکردنی ئەوا دارایی گەشە دەکات و زیاد دەکات، بەمشێوەیە کرێ هاوڕێکی کۆششکردن دەبێت «وأن تؤمنوا وتتقوا يؤتكم اجوركم ولا يسألكم اموالكم» (47:39). دواجاریش گوتەکە بەشێوەی (مجرور) دەردەکەوێت (5جار) بۆ جەختکردنەوەو جاری دووەمیش لەسەر پێویستی سوودگیری نەکردنی سەرمایە بۆ کۆششی کەسانی تر و وازهێنان لەم سوودگیرییە خراپە کاتێك پارە پارە دەردەهێنێتەوە بێ کۆششکردن، لەسەر گێڕانەوەی سەرمایە بۆ مرۆڤ ئەگەرنا دەسەڵاتی شەرعی دەستی بەسەردا دەگرێت» وإن تبتم فلكم رؤوس أموالكم لا تظلمون ولا تظلمون» (2:279) ئەوەش لەپێناو سەرلەنوێ وەبەرهێنانی دارایی بەبێ سوودگیری لەکۆششی ئەوانی تر «ان تبتغوا بأموالكم محصنين غير مسامحين» (24:4). باشترین وەبەرهێنانیش بۆ دارایی ئەوەیە لە مەسەلەیەکی گشتیدا خەرج بکرێت کە جێی گرنگی و بەرژەوەندی موسڵمانان بێت لەسەرو هەموو مەسەلەکانیشەوە تێکۆشان «وجاهدوا بأموالكم وأنفسكم» (9:41)، « وتجاهدون فى سبيل الله باموالكم وأنفسكم» (61:11) ئەوەش تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەیە بۆ شێوازی بەکارهێنانی مرۆڤ بۆ دارایی « لتبلون فى اموالكم وانفسكم» (186:3).

7- **چینی دەوڵەمەندەکان:** بریتین لە نائامادەکان ئەوانەی خاوەن ماڵ و سامانن، وەك خاوەن موڵکە ناامادەبووەکان و، قوتارکاران و خاوەن سەرمایەکان، کە بریتین لە لایەنی بەرامبەری چینی هەژار و چینی ناوەڕاست، هەروەها ئەوانەن پەنجەی تاوانباریان بۆ ڕادەکێشرێت، بەوەی حەشاردەرو کۆکەرەوانی داراییەکانن. لەرووی بەکارهێنانیشەوە گوتەی «اموالهم» بە شێوەی (مرفوع) دێت (5 جار) بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەوەی کە هەڵگرتنی پارە ئەلتەرناتیڤێك نییە بۆ کۆششی مرۆڤ و چالاکی و کارەکەی « لن تغنى عنهم اموالهم» (3:10)، (116:3)، (17:58)، بۆ ئەوەی زۆری دارایی ئاماژە نادات بە بەهایەك لەخۆیدا « فلا تعجبك اموالهم ولا أولادهم» (55:9)، (85:9). گوتەکەش جارێکی تر بەشێوەی (منصوب) دێت (12جار) وەك ئاماژەکردنێك بۆ مەحاڵێتی بردنی دارایی هەتیوەکان، ئەوانەی کە نەدارو بێدەرەتانن، ئەوانەش کە ماڵ و داراییان جەمکردوە ئەوا بێگومان لە ماڵ و دارایی نەدارو بێدەرەتانەکانیان بردوەو خستویانەتە سەر ماڵی خۆیان «وأتوا اليتامى اموالهم» (2:4) یان «ولا تاكلوا أموالهم إلى أموالكم » (2:4) یان : فادفعوا إليهم أموالهم»(6:4)، یان بۆ هاندان لەسەر خەرجکردنی دارایی و کۆنەکردنەوەی و، پێویستی جوڵەپێکردن و وەبەرهێنانی، ماڵ هی ئەو کەسانەیە کە پێویستیان پێیەتی و، داراییش بۆ خەرجکردنە «مثل الذين ينفقون اموالهم» (261:2)، (265:2) یان «الذين ينفقون اموالهم فى سبيل الله» (262:2). ئەم خەرجکردنە لەپێناو مەسەلەیەکداو، لەپێناو

بەدیهاتنی ئامانجێك و دەسكەوتنی ئەنجامێك»: «إن الله اشترى من المؤمنين أنفسهم وأموالهم» (111:9) «وأورثكم أرضهم وديارهم وأموالهم» (27:33). بەڵام خەرجكردن لەپێناو خۆدەرخستنی كۆمەڵایەتی یان لەپێناو موزایەدە لەئایندا، یان لەپێناو دەسكەوتنی بەرژەوەندیەكی گەورەتر ئەوا ئەمە دووڕویی و ڕیاكارییە «والذين ينفقون أموالهم رِئَاءَ الناس» (38:4) هەروەها خەرجكردن لەپێناو ڕوخاندنی بنەماو ئاستەنگ خستنە بەردەم جێبەجێكردنی و لەپێناو سوودگیریكردنی خەڵك و بەكۆیلەكردنیان ئەوا ئەمە بەرهەڵستیكردنی هەق و بەكارهێنانی داراییە لەدژی ئەمانەت نەك لەپێناویدا « إن الذين كفروا ينفقون أموالهم ليصدوا عن سبيل الله» (36:8). دواجاریش گوتەكە بەشێوەی (مجرور) دێت لەپێناو خستنەڕوی جوڵەی دارایی و لێنەگەڕانی بۆ ئەوەی بە مت و خامۆش بمێنێتەوە لە گەنجینەی سەرمایەدارەكاندا. دارایی بۆ خەرجكردنە لەپێناو مەسەلەیەكدا «وبما انفقوا من أموالهم» (34:4)، داراییش بۆ كۆششكردنە لەپێناو خوادا نەك پارە پەیداكردن لەڕێگەی ئایینەوە « والمجاهدون في سبيل الله بأموالهم» (95:4)، « فضل الله المجاهدين بأموالهم» (95:4)، «وجاهدوا بأموالهم» (72:8) (88:9)، (25:49)، «وجاهدوا في سبيل الله بأموالهم» (20:9)، «أن يجاهدوا بأموالهم» (44:9). ئەوانەش بە داراییەكانیان كۆششیان نەكردوە ئەوا پارەكانیان بەفیڕۆ دەڕوات ئیدی بە زیان لێكەوتنی سروشتی بێت یان بەشۆڕشی هیچ نەبوو بێنەواكان لەدژیان «ربنا أطمس على أموالهم» (88:10). دارایی بۆ بەشداریيە، موڵكی هەمووانە، هەموو تاكێك مافی هەیە تێیدا. « والذين في أموالهم حق معلوم، للسائل والمحروم» (24:70)، « وفي أموالهم حق معلوم للسائل والمحروم» (19:51) ئەوەش كارێكی یاسادانانیە و بەجێنەهێڵراوە بۆ خێر یان زەكات یان چاكەكردن «خذ من أموالهم صدقه تطهرهم وتزكيهم بها» (103:9). ماڵی خاوەندارە نائامادەكان دواجار ماڵ و دارایی كۆمەڵە و هیچ كەسێك بۆی نییە دەستی بەسەردا بگرێت و بیكاتە هی خۆی.

## دووەم: شیكاركردنی ناوەڕۆك

شیكاركردنی ناوەڕۆكیش، شیكاركردنی مانای ئایەتەكانە بەچاوپۆشین لە وێنەكەی دەمانگەیەنێتە هەمان ئەنجامی پێشوو. دەكرێت ئەم مانایانەش لە سێ كۆمەڵەدا كۆبكرێنەوە:

1-دارایی هی خوایە دەیداتە هەركەسێك لە بەندە باشەكانی. خاوەندارێتی داراییش لەئیسلامدا بە تەنها بۆ خوایە، خودا خستویەتە بەردەستمان وەك سپاردەیەك و فەرمانیكردوە خەرج بكرێت بۆ نەدارو ئەوانەی پێویستیان پێیەتی، « واتوهم من مال الله الذي اتاكم» (33:24)، دارایی سپاردەیەكە لەنێوان دەستی مرۆڤدا ناشێت بۆی دەستی بەسەردا بگرێت : فإذا أنستم منهم رشدا فادفعوا إليهم أموالهم» (6:4) داراییش دەگوازرێتەوە بۆ ئەوەی بەئاشكرا نەدارە، ئەوەش مافێكی ئاشكرای ئەوە» فإذا دفعتم إليهم أموالهم فاشهدوا عليهم» (6:4) جوڵەی داراییش هیچ نهێنیەكی تێدا نیەو لەڕێگەی دزەكردن یان نهێنیەوە ئەنجام نادرێت.

2- دارایيش دارایی خوایە ئاراستەی دەکات بۆ ئەوانی تر، نە میرات یان قۆرخکردن یان مولکی هیچ کەسێك نیە. جوڵەی دارایی و بڵاوبوونەوەی ملکەچ دەبێت بۆ یاساگەلێکی کۆمەڵایەتی و مافێکی بەدەستهاتوو نییە بۆ کەسێك بێ کەسێکی تر، ئەگەریش دارایی ملکەچ بوو بۆ ئەم یاسایانە ئەوا لەدەستی کۆمەڵدا دەبێت کە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ وەبەری دەهێنێت «واورثكم ارضهم وديارهم واموالهم وأرضا لم تطؤها» (27:33) بەگوزارشتێکی تر، دارایی هاوبەشیە بەدەقی قورئان « وشاركهم فی الاموال» (64:17) نەك دەست بەسەراگرتن، دارایی جوڵەی پێدەکرێت لەنێوان تاکەکاندا بەپێی پێویستی نەك لەپێناو زیادکردنداو، بەپێی وەبەرهێنان نەك لەپێناو کۆکردنەوەدا. ئەگەریش یەکێك یان کۆمەڵێك هەوڵیاندا جوڵەی دارایی بوەستێنن ئەوا دەسەڵاتی شەرعی دەستوەردان دەکات و گەمارۆی سەر دارایی هەڵدەوەشێنێتەوە، مافی کەسانی تر کە تێیدایە دەیبات «خذ من اموالهم صدقه تطهرهم وتزكيهم بها» (103:9)، بەخشینیش چاکەکردن و فەزڵ بەسەراداان نییە بەڵکو مافی ئەوی تر لە دارایی تاك و سەرلەنوێ بونیادنانەوەیە بۆ هەستی تاك و گەڕانەوەی بۆ ڕەوشە سروشتیەکەی و نەهێشتنی نامۆبوونی لە کۆمەڵگەو لادانی دارایی لە یاسای سروشتی کە بریتییە لە جوڵە کۆمەڵایەتییەکەی، ئەمەش ئەوەیە کە بە زمانی ئەخلاق پێی دەوترێت بەخشین دەبێتە هۆی پاککردنەوەی دەرون و زەکاتیش خۆی لە پەرستشەکانەو بریتییە لە جەختکردنەوە لە مافی ئەوی تر لە داراییدا «ويتجنبها الاشقى، الذي يؤتي ماله يتزكى» (18:12). مەبەستیش پێی بەرتیلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە هەتا واز لەمرۆڤ بهێنرێت ئیدی چی بوێت بەسامانەکەی بکات مادام 2،5 % لە ماڵە زەخیرەکراوەکەی داوە کە ساڵێکی بەسەردا گەڕاتەوەو جوڵەی نەکردوە، بەڵکو مەبەست لێرەدا جەختکردنەوەیە لەسەر مافی کۆمەڵگە لە ماڵ و دارایی و لەسەر پێویستی وەبەرهێنانی و جوڵاندنی بێ ئەوەی زەخیرەی بکات و هەڵیبگرێت، بەڵکو مافی ئەوی تر لە دارایی تاکدا دەقێکی ڕاشکاوە هیچ شرۆڤەو ئاوێتەکردنێك هەڵناگرێت «والذين فی اموالهم حق معلوم للسائل والمحروم» (24:70) جارێکی تریش «وفی اموالهم حق معلوم للسائل والمحروم» (19:51). هاوبەشیکردنی داراییەکانیش لەنێوان خەڵکداو، مافی ئەویتر لە ماڵ و سامانی تاکدا ئامانجی پەرستشەکانەو لەسەرو هەموشیانەوە نوێژکردن هەستکردنە بەئەوی تری نەبینراو کە خوایەو، هاوبەشیکردنی ماڵ و سامانیش هەستکردنە بەئەوی بینراو کە ماڵ و سامانی نییە « اصلاتك تامرك ان تترك ما يعبد أباؤنا أو أن نفصل في أموالنا ما تشاء» (87:11).

لەبەرئەوە مەحاڵکراوە دەوڵەمەند لە ماڵ و سامانی هەژاران بخاتە سەر ماڵەکەی خۆی، یان ئەوەی ماڵ و سامانی هەیە مافی ئەوە بەرێت کە نیەتی «ولا تأكلوا أموالهم إلى أموالكم إنه كان صوبا كبيرا» (2:4) هەتا سەرمایە کەڵەکە نەبێت و دارایی لەبەردەستی خەڵکدا هەبێت و، جوڵاوبێت لەناو کۆمەڵدا. زیادکردنی ماڵ و سامانی کەسێکی تریش بۆ سەر ماڵی تاك خراپە و تاوانە و زوڵم و ستەمە « لاأكلوا

فریقا مـن امـوال النـاس بالاثـم وانتـم تعلمـون «(189:2)، یـان « یـا أیهـا الذیـن أمنـوا لا تأکلـوا اموالکـم بینکـم بالباطــل». (29:4)

باوەڕیـش یەکسـانە بـە بەکارهێنانـی دارایـی بەپێـی یاسـاو، جوڵـەی دارایـی لەنێـوان خەڵکـدا بـۆ دەستبەسـەراگرتن گوزارشـتە لـە بـاوەڕ.

هیـچ جیاوازیەکیـش نییـە لەنێـوان دەسـتگرتن بەسـەر مـاڵ و سـامانی خەڵـك و لەنێـوان پیاوانـی ئایینـی و پیاوانـی دونیادا، لەنێوان دەسـەڵاتی ئایینی و دەسـەڵاتی سیاسـیدا، هەردوکیـان ڕەنگـە جوڵـەی دارایی بوەسـتێنن» إن کثیـر مـن الاحبـار والرهبـان لیأکلـون أمـوال النـا بالباطــل» (34:9) ئەمــەش بــە شــێوەیەکی مێژوویــی شرۆڤــەی تێوەگلانــی هــەردوو دەســەڵاتی ئایینــی و سیاسـی دەکات سـەبارەت بـە خواردنـی مـاڵ و دارایـی خەڵـك ئەمـەش دەبێتـە هـۆی شـۆڕشـی کۆمەڵایەتـی کـە جوڵـە دەگێڕێتـەوە بـۆ دارایـی.

ئـەوی تریـش ئـەو هەژارەیـە کـە بەخێوکەرێکـی نییـە و هەتیـوە، هەتیویـش ئەوەیـە کـە بەخێوکەرەکـەی لەدەسـتداوەو هیـچ پاڵپشـتێکی نەمـاوە جگـە لەکۆمەڵگـە. ئـەم هەتیـوە مافـی هەیـە لـە ماڵەکەیـدا، ئەگـەر هەیبـوو، ناشـبێت لـە ماڵەکـەی نزیـك بیتـەوە، ماڵیـش لەکاتـی پێویسـتیدا بەکاردەهێنرێـت. پێویستیشـە خاوەندارێتـی دیـاری دەکات، نـەك خاوەندارێتـی پێویسـتی بـوون دیـاری بـکات. هیـچ خاوەندارێتیەکـی پوختیـش نییـە بەڵکـو پێویسـتیەکی بەرهەسـت هەیـە لـەو کاتـەدا دەشـێت ماڵەکـە بەکاربهێنرێـت و خـەرج بکرێـت. « ولاتقربـوا مـال الیتیـم» (152:9)، (34:17). خواردنـی ماڵـی کەسـی نەداریـش کـە هیـچ بەخێوکەرێکـی نییـە خواردنـی ئاگـرە واتـە خواردنـی ماڵـی حـەرام «إن الذیـن یأکلـون أمـوال الیتامـی ظلـما إنما یأکلـون فی بطونهـم نـارا» (10:4) ئـەوەش ئـەم کارە بـکات ئـەوا ماڵـی خـۆی پیـس و حـەرام دەکات: «وأتـوا الیتامـی اموالهـم ولا تبدلـوا الخبیـث بالطیـب» (2:4).

مـاڵ و داراییـش بـە کۆشـش و چالاکـی و بـە کارکـردن وەبەردەهێنرێـت، داراییـش فاکتـەری جوڵـە و چالاکیـەو، ئامرازێکـە بـۆ مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی لەڕێگەیـەوە هێزەکانـی خـۆی دەربخـات، هەروەهـا لەڕێگەیـەوە توانسـتەکانی بـەدی بهێنێـت. بـەڵام دارایـی دارایـی پەیـدا نـاکات. بۆیـە سـوو حەرامکـراوە چونکـە خواردنـی ماڵـی خەڵکـە بـە نـارەواو، زیادکردنـی داراییـە بـێ هیـچ کارکـردن و کۆششـێك.

3- (وأخذهـم الربـا وقـد نهـوا عنـه واکلهـم امـوال النـاس بالباطـل» (161:4) زیادکردنـی داراییـش لـەڕووی بـڕەوە مانـای گەشـەکردنی مـرۆڤ ناگەیەنێـت لـەڕووی چۆنیەتیـەوە، ئـەوەش لەبەرئـەوەی چالاکیـە چۆنیەتـی دەگـۆڕێـت «وما اتیتـم مـن ربـا لیربـوا فـی امـوال النـاس فـلا یربـوا عنـد اللـه» (39:30) سـوویش سـوودگیرییە بـە شـێوەیەکی خـراپ لـە پێداویسـتەکانی ئەوانـی تـر و زیادکردنـە لـە داراییـدا بـێ زیادەیەکـی بەرامبـەر لـە بەرهەمهێنانـداو، دزەپێکردنـی داراییـە لـە نـەدارەو هەژارەکانـەوە بـۆ ئەوانـەی خـاوەن مـاڵ و داراییـن. تەوبەکردنیـش لـە سـوو واتـە تـاك سـەرمایەکەی بگێڕێتـەوە بـۆ خـۆی و قازانجەکەشـی بدرێتـەوە بـەوەی قەرزەکـەی کـردوە «وإن تبتـم فلکـم ڕؤوس أموالکـم لاتظلمـون ولا تظلمـون» (279:2) کەواتـە وەبەرهێنانـی

دارایـی بەچالاکـی مـرۆڤ ئەنجـام دەدرێـت: «إن تبتغـوا بأموالکـم محصنیـن غیـر مسـامحین» (24:4)، وەبەرهێنانیـش بـە ڕاوێژکـردن و بـە راوردکـردن مامەڵـەی بـاش دەبێـت «ولا تؤتـوا اموالکـم التـی جعـل اللـه لکـم قیاما (5:4) ماڵیـش لەپێنـاو هەسـتانەوەیە واتـە بەرهەمهێنـان و زیـادە نـەك لەپێنـاو بەکاربـردن و کەمکردنـدا. ئەگەریـش سـوو کرێیـەك بێـت بـێ کارکـردن ئـەوا چالاکـی مـرۆڤ ڕەنگـە کارێـك بێـت بـێ کـرێ چونکـە ئامانجـی چالاکیەکانی بەدیهاتنـی پەیامێکـە نەك بەدیهێنانـی قازانـج. قازانجیـش بریتـی نییـە لـە پاڵنـەری چالاکـی بەڵکـو بەرگریـە لـە دۆسـێکەی و، سـەرکەوتنی بنەمایـەك «ویـا قـوم لا أسـألکم علیـه مـالا إن أجـری إلا علـی اللـه» (29:11). ئەگەریـش مـرۆڤ کاریکـرد لەپێنـاو دۆسـێیەکدا، بـۆ بەدیهاتنـی ئامانجێـك و، بەجێگەیاندنـی پەیامێـك ئـەوا ئـەوە لەدەسـت نـادات کـە پێـی ژیانـی بەرپادەبێـت «وإن تؤمنـوا وتتقـوا یؤتکـم أجورکـم ولا یسـألکم أموالکـم» (36:17).

2- وەك جەختکردنەوەیەکیـش لـە بەشـداریکردن لـە داراییـداو، جێبەجێکردنـی جوڵـەی دارایـی لـە کۆمەڵگـەدا، هەرکاتێـك باسـی دارایـی کرابێـت ئـەوا بـاس لـە کۆشـش و هەوڵـدان کـراوە لەپێنـاو خـوادا واتـە لەپێنـاو بەرژەوەنـدی گشـتیداو، خزمەتکردنـی ئـەو دۆسـێیەی کـە سـەرچاوەی هەمـوو بەلاکانـە وەك فەقیهـەکان دەڵێـن. «مثـل الذیـن ینفقـون اموالهـم فـی سـبیل اللـه کمثـل حبـه انبتـت سبع سـنابل فـی کل سـنبله مائـه حبـه، واللـه یضاعـف لمـن یشـاء» (261:2). بەخشـینیش مانـای خێرکـردن ناگەیەنێـت بەڵکـو مانـای وەبەرهێنانـی دارایـی دەگەیەنێـت پەخشـکردنی و جوڵەکردنـی و کۆنەکردنـەوەو زەخیـرە نەکردنـی «ومثـل الذیـن ینفقـون اموالهـم ابتغـاو مرضاه اللـه، وتثبیتـا مـن أنفسـهم کمثـل جنـه بربـوه» (265:2) بەخشـینیش لێـرەدا هەروەهـا ئامانجـی قازانـج نییـە بەڵکـو ئامانجـی خزمەتکردنـی مەسـەلە گشـتییەکانە. ئـەم خەرجکردنـەش بەنهێنـی و ئاشـکرا دەکرێـت نـەك تەنهـا بـە ئاشـکرا لەپێنـاو ناوبانـگ و دەسـتکەوتنی بەرژەوەنـدی گەورەتـردا «الذیـن ینفقـون اموالهـم باللیل والنهـار، سرا وعلانیـه فلهـم اجرهـم عنـد ربهـم» (274:2) چەنـدە ئـەو بەخشـینانەش زۆرن کـە بـۆ ڕیـاکاری و دووڕوویـی دەکرێـن یـان لەپێنـاو گەیاندنـی زیـان و ئـازار بەکەسـانی تـرو زەلیلکردنیـان بەمنەتکـردن بەسـەریاندا «الذیـن ینفقـون أموالهـم فـی سـبیل اللـه ثـم لا یتبعـون مـا انفقـوا منا ولا أذی لهـم اجرهـم عنـد ربهـم» (2:262). لـە بەخشینیشـدا کەسـێك لەکەسـێکی تـر جیـاواز دەبێـت و فەزلـی باوەڕدارێـك لەیەکێکـی تـر جیاوازدەبێـت، فـەزل و جیاکارییـش نـەك لـە بـڕی پارەکـەدا، بەڵکـو لـە بـڕی بەخشـیندا واتـە بەشـداریکردن بـە پـارە لەپێنـاو بەرژەوەنـدی گشـتیدا. تەنها بـەم مانایـەش فەزلـی پیـاوان و ژنـان جیـاواز دەبێـت لـەوەی کـە بەخشـیویانە «بما فضل اللـه بعضهـم علـی بعـض وبما انفقـوا مـن اموالهـم»(4:34). بـەڵام بەخشـین لـەدژی بەرژەوەنـدی گشـتی و بـەدور لـە پێنـاوی خـودا ئـەوا ئەمـە لەخۆیـدا کوفـر و بێباوەڕیـە «إن الذیـن کفـروا ینفقـون أموالهـم لیصـدوا عـن سـبیل اللـه» (36:8). بێباوەڕیـش بریتـی نییـە لەبێبـاوەڕی تیـۆری بەڵکو بریتییـە لەچۆنیەتـی خەرجکردنـی مـاڵ لەوێرانکردنـی ئەسـتۆ و ویژدانەکانـدا، بەرتیلـدان بەخەڵـك و، چاندنـی بەهـای بەفیـڕۆدان و ڕابواردن کـە بـەدوورە لـە بەهاکانـی کۆشـش و، بەدیهاتنـی پەیـام.

بەخشینی ماڵ و سامانیش بریتییە لە کۆشش و تێکۆشان لەپێناو خوادا. «انظروا خفافا وثقالا، وجاهدوا بأموالكم وأنفسكم» (41:9). کۆششکردنیش بەماڵ وەسفکردنی واقیعێکە وەك «وتجاهدون فی سبیل الله بأموالکم وانفسكم» (11:61) هەروەك چۆن دانپێدانانێکە بۆ ڕەفتاری ڕابردو «إن الذین امنوا وهاجروا فی سبیل الله بأموالهم وأنفسهم» (72:8). هەروەك چۆن فەرمانە لەئێستادا. کۆششکردنیش بەماڵ و سامان کات و شوێن نازانێت. ئەوەش دەیەوێت لاسایی پێغەمبەر بکاتەوە با کۆشش بەماڵ و سامان بکات، نەك تەنها بەرپاکردنی دروشمەکان و درێژکردنەوەی ڕیش «لکن الرسول والذین معە جاهدوا بأموالهم وانفسهم» (88:9). کۆششکردنیش لە ڕێگەی قەناعەتی تەواوتیەوە دەبێت نەك دوودڵ بیت لێی، کاری مێژوویش کارێکی درێژەو، وەبەرهێنانی مێژوویش لە ساتەوەختێکدا بەرهەم نادات «ثم لم یرتابوا وجاهدوا بأموالهم وأنفسهم فی سبیل الله» (15:45). هەروەك چۆن باوەڕبوون بە مەسەلەکە بڕوایەکی دڵنیاییانەو بێ هیچ دوو دڵییەکە هەتا کۆشش بە ماڵ و سامان دەکرێت بەشێوەیەکی یەقینی و بێ هیچ دوودڵییەك. جیهادکردنیش بە ماڵ و سامان بەپێی تواناو وزەیە، کەمێك لە سامان مەزن دەبێت بە دووبارەکردنەوەو بەخشینی لەلایەن کەسانی ترەوە «لا یستئژنك الذین یؤمنون بالله والیوم الاخر أن یجاهدوا بأموالهم وانفسهم» (44:9). هەروەك چۆن خەڵك بەبەخشین فەزلی جیاوازیان دەبێت ئەوا بەکۆششکردن بە ماڵ و سامانیش فەزلیان جیاواز دەبێت «لایستوی القاعدون من المؤمنین غیر أدلی الضرر والمجاهدون فی سبیل الله بأموالهم وأنفسهم» (95:4) جیاوازیش فەزلیش لە چینە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە یان لە پۆستە کارگێڕیەکاندا یان لەپلە کۆمەڵایەتییەکاندا بەڵکو لەکۆششکردندایە بەماڵ و سامانی تاك لەپێناو مەسەلەیەکی گشتیدا، ئازادکردنی وڵاتێکی داگیرکراو و، گەشەپێدانی وڵاتێکی دواکەوتوو «فضل الله المجاهدین بأموالهم وأنفسهم علی القاعدین درجە» (95:4) ڕەنگیشە ڕادەی جیهادکردن بە ماڵ بگاتە ڕادەی هەموو ماڵەکە لەڕێگەی وازلێهێنانی هەموویەوە لەپێناو خوادا وەك بەدیهاتنێکی پەیامی خواو، بەرگریکردن لە مەسەلەکە، مرۆڤیش پەیوەست نابێت تەنها بەئامانجێکەوە نەبێت «الذین اخرجوا من دیارهم واموالهم یبتغون فضلا من الله» (8:59). لێرەدا لەدەستدانی دارایی زیانێك نابێت بەڵکو دەبێتە بوونێك بۆ خودو، سەرکەوتنی بنەمایەك و، بەرگریکردن لە هەق و ڕاستی و ڕاگەیاندن لەبارەی سەربەخۆیی مرۆڤەوە» إن الله اشتری من المؤمنین أنفسهم وأموالهم بان لهم الجنە» (111:9).

3- دوای جەختکردنەوە لەسەر هاوبەشی دارایی و، پێویستی بەخشین لەپێناو خوادا، حەقیقەتی سێهەم دێت ئەویش بریتییە لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەستی مرۆیی لەبارەی سامانەوە. ئەوەی کە ماڵ و سامانی خۆشدەوێت تۆمەتبارە چونکە هەستی خۆی پەیوەست دەکات بەشتێکەوە غەیری مەسەلەکەیە « وتحبون المال حبا جما» (20:89) ئەگەریش ماڵ و سامانی خۆشویست زیاتر لە پابەندبوونی بە بنەماکەوەو بەرگریکردنی لە مەسەلەکە ئەوا بونیادنی

کۆمەڵایەتی دادەڕمێت و جوڵەی مێژوو دەوەستێت «قل أن كان ... وأموال أفترفتموها، وتجارة تخشون كسادها... فتربصوا حتى يأتي الله بأمره». (24:9). هەست و شعوری ڕاست و دروستیش ئەوەیە کە ماڵ دەبەخشێت و کۆششی پێدەکات و خۆشویستنی بۆ ماڵ و سامان ناخاتە پێش ئەو پابەندبوونەیەوە «واتى المال على حبه ذوى القربى واليتامى والمساكين» (177:2)، ئەوەش هەستێکە کە ملکەچ نابێت بۆ ماڵ و دارایی و ناچێتە ژێربارییەوە.

4- ماڵ و سامان یاخود دارایی بەهایەك نییە لەخۆیدا بەڵکو بەهاکەی لەو کۆششکردنەدایە کەوا کراوە لە وەبەرهێنانیدا « الذي جمع ماله وعدده، يحسب ان ماله أخلده» (104:2-3) واتە لەسەربەخۆیی هەست لە دارایی. هەروەك چۆن ماڵ و سامان ئەلتەرناتیڤێك نییە لە وێناکردنی ڕاست بۆ ژیان، «أفرأيت الذي كفر بأياتنا وقال لاءتين مالا وولدا» (77:19). بڕیش ئەلتەرناتیڤی چۆن نییە، بابەتیش ئەلتەرناتیڤی خود نییە، مادەش ئەلتەرناتیڤی هەست نیە. ماڵ و سامان پارێزراو نییە لە داڕمان، بونیادنانیش تەنها بە چۆنێتی دەکرێت « ذرني ومن خلقت وحيدا، وجعلت له ملا ممدودا... سأرهقه صعودا» (74 :12-17). ماڵ ئەلتەرناتیڤێك نییە لەبارەی هەست و ئاڕاستەیەوە، کۆکردنەوەی داراییش وەك پێویست مانای زیادکردنی ئاگایی یان بەهای کار یان پەرەسەندنی کۆمەڵگە ناگەیەنێت. کەموکوڕی داراییش کەموکوڕیەك نییە لە بەهادا بەهۆی سەربەخۆبوونی هەستەوە لە دارایی « نحن احق من بالمال»، «ولم يؤت سعه من المال» (247:2) بەڵکو ماڵ جوڵەیەکی بەردەوامە، زیادو کەم دەکات، لەسەر ڕەوشێکی دیاریکراو جێگیر نابێت، بەڵکو شتێکی لاوەکیەو بەهای مرۆڤ لەسەر ئەوە ناوەستێت. کەواتە کەمی ماڵ و سامان ڕەنگە مانای مەزنی بەهای هەست و سەربەخۆیی مرۆڤ بگەیەنێت «إن ترنی أنا اقل منك مالا و ولدا فعسى ربي ان يؤتيني خيرا من جنتك» (31:18). بەڵکو کەمی ماڵ و سامان ڕەنگە ئامرازێك بێت بۆ گەشانەوەی هەست و، ڕێگەیەك بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و بەرزی هیمەتی، «ولنبلونكم بشيء من الخوف والجوع ونقص من الاموال» (155:2) کەمی ماڵیش پاڵنەرێکە بۆ جوڵەی کۆمەڵ و ئاماژەکردنە بە پەنجە بۆ ئەوانەی کە ماڵی زیادەیان هەیە «لتبلون في اموالكم وانفسكم» (186:3). ئەوەش بەشێکە لە ئەزمونی کۆمەڵایەتی. پاشانیش هەژاری هەمیشەیی مەحاڵ دەبێت هەروەك چۆن دەوڵەمەندی هەمیشەییش مەحاڵ دەبێت.

هەروەك چۆن کەمی دارایی ئەلتەرناتیڤێك نییە بۆ سەربەخۆیی هەست، ئەوا زۆری دارایی وەك پێویست مانای سەربەخۆیی هەست و بەهای کارەکەی ناگەیەنێت، «فقال لصاحبه وهو يحاوره أنا اكثر منك مالا واعز نفرا» (34:18). ماڵ و سامان تەنها جوانی ژیانی دونیان واتە شتێکی لاوەکیە لەبەرامبەر هەست (شعور)دا کە شتێکی جێگیرو جەوهەرییە» المال والبنون زينة الحياة الدنيا» (46:18) ماڵ و منال و شتێکی ڕوکەش و دەرکی ژیانە. «اعلموا إنما الحياة الدنيا لعب ولهو وزينة وتفاخر بينكم وتكاثر في الاموال والاولاد » (20:57) هەروەك چۆن کەمی ماڵ و دارایی چالاککردنی

هەستە ئەوا زیادبوونی ماڵ و سامانیش لەدەستدانی هەستە» وامددناکم بأموال وبنین، وجعلناکم اکثر نفیرا (6:17) وە دەبێتە چەند بەبێ چۆن» ویعدکم بأموال وبنین وجعل لکم جنات» (12:71) زۆری دارایيش واتە کۆتایی و فەنابوون وەك چۆن ئێستا لە کۆمەڵگە دەوڵەمەندو خۆشگوزەرانەکاندا ڕوودەدات «أیحبون إنما نعدهم من مال وبنین، نسارع لهم فی الخیرات» (55:23). بە گوزارشتی قورئانیش، ڕەنگە زۆری ماڵ و سامان سەرچاوەی فیتنەو ئاشوب بێت هەروەك چۆن کەمی ماڵ و سامان سزاو نارەحەتیە ئەگەر هاتوو خاوەنەکەی بە ئەلتەرناتیڤێکی دانا لەبری کارو، بەهایەك لەخۆیدا؟ «ظل بعد ذلك زمیم أن کان ذا مال وبنین» (14:68). چەندێکیش ماڵ و سامان زیادیان کرد ئەوا زیانیش زیاد دەکات بەزیادبوونی گومڕایی و، کوێری زەینی» ربی إنهم عصونی واتبعوا من لم یزده ماله وولده إلا خسارا» (21:71). فرعونیش ماڵ و سامانێکی زۆری هەبوو بەڵام ئەم زۆرییە نەبووە مایەی زۆرکردنی عەقڵ و فەزیلەت بۆی «إنك أتیت فرعون وملله زینه واموالا فی الحیاه الدنیا» (88:10). زۆری ماڵ و دارایی و زۆری وەچەو منداڵ هیچ نییە جگە لە ڕوکەش و خۆشی لەدنیادا ناکرێت حوکمی لەسەر بدەیت وەك جەوهەرێك «فلا تعجبك اموالهم ولا اولادهم» (55:9). زۆری ماڵیش ڕەنگە ببێتە مایەی ڕەقی دڵ و مرۆڤ دوربخاتەوە لە ڕێگەی هۆشیاری و فەزیلەت «ربنا اطمس علی أموالهم وأشدد علی قلوبهم» (88:10).

ماڵ و سامانیش ڕێگایەك نییە بۆ ڕزگاربوون و، ئەلتەرناتیڤێك نییە لەبری کاری چاکە، بڕ یان چەند جێگەی چۆن ناگرێتەوە، بابەتیش ئەلتەرناتیڤ نییە بۆ خود، مادە نابێتە ئەلتەرناتیڤێك بۆ مانا، شتیش ئەلتەرناتیڤی چالاکی نیە «یوم لا ینفع مال ولا بنون إلا من أتی الله بقلب سلیم» (88:26) ماڵ و سامان ئەلتەرناتیڤی ئاگایی نین: أفرأیت الذي کفر بأیاتنا وقال لاوتین مالا وولدا» (77:19) ماڵ و دارایيش ئەلتەرناتیڤ نییە بۆ دیدێکی ڕاستگۆیانەو دەرککردنێکی دروست و، پەیگیرییەکی بەڵگەنەویست «إن الذین کفروا لن تغنی عنهم اموالهم ولا اولادهم من الله شیئا» (10:3،116). بەکاربردنی دارایيش وا لەمرۆڤ ناکات کە ووزەی خۆی لەکاری چاکەدا خەرج بکات «یقول اهلکت مالا لبدا» (6:90). ماڵ و دارایش ناتوانێت خاوەنەکەی بپارێزێت لە کەوتن و بەرەو خراپ چوون «وما یغنی عنه ماله إذا تردی» (11:92) ماڵ و دارایيش وەك دەسەڵات ڕێگیر نابن لەئەنجامدانی کاری چاکە «ما اغنی عنی مالیه، هلك من سلطانیه» (69 :28-29) مێژوویش شایەتی داڕمانی ئەو گەلانەیە کە تەنها پشتیان بە هێزی دارایی بەستووە «کانوا أشد منهم قوه واکثر اموالا وأولادا» (69:9). زۆری ماڵ یان وەچە و منداڵ ڕێگر نابن لەبەردەم داڕمان و کەوتندا، یاساکانی مێژو و جوڵەی کۆمەڵگەکان جێگرین «وقالوا نحن اکثر اموالا واولادا وما نحن بمعذبین» (35:34). بەڵکو خاوەن سەرمایە ناتوانێت بەهۆی داراییەکەیەوە نزیك بێتەوە یان بەوەی کۆیکردۆتەوە بەرزبێتەوە، چونکە

سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی لەرووی دەوڵەمەندبوونەوە هاوبەرامبەری سەرکەوتنی مەعنەوی نابێت لەرووی بەهاوە» وما اموالکم ولا اولادکم بالتی تقربکم عندنا زولفی «(37:34) بۆیە قورئان هەمیشە وریایی دەدات لە ملکەچبوونی هەست و شعور بۆ مادە، هەروەها ئاگاداری دەکاتەوە لە مەترسی دابەزینی بۆ ئەو ئاستەی کە ماڵ و سامان ئیستیغلالی بکەن «شغلتنا اموالنا واهلونا فأستغفر لنا» (11:48) یان وەرگرتنی دارایی وەك بەرتیل لەبری پاکی و پوختی ویژدان و پابەندبوون بە بنەماوە « اتمدوننا بمال» (36:27). ئەم وریایی پێدانەش بەشێوازی فەرمان دێت «یا أیها الذین امنوا لا تلهکم اموالکم ولا اولادکم عن ذکر اللە» (9:63).

ئەم سێ مانایەیە کە چەمکی (دارایی- ماڵ و سامان) بەدەوریدا دەسوڕێتەوە لەقورئاندا دارایی مافی خوایەو و، مافی ئەویترو، مافی سەربەخۆیی هەستی تاکە کەسیە لێی.

لەکۆتاییدا، دەتوانین بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە بگەین:

1- ڕێگای ناسەرمایەداری بۆ گەشەپێدان لەولاتە تازە گەشەسەندووەکاندا ئەو ڕێگایەیە کە لە کولتووری دێرینەیەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها لە ویژدانی نەتەوەییەوە، لە بەهاکانی و لەداب و نەریتەکانیەوە، کە زۆرجار بریتی دەبێت لە کولتووره ئایینییەکەی، پاشانیش پێویست بەسەر لە نوێ شرۆڤەکردنی دەکاتەوە بەشێوەیەك کە یارمەتی مەسەلەی گەشەپێدان بکات و، خزمەتی بەرژەوەندییەکانی زۆرینە بکات.

2-ماڵ و دارایی هی خوایە و موڵکی هیچ کەسێك نییە، بەڵام مرۆڤ مافی هەڵسوکەوتکردنی هەیە پێیەوە هەروەها مافی کەڵك وەرگرتن و مافی وەبەرهێنان، ئەگەریش مرۆڤێك ئیستیغلالی مرۆڤێکی تری کرد یان قۆرخکاری کرد یان ماڵ و سامانی گلدایەوەو بەندی کرد ئەوا مافی دەسەڵاتی شەرعیە سپێردراوەکە دەستبەسەر بکات. بۆیە مافی دەسەڵاتی یاسادانانیە دڵنیایی و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی دەستبەسەراگرتن بکات. موڵکایەتی ماڵ و سامانیش نزیکترە لە کۆمەڵیەوە لەوەی لە فەردییەوە نزیك بێت.

3- ماڵ و دارایی جوڵەیەکی کۆمەڵایەتییە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، نابێت بەند بکرێت یان قۆرخ بکرێت یان هەڵبگیرێت بەڵکو ماڵێکی جوڵاو کارپێکراوە بۆ وەبەرهێنان لە بەرژەوەندی گشتیدا. مافی دەسەڵاتی یاسادانانیشە دەستوەردان بکات بۆ ڕێگیریکردن لە پەسیسەکردنی دارایی یان زەخیرەکردنی بێ وەبەرهێنان.

4-ماڵ و دارایی ئامرازێکە بۆ دەرخستنی چالاکی و بۆ کۆششکردن، نەك بەهایەك لەخۆیدا، بەڵکو بەهاکە لەکاردایە، دارایی نابێتە هۆی پەیداکردنی دارایی بەڵکو دارایی بەکۆشش گەشەدەکات. مافی دەسەڵاتیشە هەموو سەرمایە مشەخۆریەکان لەناوبەرێت کە دروست دەبن لە قوتارکردن و عمولەکان و دەلالیەکان وئالوگۆڕەکانەوە.

5-دارایی بۆ بەکاربردن نییە بەڵکو بۆ بەرهەمهێنانە، بەکاربردنیش بەهایەکی ڕابواردنە لەکۆمەڵگەی خۆشگوزەراندا نەك بەهایەکی بەرهەمهێنانی لەکۆمەڵگەیەکی خۆگوژەری خاوەن پەیامدا.

6-ماڵ و سامان پاڵنەری کار نییە لەشێوەی قازانجدا، هەروەها بەهایەك نییە لەخۆیدا لەبری چالاکی بێت و، نابێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ کاری چاکە کۆمەڵگەی مادییش کە لەسەر دارایی دەوەستێت وەك بەهایەکە لەدواجاردا تووشی داڕمان دەبێت.

7-ماڵ بۆ کۆشش و بەخشین و بەرگریە لە مەسەلە گشتییەکان، جوڵەش لە هەستەوە بۆ دارایی بەبەخشین نەك لە ماڵەوە بۆ هەست بە کۆکردنەوەو پەیداکردن، بەڵکو کار بۆ خزمەتکردنی مەسەلەی گشتی کارێکی بێ کرێیە، کاری نیشتمانیش لەپێناو پارە پەیداکردندا نیە.

ئەمانە هێڵگەلێکی گشتین بۆ وێناکردنی «ماڵ و سامان» لە قورئاندا کە ئەمە دورە لە وێناکردنی سەرمایەداری کە لەسەر موڵکایەتی تاکە کەسی و، چالاکی ئابووری ئازادو، قازانج و، پارەپەیداکردنی ناڕەواو، کۆمەڵگەی بەکاربەرو، ژیانی خۆشگوزەران.

**سەرچاوە:**

کتێبی (اليمين واليسار في الفكر الديني، د. حسن حنفي).